رووداو
RÛDAW
ژمارە (573) دووشەممە 2019/10/7 - 15ی ڕەزبەر 2719 (750) دینار

# لە بەریتانیا خەڵاتی دۆزینەوەی بکوژانی کوردێک 10 هەزار پاوندە

**رووداو – هەولێر**

گروپێکی دژەتاوانی بەریتانی 10 هەزار پاوند دەکەنە خەڵاتی هەر کەسێک کە زانیارییان لەبارەی سێ گومانلێکراوی کوشتنی هەمەوەند عەلی پێبدات کە ناوەڕاستی مانگی رابردوو لە هارتڵپووڵ کوژرا. لێکۆڵینەوەکان لە دۆسییەکە بەردەوامن، بەڵام پۆلیس دەڵێت زانیارییەکان دەبێ دەستگیرکردنی گومانلێکراوانی لێبکەوێتەوە.



هەمەوەند، تەمەن 30 ساڵ، نیشانشکێنی پێشمەرگە بوو لە شەڕی داعش، لە 15ی ئەیلوول بە کوژراوی لە ئاپارتمانێک لە هارتڵپووڵ دۆزرایەوە. کوژراوەکە لە ساڵی 2005ەوە رووی لە بەریتانیا کردبوو و لەوێ لەگەڵ ئافرەتێکی بەریتانی ژیانی هاوژینی پێکهێنابوو، دوو کوڕیشی بە ناوەکانی ئادەم و جەلال هەیە.

بەپێی ڤیدیۆی کامیراکانی شەقام سێ پیاو، کە دەگوترێ ئەڵبانین، گومان دەکرێ دەستیان لە تاوانەکەدا هەبووبێ. لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەکان لە دۆسییەکە بەردەوامن، گروپی (کرایم ستۆپەر) لە بەیاننامەیەکدا دەڵێ "ئێمە خەڵاتێکی 10 هەزار پاوندی پێشکەش بە هەر کەسێک دەکەین کە بە زانیارییەوە پەیوەندیمان پێوە بکات"، بە مەرجێک زانیارییەکان دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکانی لێبکەوێتەوە. بەپێی راپۆرتێکی (BBC) ئەو سێ پیاوەی تۆمەتبارن بە کوشتنی هەمەوەند، ناویان دۆریان پیریژیا، نۆزە سەفەری و ئانخێلۆ زەفەرییە.



هیڤیدار ئەحمەد:
**عێراق چاک دەبێتەوە؟**
19

چاودێریی دارایی
**داوای لێکۆڵینەوە لە سەرپێچییەکانی زانکۆیەکی سلێمانی دەکات**
7

پارێزگاری نەینەوا بۆ (رووداو):
**هەردوو قایمقامەکەی شنگال لادەدرێن**
4

## وەزیری دارایی عێراق بۆ (رووداو):

# خۆپیشاندان کاریگەری لەسەر گفتوگۆی هەولێر و بەغدا نابێ

**رووداو– هەولێر**

وەزیری دارایی عێراق دەڵێت خۆپیشاندانەکانی عێراق کاریگەرییان لەسەر گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا نابێت، بەڵام رەنگە گفتوگۆکان دوابخەن، ئەویش بەهۆی سەرقاڵبوونی بەرپرسانی عێراق بە جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپیشاندەران.

لە ناوەڕاستی هەفتەی رابردووەوە خۆپیشاندان و نارەزایی جەماوەری زۆربەی پارێزگا شیعەنشینەکانی عێراقی گرتووەتەوە. داواکاری سەرەکیی خۆپیشاندەران چاکسازی و دامەزراندن و نەهێشتنی گەندەڵییە. بەڵام هێزە عێراقییەکان رووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەتەوە و بەپێی دوایین ئاماری کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، زیاتر لە 100 خۆپیشاندەر کوژراون و نزیکەی شەش هەزار کەسیش بریندار بوون.

د.فوئاد حوسێن، وەزیری دارایی عێراق رەتیکردەوە خۆپیشاندانەکان کاریگەرییان لەسەر گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا هەبێ. د.فوئاد حوسێن بە (رووداو)ی گوت: "خۆپیشاندان کاریگەری لەسەر گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا نابێ، بەڵام رەنگە ئەو ماوەیە تۆزێک رابوەستێ، لەبەر ئەوەی بەرپرسانی عێراق سەرقاڵن بە جێبەجێکردنی داواکاری خۆپیشاندەرانی عێراق، بەڵام گفتوگۆکان پرۆسەیەکە و هەوڵدەدەین ئەو خۆپیشاندانانە هیچ کاریگەری لەسەری نەبێ".

وەزیری دارایی ئاماژەی بەوەدا کە حکومەت بریاری داوە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکات "دەستمان کردووە بە جێبەجێکردنی داواکاری خۆپیشاندەران، زۆربەیان پەیوەندییان بە مەسەلەی داراییەوە هەیە، بۆیە هەوڵی زیاتر دەدەین بۆ جێبەجێکردنی داواکاری خۆپیشاندەران".

هەرچەندە بڕیار بوو بەمنزیکانە گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان ء عێراق لەسەر نەوت ء بودجە بۆ ئامادەکارییەکانی پرۆژە یاسای بودجەی 2020 دەستپێبکات، بەڵام ئەو خۆپیشاندانە گفتوگۆکانیان دواخست.

د.ئەحمەد سەفار، بڕیاردەری لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت: "خۆپیشاندنەکانی عێراق کاریگەریی نەرێنییان دەبێت لەسەر گفتوگۆکانی نەوت ء بودجە".



ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق شەوی 2019/10/5 لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا و بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران، بڕیاری دا بەپەلە 17 هەزار زەوی نیشتەجێبوون لە بەسرە دابەش بکات و 100 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستبکات، بۆ ماوەی سێ مانگیش مووچەیەکی 175 هەزار دیناری بداتە 150 هەزار بێکار.

د.ئەحمەد سەفار، گومانی نییە لەوەی ئەو خۆپیشاندانانە "دەستی دەرەکی" لە پشتەوەیە، بەڵام پێیوایە داواکاری خۆپیشاندەران رەوایە و دەڵێت: "بەپێی هەندێ ئامار کە دەست لیژنەکەمان کەوتووە، 40%ی خەڵکی عێراق بێکارن ء 35% یشیان داهاتی رۆژانەیان کەمترە لە 5 دۆلار، بەوانەش دەگوترێ خوار هێڵی هەژاری".

3»

## بە پلاندانەری هێرشەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر تاوانبار کرا

# ئیسماعیل سووسەیی بۆ جاری دووەم حوکم درا

**رووداو – هەولێر**

لە ماوەی دوو هەفتەدا دادگای تاوانی دووی هەولێر لە دوو دۆسیە، دوو جار مەلا ئیسماعیل سووسەیی سزا دا. جارێک لەسەر بەیعەتدان بە داعش و جارێکیش لەسەر هاندان و پلاندارشتن بۆ هێرشکردنە سەر بینای پارێزگای هەولێر. بەڵام پارێزەری دۆسیەکە دەڵێت: "مەلا ئیسماعیل لەژێر ئەشکەنجەدا ئیعترافی کردووە".

رۆژی 2019/9/30 لە دادگای تاوانی دووی هەولێر دانیشتنێکی دیکەی دادگایی مەلا ئیسماعیل سووسەیی لەسەر دۆسیەی هێرشکردنە سەر بینای پارێزگای هەولێر لە رۆژی 2018/7/23 بەڕێوەچوو.

هەرێم رەفعەت عەبدوڵڵا، پارێزەری دۆسیەی ئیسماعیل سووسەیی لەبارەی دانیشتنەکە بە (رووداو)ی راگەیاند: "بەبێ بوونی هیچ بەڵگە و شایەتحاڵێک، دادوەر بەپێی ماددە 197 لە یاسای سزادانی عێراقی مەلا ئیسماعیل سووسەیی بە شەش ساڵ بەندکردن سزا دا، لەکاتێکدا 21 رۆژ پێش هێرشەکە مامۆستا ئیسماعیل دەستگیرکرابوو".

پێشتر ئاسایش دانپێدانانی دوو کەسی بە ناوەکانی محەممەد جەبار و محەممەد شێرزاد بڵاوکردەوە کە مەلا ئیسماعیل سووسەییان بە پلانداڕێژەری هێرشەکەی سەر پارێزگای هەولێر تۆمەتبار کرد. بەڵام هەرێم رەفعەت دەڵێت: "هەردوو گەنجەکە لەپێش دادوەر نکۆڵییان لە قسەکانیان کرد و گوتیان لەژێر گوشار و هەڕەشە ئەو قسانەیان پێ کراوە مامۆستا ئیسماعیل خۆیشی دەڵێ دانپێدانانەکە لەژێر هەڕەشە و گوشاردا بووە".

بەڵام تارق نووری، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر، قسەکانی پارێزەرەکەی مەلا ئیسماعیلی رەتکردەوە و بە (رووداو)ی راگەیاند: "قسەکانی مەلا ئیسماعیل و ئەو دوو مێردمنداڵەش راست نین کە دەڵێن لەنێو زیندان ئەشکەنجە دراوین، ئەوان بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و بەڵگەی تەواویان لەسەر بووە، بۆیە دادگا لە دوو دۆسیەی بەیعەتدان بە داعش و هێرشەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر سزای بەندکردنی بەسەردا سەپاندووە".



رۆژی 2019/9/15 مەلا ئیسماعیل برایە بەردەم دادوەر و سێ تۆمەتی رووبەڕوو کرایەوە کە یەکێکیان تایبەت بوو بە هەڵگرتن و دروستکردن و بەکارهێنانی تەقەمەنی، لەوەیاندا بێ تاوان دەرچوو. دووەمیان بەیعەتدان بوو بە داعش، لەوەیاندا تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ بووەوە و بە شەش ساڵ بەندکردن سزا درا.

تۆمەتی سێیەمیش کە پەیوەندی بە پەلامارەکەی سەر بینای پارێزگای هەولێرەوە هەبوو، دانیشتنەکە بۆ رۆژی 2019/9/30 دواخرا. دواتر لەسەر ئەو دۆسیەش بە 6 ساڵ بەندکردن سزا درا.

2»

# وەزارەتی پەروەردە گرێبەستێکی گەورەی وەزیری پێشوو رادەگرێت

**رووداو – هەولێر**

وەزارەتی پەروەردە گرێبەستێکی گەورەی چاپکردنی کتێب کە لەلایەن وەزیری پێشووی پەروەردە لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی کراوە، رادەگرێ.

ئیسماعیل جەمیل، راوێژکاری یاسایی و بەڕێوەبەری کەلوپەل لە وەزارەتی پەروەردە کە سەرپەرشتی گرێبەستەکانی چاپەمەنیی وەزارەتەکە دەکات، بە (رووداو)ی راگەیاند: "ساڵی 2017 نوێنەری چاپخانەکانی ناوخۆمان بانگهێشت کرد و وردەکاریی بەچاپگەیاندنی 35 ملیۆن کتێبی ساڵانەی قوتابیانمان پێدان، بەڵام کەسیان توانایان نەبوو مەکینە و ئامێری پێشکەوتوو لە دەرەوەی وڵات بهێنن، چونکە ئەو کواڵیتی و داوایەی ئێمە نزیکەی 25 ملیۆن دۆلاری پێویست بوو، بۆیە لە کۆتاییەکانی تەمەنی کابینەی هەشتەم گرێبەستەکە لەگەڵ کۆمپانیای (جیم ئۆفسێت)ی تورکی واژۆ کرا".

ئیسماعیل جەمیل وردەکاری گرێبەستەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "گرێبەستەکەمان لەگەڵ کۆمپانیای جیم ئۆفسێت بەو شێوەیە بوو کە حکومەت تەنیا زەوییەکی بۆ دابین بکات، ئەویش باڵەخانەیەکی مۆدێرن لەسەر ئەرکی خۆی دروست بکات و مەکینەی ئەڵمانی بۆ چاپخانەکە بێنێتە کوردستان، بەپێی گرێبەستەکە دەبێت کۆمپانیاکە تاوەکو 15 ساڵی دیکە ساڵانە 35 ملیۆن کتێبی قوتابیان چاپ بکات، هەروەها دەبێ 50%ی کارمەندانی چاپخانەکە فەرمانبەرانی چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە بن، مووچەشیان لەسەر کۆمپانیاکە دەبێت، دوای 15 ساڵەکەش باڵەخانەکە و ئامێرەکان دەبن بە موڵکی حکومەتی هەرێمی کوردستان".

ئیسماعیل جەمیل دەڵێت گرێبەستی کۆمپانیا تورکییەکە هیچ کێشەیەکی نەبووە، وەزیر لەژێر گوشاردا رایگرتووە: "هەرچەندە وەزارەت لە واژۆکردنی گرێبەستەکە هیچ رێکارێکی نادروستی نەگرتووەتەبەر، بەڵام بەهۆی ئەو گوشارە زۆرەی لەسەریەتی کە دەگوترێت چاپخانەکانی هەولێر و سلێمانی فرۆشراون و گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای بیانی کراوە، ئالان حەمەسەعید، وەزیری نوێی پەروەردە گرێبەستەکەی لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکە راگرتووە".

کێشەی چاپکردنی کتێب و گرێبەستەکان ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، بۆیە سەرپەرشتیاری گرێبەستەکانی چاپەمەنی لە وەزارەتی پەروەردە دەڵێت: "بۆ بنەبڕکردنی ئەو کێشەیە دەبێت وەزارەتی پەروەردە ببێتە خاوەنی چاپخانەیەکی مۆدێرنی خۆی، هەروەها حکومەت کارمەندی بۆ دابمەزرێنێ و ببین بە خاوەنی چاپخانەیەکی خۆماڵی".

2»

ژنان 12

**مامۆستایەکی ئافرەت قوتابخانەیەک دروست دەکات**



کۆمەڵایەتی 13

**بازرگانیی سێکس لە رۆژهەڵاتی کوردستان پەرەدەستێنێ**

ئابووری 8

**ساڵی رابردوو بایی 3.5 ملیار دۆلار مۆبایل هێنراوەتە عێراق**



هونەر 10

دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا:
**لەسەر تەنزەکانم مۆرەی زۆریان لێکردووم**



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (573) - دووشەممە 2019/10/7



## لە ڕانیە ژنێکی تەمەن 50 ساڵ منداڵی دەبێت

**ڕووداو- ڕانیە**

دوای 11 ساڵ چاوەڕوانی، لە ڕانیە ژنێکی تەمەن 50 ساڵ منداڵی دەبێت، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی ڕانیەش دەڵێت تەندروستی هەردوولایان زۆر باشە. تەها محەممەد، گوتەبێژی تەندروستیی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەرەبەیانی ئەمڕۆ 2019/10/5 ستافی نەشتەرگەری نەخۆشخانەکانی فێرکاری (ڕانیە و ولادە) نەشتەرگەرییەکی سەرکەوتوویان بۆ ئافرەتێکی دووگیانی تەمەن 50 ساڵ کرد.ب ەگوتەی تەها محەممەد، ئافرەتەکە چەند نەخۆشییەکی هەبووە، لەوانە نەخۆشی دڵ و گوشاری خوێن، بەڵام لەپێناو ڕزگارکردنی گیانی منداڵەکە و دایکەکە، تیمی نەشتەرگەرییەکە بڕیاریاندا بە نەشتەرگەری بۆ ئەو ئافرەتە و نەشتەرگەرییەکەش سەرکەوتوو بوو.

### بە پلاندانەری هێرشەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر تاوانبار کرا

# ئیسماعیل سووسەیی بۆ جاری دووەم حوکم درا

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

لە ماوەی دوو هەفتەدا دادگای تاوانی دووی هەولێر لە دوو دۆسیە، دوو جار مەلا ئیسماعیل سووسەیی سزا دا. جارێک لەسەر بەیعەتدان بە داعش و جارێکیش لەسەر هاندان و پلاندارشتن بۆ هێرشکردنە سەر بینای پارێزگای هەولێر. بەڵام پارێزەری دۆسیەکە دەڵێت: "مەلا ئیسماعیل لەژێر ئەشکەنجەدا ئیعترافی کردووە".

ڕۆژی 2019/9/30 لە دادگای تاوانی دووی هەولێر دانیشتنێکی دیکەی دادگایی مەلا ئیسماعیل سووسەیی لەسەر دۆسیەی هێرشکردنە سەر بینای پارێزگای هەولێر لە ڕۆژی 2018/7/23 بەڕێوەچوو. هەرێم ڕەفعەت عەبدوڵڵا، پارێزەری دۆسیەی ئیسماعیل سووسەیی لەبارەی دانیشتنەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەبێ بوونی هیچ بەڵگە و شایەتحاڵێک، دادوەر بەپێی مادده 197 لە یاسای سزادانی عێراقی مەلا ئیسماعیل سووسەیی بە شەش ساڵ بەندکردن سزا دا، لەکاتێکدا 21 ڕۆژ پێش هێرشەکە مامۆستا ئیسماعیل دەستگیرکرابوو".

پێشتر ئاسایش دانپێدانانی دوو کەسی بە ناوەکانی محەممەد جەبار و محەممەد شێرزاد بڵاوکردەوە کە مەلا ئیسماعیل سووسەییان بە پلاندارێژەری هێرشەکەی سەر پارێزگای هەولێر تۆمەتبار کرد. بەڵام هەرێم ڕەفعەت دەڵێت: "هەردوو گەنجەکە لەپێش دادوەر نکۆڵییان لە قسەکانیان کرد و گوتیان لەژێر گوشار و هەڕەشە ئەو قسانەیان پێ کراوە، ئەگەرنا ئەوان مەلا ئیسماعیل ناناسن. مامۆستا ئیسماعیل خۆیشی دەڵێ دانپێدانانەکە لەژێر هەڕەشە و گوشاردا بووە".

> مەلا ئیسماعیل لەژێر هەڕەشە و ئەشکەنجەدا دانی بە تاوانەکەیدا ناوە
>
> پارێزەرەکەی

بەگوتەی ئەو پارێزەرە، دادگا ڕێگەی پێنەداوە لەنێو زیندان سەردانی مەلا ئیسماعیل بکات، بەڵام کەسوکارەکەی هەموو ڕۆژانی شەممەیەک سەردانیان کردووە و بینیویانە. هەرێم دەڵێ: "شەوی 2019/12/27 ئاسایشی هەولێر دەستگیریان کردم، لەبەرئەوەی کوڕی ئەکبەری حاجی ڕۆستەم لە سلێمانی لەلایەن یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە دەستگیرکرابوو، ماوەی 11 ڕۆژ لە زیندان مامەوە و دواتر دیل بە دیلمان پێکرا و ئازاد کرام".

هەرێم ڕەفعەت عەبدوڵڵا لە ماوەی ئەو 11 ڕۆژەی زینداندا لەگەڵ مەلا ئیسماعیل بووە و دەڵێت: "کە دەستگیرکرام لە تەنیشت مەلا ئیسماعیل دانرام، باسی بارودۆخی خۆی بۆ کردم، بۆیە بڕیارمدا ببم بە پارێزەری دۆسیەکەی. ئەو دەیگوت لەژێر هەڕەشە و ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی وتەی لێوەرگیراوە. ئەم قسەیەی لەبەردەم دادوەرەکانی دادگای تاوانی دووش گوت، بەڵام دادگا بڕیاری 6 ساڵ بەندکردنی بۆ دەرکرد".



ئەو دەڵێت: "بڕیارەکەی دادگا یاسایی نەبوو، بۆیە بە دوو لائیحەی جیاواز هەردوو بڕیارەکەی دادگای هەولێر تەمیز دەکەینەوە و پێشکەشی دادگای تەمیزی هەرێمی دەکەین".

بەڵام تارق نووری، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر، قسەکانی پارێزەرەکەی مەلا ئیسماعیلی ڕەتکردەوە و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "قسەکانی مەلا ئیسماعیل و ئەو دوو مێردمنداڵەش ڕاست نین کە دەڵێن لەنێو زیندان ئەشکەنجە دراوین، ئەوان بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و بەڵگەی تەواویان لەسەر بووە، بۆیە دادگا لە دوو دۆسیەی بەیعەتدان بە داعش و هێرشەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر سزای بەندکردنی بەسەردا سەپاندووە".

بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر گوتیشی: "هەر تۆمەتبارێک کە تاوانەکەی بەسەردا ساخدەبێتەوە، لە دادگا دەڵێ ئەشکەنجەدراوم، من خۆم ئامادە نیم لە شوێنێک بەرپرس بم کە خەڵکی تێدا ئەشکەنجە بدرێ. هەروەها لەڕووی مافی مرۆڤیشەوە ڕۆژانە ڕێکخراوە ناوخۆیی و بیانییەکانی مافی مرۆڤ سەردانی بەندییەکان دەکەن و ڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ دەکەن، ئەگەر کەسێک ئەشکەنجە درابێت ئەوان قبوڵی ناکەن، بۆیە هەموو ئەو قسانە درووزن لەڕاستی".

> کەس ئەشکەنجە نەدراوە و ئەو قسانە دوورن لەڕاستی
>
> بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر

ڕۆژی 2019/9/15 مەلا ئیسماعیل برایە بەردەم دادوەر و سێ تۆمەتی ڕووبەڕوو کرایەوە کە یەکێکیان تایبەت بوو بە هەڵگرتن و دروستکردن و بەکارهێنانی تەقەمەنی، لەوەیاندا بێ تاوان دەرچوو. دووەمیان بەیعەتدان بوو بە داعش، لەوەیاندا تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ بووەوە و بە شەش ساڵ بەندکردن سزا درا.

تۆمەتی سێیەمیش کە پەیوەندی بە پەلامارەکەی سەر بینای پارێزگای هەولێرەوە هەبوو، لەبەرئەوەی داواکاری گشتی لائیحەی ئامادە نەبوو، دانیشتنەکە بۆ ڕۆژی 2019/9/30 دواخرا. دواتر لەسەر ئەو دۆسیەش بە 6 ساڵ بەندکردن سزا درا.

بەپێی ڕاگەیەندراوێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە لە ڕۆژی 2018/8/2 بڵاویانکردەوە، هاندەر و هۆکاری پێشوەختەی پەلامارە تیرۆریستیەکەی سەر بینای پارێزگای هەولێر لە 2018/7/23 مەلا ئیسماعیل سووسەیی بووە و چەک و پارە و پێداویستی بۆ گرووپی ئەنجامدەری کردە تیرۆریستیەکەی سەر باڵەخانەی پارێزگای هەولێر دابین کردووە کە لە پێنج کەس بەناوەکانی عەبدولڕەحمان ڕەحیم قادر، بیلال سلێمان عەبدولڕەحمان، ڕەهێل محەممەد ڕۆستەم ناسراو بە عەلی، محەممەد جەبار و محەممەد شێرزاد پێکهاتبوون، سێ کەس لە هێرشبەرەکان کوژران و دوانیشیان دەستگیرکران".

هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، مەلا ئیسماعیل سووسەیی لە 2018/7/3 بە بڕیاری دادوەر و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرەوە، بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ داعش دەستگیرکراوە و دەست بەسەر چەک و جبەخانەکەیدا گیراوە. ڕاگەیێنراوەکە دەڵێت مەلا ئیسماعیل سووسەیی لە ساڵی 2014ـەوە پەیوەندی بە داعشەوە کردووە و دوو جار بەیعەتی داوە، تۆماری دەنگی بۆ سەرکردەکانی داعش ناردووە و زانیاریی هەواڵگری لەسەر هێزەکانی پێشمەرگە داوەتە داعش.

---

### گرێبەستەکە لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی کراوە

# وەزارەتی پەروەردە گرێبەستێکی گەورەی وەزیری پێشوو رادەگرێت

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

وەزارەتی پەروەردە گرێبەستێکی گەورەی چاپکردنی کتێب کە لەلایەن وەزیری پێشووی پەروەردە لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی کراوە، ڕادەگرێ. سەرۆکی کۆمەڵەی چاپخانەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت ئەوان دەتوانن سەرجەم کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردە چاپ بکەن بەبێ ئەوەی پێویست بکات بینێرن بۆ تورکیا.

وەزارەتی پەروەردە خۆی خاوەنی دوو چاپخانەیە لە هەولێر و سلێمانی کە زیاتر لە 200 فەرمانبەری هەیە، بەڵام ساڵانە کەمتر لە 10%ی پێداویستییەکانی پەروەردە لە بواری چاپدا ئامادە دەکەن.

ئیسماعیل جەمیل، ڕاوێژکاری یاسایی و بەڕێوەبەری کەلوپەل لە وەزارەتی پەروەردە کە سەرپەرشتی گرێبەستەکانی چاپەمەنیی وەزارەتەکە دەکات، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ساڵی 2017 نوێنەری چاپخانەکانی ناوخۆمان بانگهێشت کرد و وردەکاریی بەچاپگەیاندنی 35 ملیۆن کتێبی ساڵانەی قوتابیانمان پێدان، بەڵام کەسیان توانایان نەبوو مەکینە و ئامێری پێشکەوتوو لە دەرەوەی وڵات بهێنن، چونکە ئەو کواڵیتی و داوایەی ئێمە نزیکەی 25 ملیۆن دۆلاری پێویست بوو، بۆیە ئێمە لەسەر باشترین کواڵیتی و کەمترین نرخ کارمان کرد و لە کۆتاییەکانی تەمەنی کابینەی هەشتەم گرێبەستەکە لەگەڵ کۆمپانیای (جیم ئۆفسێت)ی تورکی واژۆ کرا".

ئیسماعیل جەمیل وردەکاری گرێبەستەکە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "گرێبەستەکەمان لەگەڵ کۆمپانیای جیم ئۆفسێت بەو شێوەیە بوو کە حکومەت تەنیا زەوییەکی بۆ دابین بکات، ئەویش باڵەخانەیەکی مۆدێرن لەسەر ئەرکی خۆی دروست بکات و مەکینەی ئەڵمانی بۆ چاپخانەکە بێنێتە کوردستان، بەپێی گرێبەستەکە دەبێت کۆمپانیاکە تاوەکو 15 ساڵی دیکە ساڵانە 35 ملیۆن کتێبی قوتابیان چاپ بکات، هەروەها دەبێ 50%ی کارمەندانی چاپخانەکە فەرمانبەرانی چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە بن، مووچەشیان لەسەر کۆمپانیاکە دەبێت، دوای 15 ساڵەکەش باڵەخانەکە و ئامێرەکان دەبن بە موڵکی حکومەتی هەرێمی کوردستان".

بەڵام کۆمەڵەی چاپخانەکانی کوردستان، گومان دەخەنە سەر ئەو گرێبەستە. عومەر زۆرباش، سەرۆکی کۆمەڵەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "چاپخانە نێوخۆییەکان لەتوانایاندا هەیە هەموو کتێبەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە چاپ بکەن، بەڵام گرێبەستەکان بە ڕێککەوتنی تایبەتی لیژنەکانی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان دەکرێن و ئەوان لێی سوودمەند دەبن، ئەگینا بەو ڕێککەوتنەی وەزارەت لەگەڵ چاپخانەکانی دەرەوە دەیکات، لەگەڵ ئێمە بیکات، گەرەنتییان دەدەینێ کە هەموو کتێبەکان بە زیادەوە چاپ دەکەین".

> بەرپرسێکی وەزارەتی پەروەردە:
>
> چاپخانەکانی ناوخۆ نەیاندەتوانی ئەو ژمارە کتێبە بە کواڵیتی بەرز چاپ بکەن

سەرۆکی کۆمەڵەی چاپخانەکانی کوردستان ڕەتیکردەوە وەزارەتی پەروەردە بۆ تەندەری چاپی کتێبەکان بانگهێشتی چاپخانە نێوخۆییەکانی کردبێ و گوتی: "وەزارەتی پەروەردە ئێمەیان بانگهێشت نەکردووە بۆ تەندەری چاپکردنی کتێبەکان، ئەگەر بشزانین کارێکی وا دەکەن، ناتوانین لەکاتی پرۆسەی تەندەرینەکە بچینە ژوورەوە، چونکە چوونی ئێمە لە بەرژەوەندیی ئەوان نییە، ساڵی ڕابردوو لەنێو پرۆسەی تەندەرێک بڕی پێنج ملیۆن دۆلار لەناکاو کەمکرایەوە، ئەگەر ئەمە ڕێککەوتن نەبێت، ناوی دەنێن چی و لە کوێی دونیادا شتی وا هەبووە؟".

> ئێمە باج دەدەینە حکومەت، کەچی گرێبەست لەگەڵ چاپخانەی لوبنانی و تورکی دەکەن
>
> سەرۆکی کۆمەڵەی چاپخانەکان

عومەر زۆرباش گوتیشی: "ئێمە تووشی گەورەترین قەیران بووین، چونکە باج دەدەینە حکومەت، بیمەی کارمەندەکان و مەترسی دەدەین، بەڵام حکومەت گرێبەست لەگەڵ چاپخانەی لوبنانی، تورکی و ئوردنی واژۆ دەکات".

ڕاوێژکارە یاساییەکەی وەزارەتی پەروەردە ڕەتیدەکاتەوە لیژنەکانی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ کۆمپانیاکان ڕێککەوتبن و دەڵێت: "ڕاستە پێشتر لیژنەکان لەگەڵ کۆمپانیاکان ڕێککەوتنیان هەبووە، بەڵام ماوەی 7 ساڵە کە من سەرپەرشتی گرێبەستەکانی چاپەمەنییەکانم وەرگرتووە، ڕێگەم نەداوە یەک کەس لە لیژنەکان پارە وەربگرێ و ڕێککەوتن لەگەڵ کۆمپانیایەک بکات".

کۆمەڵەی چاپخانەکانی هەرێمی کوردستان داوای چاوخشاندنەوە بە گرێبەستەکانی چاپەمەنی لە وەزیری نوێی پەروەردە دەکەن. عومەر زۆرباش دەڵێ: "وەزارەت بیانووی دیزاینمان پێدەگرێ، لەکاتێکدا ئەوان بەناوی دیزاینەوە پارەیەکی خەیاڵی خەرج دەکەن کە ئەگەر ئەو پارەیە بدات بە چاپخانە نێوخۆییەکان، ئێمە دەتوانین دیزاینەکانیش بگۆڕین و کتێبەکانیشیان بۆ چاپ بکەین، ئەگەر دەرفەتمان پێبدەن لەماوەی چوار مانگدا گەورەترین چاپخانە دێنین بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە داواکارین لە کابینەی نوێ چاوێک بە گرێبەستی چاپەمەنییەکاندا بخشێنێتەوە و چیدی ئەو سەروەت و سامانە نەچێتە دەرەوە".

ئیسماعیل جەمیل دەڵێت گرێبەستی کۆمپانیا تورکییەکە هیچ کێشەیەکی نەبووە، وەزیر لەژێر گوشاردا ڕایگرتووە: "هەرچەندە وەزارەت لە واژۆکردنی گرێبەستەکە هیچ ڕێکاریکی نادروستی نەگرتووەتەبەر، بەڵام بەهۆی ئەو گوشارە زۆرەی لەسەریەتی کە دەگوترێت چاپخانەکانی هەولێر و سلێمانی فرۆشراون و گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای بیانی کراوە، ئالان حەمەسەعید، وەزیری نوێی پەروەردە گرێبەستەکەی لەگەڵ کۆمپانیا تورکییەکە ڕاگرتووە".

کێشەی چاپکردنی کتێب و گرێبەستەکان ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، بۆیە سەرپەرشتیاری گرێبەستەکانی چاپەمەنی لە وەزارەتی پەروەردە دەڵێت: "بۆ بنەبڕکردنی ئەو کێشەیە دەبێت وەزارەتی پەروەردە ببێتە خاوەنی چاپخانەیەکی مۆدێرنی خۆی، هەروەها حکومەت کارمەندی بۆ دابمەزرێنێ و ببین بە خاوەنی چاپخانەیەکی خۆماڵی".

---

# "کاڵای مەترسیدار و بەسەرچوو بە دەروازە سنوورییەکاندا دێتە کوردستان"

**سیروان عەباس**
**ڕووداو – هەولێر**

پەرلەمانتارێکی کوردستان ڕاپۆرتێکی پڕ لە وردەکاری لەبارەی دەروازە سنوورییەکانی سلێمانی دەداتە وەزارەتی دارایی و دەڵێت دەرکەوتووە چەندین کاری نایاسایی لەو دەروازە سنوورییانە دەکرێن و بەشێکیشیان لەلایەن بەرپرس و کاربەدەستانەوە پاڵپشتی دەکرێن.

شێرکۆ جەودەت، ئەندامی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "قاچاخچێتی مێژوویەکی درێژی هەیە، بەڵام ئەوەی جێی مەترسییە، ئەوەیە کە ئەم قاچاخچێتییە پەل بهاوێ بۆ بازرگانی بە کاڵای ماوە بەسەرچوو و ماددەی تووشکەر بە شێرپەنجە و ماددەی هۆشبەر، ئەمەش خەریکە دەبێتە دیاردە".

ئەو پەرلەمانتارە ئاشکرای کرد: "ئێستا بە دوو ڕێگە کاڵای بەسەرچوو و مەترسیدار دەهێنرێتە کوردستان، جۆری یەکەم بە ڕێگە نافەرمییەکاندا دەهێنرێت کە ئەم ڕێگەیە لە هەموو جیهاندا هەبووە و هەیە، جۆرەکەی دیکە بە دەروازە سنوورییەکاندا دەهێنرێ، ئەمەیان مەترسیدارە و دەبێ ڕێگری لێبکرێ".

جگە لە هێنانی کاڵای ماوەبەسەرچوو و خراپ، بازرگانییەکی دیکە لە دەروازە سنوورییەکاندا دەکرێت کە ئەو پەرلەمانتارە بە "مەترسی بۆ سەر مێژوو و کولتوور" وەسفی دەکات و دەڵێت: "پارچەی شوێنەوار دەبردرێنە دەرەوەی کوردستان، پارچە هەیە نرخی لە ملیۆنێک دۆلار تێدەپەڕێ، بۆیە دەمانەوێت لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت و هەر بەرپرسێک تێوەگلابێ دەبێ بدرێتە دادگا".

بە گوتەی ئەو پەرلەمانتارە، سەرەڕای بازرگانییە نایاساییەکەش، کارمەند هەیە لەلایەن بەرپرسانەوە پەیوەندییان پێوەدەکرێت و داوای دەستشلکردنیان لێدەکرێت لە هاتن و چوونی کاڵا، هەشە ناچار بە وازهێنان کراوە یان گواستراوەتەوە: "لەو بارەوە ڕاپۆرتمان داوەتە وەزارەتی دارایی کە بەرپرسی حیزبی و حکومی و بازرگانی تێدایە".

هاوکات سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و بازرگانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت، سەرەڕای هێنانی کاڵا بەبێ پشکنین و گومرگ، لە هەموو دەروازەکان و بەشێوەی کۆڵبەری کاڵای قاچاخ دەهێنرێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، بەتایبەت دەروازە سنوورییەکانی باشماخ و پەروێزخان.

بە فەرمانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی هەرێمی کوردستان نابێ بە زۆر و بەبێ فۆرمی وەزارەتی دارایی پارە لە هیچ گەشتیارێک وەربگیرێت، بەڵام کەریم عەلی، سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و بازرگانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "لە دەروازە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی ڕۆژانە دەیان کاری قاچاخ و نایاسایی دەکرێن، تەنیا لە باشماخ و پەروێزخان 12 کۆمپانیا بە فەرمی و نافەرمی کاردەکەن، بەرپرسانی باشماخ و پەروێزخان گەشتیاریان ناچار کردووە پارە بە دوو کۆمپانیای دیاریکراو بدەن کە لە شەش مانگی ڕابردوودا بڕی 8000 دینار لە هەر گەشتیارێک سەندراوە، کۆی ئەوەش دەکاتە 2 ملیار و 400 ملیۆن دینار بۆ 300 هەزار گەشتیار کە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان".

> لە دەروازەکان پارچە شوێنەوار ئاودیو دەکرێن و بە نایاسایی پارە لە گەشتیار وەردەگیرێ
>
> شێرکۆ جەودەت

> هەر کەسێک بەڵگەی هەیە با ئاشکرای بکات
>
> سەرپەرشتیاری دەروازەی سنووری باشماخ

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی باس لە داخیلکردنی کاڵای خراپ دەکات و دەڵێت: "ڕۆژی 2019/7/2 ئاگادارکرامەوە کە 16 بارهەڵگر چبسی بێ کواڵیتی بە فەرمانی دادگا ڕێگری لێکراوە لە پەروێزخانەوە بێتە ناو هەرێمی کوردستان، دوای مانەوەی 40 ڕۆژ لە دەروازە سنوورییەکە ڕێگەی پێدرا داخیل بکرێ، لەکاتێکدا پلەی گەرما نزیکەی 50 پلە بوو، من داوامکرد پشکنینی بۆ بکرێ، بەڵام داخیل کرا لەکاتێکدا من دڵنیابووم کە تێکچوون و بۆ خواردن نابن".

> 16 بارهەڵگر چبسی خراپ دوای 40 ڕۆژ مانەوەی لەبەر گەرما، لە سنوور داخیل کرا
>
> ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی

ئەو کۆمپانیایانەی ئەرکی ڕاییکردنی مامەڵەی گەشتیار و بازرگانانیان گرتووەتە ئەستۆ، دەبێ بە کەمکردنەوەی ئاشکرا کارەکە وەربگرن و دواتریش باج بە حکومەت بدەن، بەڵام کەریم عەلی دەڵێت: "کۆمپانیاکانی پشکنین، بەبێ هیچ تەندەر و کەمکردنەوەیەکی ئاشکرا ئەو ئەرکەیان پێدراوە و 80%ی داهاتەکە بۆ خۆیانە، لەکاتێکدا فەرمانبەر و ئامێری حکومەت بۆ کارەکانیان بەکاردێنن و پشکنینەکانیشیان خراپ و بێ کواڵیتین".

سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و بازرگانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژە بەوەش دەکات: "شەوانە هێزی چەکدار دەچنە دەروازە سنوورییەکان و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر بەبێ پشکنین داخڵ دەکەن". بەڵام بەڕێوەبەری دەروازەی سنووری باشماخ ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ: "هەر بەڵگەیەک لەو بارەیەوە هەبێ با بیخەنەڕوو".

لیوا مەریوان کەمال، سەرپەرشتیاری دەروازەی سنووریی باشماخ بە (ڕووداو)ی گوت: دەروازەی سنووریی باشماخ و هەموو دەروازەکانی دیکەش کاری نایاساییان تێدا دەکرێت، بەڵام بەوجۆرە نییە کە ئەوان باسیدەکەن، ئەگەر هەر بەڵگەیەکیشیان بۆ قسەکانیان هەیە دەتوانن بیخەنەڕوو، منیش ئامادەی هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیم. ئەوەی تاوەکو ئێستا دەگوترێ لەوبارەیەوە تەنیا دەنگۆیە و هیچی دیکە نییە".

وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی ڕاپۆرتی شێرکۆ جەودەت دەکات بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات.

ئەحمەد عەبدولڕەحمان، گوتەبێژی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت: "ڕاپۆرتەکەی شێرکۆ جەودەت بەدەستمان بگات لێکۆڵینەوەی ورد دەکەین و گرنگی تەواوی پێدەدەین".

## د. فواد حوسێن وەزیری دارایی عێراق بۆ (ڕووداو):

# خۆپیشاندان کاریگەری لەسەر گفتوگۆی هەولێر و بەغدا نابێ



**ئاسۆ سەراوی**
**ڕووداو- هەولێر**

وەزیری دارایی عێراق دەڵێت خۆپیشاندانەکانی عێراق کاریگەرییان لەسەر گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا نابێت، بەڵام ڕەنگە گفتوگۆکان دوابخەن، ئەویش بەهۆی سەرقاڵبوونی بەرپرسانی عێراق بە جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپیشاندەران. هەروەها دەڵێت وەکو وەزارەتی دارایی دەستیان کردووە بە جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپیشاندەران.

لە ناوەڕاستی هەفتەی ڕابردووەوە خۆپیشاندان و نارەزایی جەماوەری زۆربەی پارێزگا شیعەنشینەکانی عێراقی گرتووەتەوە. داواکاری سەرەکیی خۆپیشاندەران چاکسازی و دامەزراندن و نەهێشتنی گەندەڵییە. بەڵام هێزە عێراقییەکان ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەتەوە و بەپێی دوایین ئاماری کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، زیاتر لە 100 خۆپیشاندەر کوژراون و نزیکەی چوار هەزار کەسیش بریندار بوون.

پێشتر هەڵمەتێکی فراوانی بانگەشەکردن بۆ خۆپیشاندان لە سەرجەم شارەکانی عێراق لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کرا، ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو بە سەتان هاووڵاتیی ڕژانە گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدا، دواتر خۆپیشاندان بەسرە، کەربەلا، نەجەف، ناسریە و چەند پارێزگایەکی دیکەی عێراقی گرتەوە.

### بەرزکردنەوەی وێنەی عەبدولوەهاب ساعدی

ڕۆژی 2019/9/27 عەبدولوەهاب ساعدی، فەرماندەی دەزگای دژەتیرۆر، کە لەنێو زۆربەی ئەو شارانەی لە دەستی داعش دەرهێنراون ناوبانگێکی زۆری هەیە، لەسەر داواکاریی تاڵب شەغاتی، سەرۆکی دەزگاکە بە فەرمانی عادل عەبدولمەهدی گواسترایەوە، ئەمەش بووە هۆی لێشاوێک ڕەخنە لەنێوان خەڵک و لایەنە سیاسییەکان.

عادل عەبدولمەهدی، سووربوونی خۆی لەسەر بڕیارەکەی دووپاتکردەوە و تۆمەتباری کرد بەوەی سەردانی باڵیۆزخانەکانی کردووە بۆ پاڵپشتی، بەڵام ساعدی کە چووبووە باڵیۆزخانەی ئەمریکا، دوای گوتەکانی عادل عەبدولمەهدی ڕوونکردنەوەی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، بۆ وەرگرتنی ڤیزا چووەتە باڵیۆزخانە تاوەکو بەشداری لە کۆنفرانسێک بکات لە ئەمریکا.

بەشێک لەو خۆپیشاندەرانەی لە گۆڕەپانی تەحریر کۆببوونەوە، وێنەی عەبدولوەهاب ساعدی، فەرماندەی پێشووی دەزگای دژەتیرۆریان بەرز کردبووەوە، دروشمی خۆپیشاندەران بریتی بوو لە: "ئەم حکومەتە گەندەڵە و نامانەوێت".. "شۆڕشی بیست دووبارە دەکەینەوە".. "گەل دەیەوێت ئەو سیستەمە بڕووخێنێ".. "وڵاتێکی ڕێزلێگیراومان دەوێت".

### ساعدی.. یەکەمین قوربانی

یەکەمین قوربانی خۆپیشاندانەکەی بەغدا گەنجێکی تەمەن 21 ساڵی دەستگیراندار بوو بەناوی محەممەد ساعدی کە ڕۆژی سێشەممە 2019/10/1 لە گۆڕەپانی تەحریر کوژرا. محەممەد تازە دەستگیراندار بووە، دایکی و خوشکێکی هەن. لە شەڕی مووسڵیشدا برایەکی 13 ساڵانی کە حەشدی شەعبی بووە، لە شەڕدا لەگەڵ داعش کوژراوە.

سەباح عەباس ساعدی، مامی محەممەد بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو تەنیا چووبوو داوای مافی خۆی بکات بۆ دامەزراندن و دۆزینەوەی کار بۆ ئەوکاتەی کە هاوسەرگیری دەکرد، بەڵام شەهیدیان کرد. ژیان و گوزەرانیان زۆر زۆر خراپە. ئەو تەنانەت خاوەن پێداویستی تایبەت بوو".

عەشیرەتی ساعدی تووڕەن لە حکومەت و دەڵێن بە عەشایەری تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە ئەگەر حکومەت هیچ نەکات. شێخ ئەبو عەلی ساعدی، مامی محەممەد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "مرۆڤ دەربچێت بۆ خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە و ئاڵای هەڵگرتبێ، ئاخر بۆ دەبێ بە گوللە لێی بدەیت؟ بۆیە ئێمە وەک عەشیرەتی ساعدی ئەم بابەتە بە ئاسانی لەسەرمان تێناپەڕێ".

خۆپیشاندانەکان دووەم ڕۆژیش بەردەوام بوون. موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر کە خاوەنی گەورەترین کوتلەیە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، پێشتر مۆڵەتی یەک ساڵی دابوو بە عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق بۆ ئەوەی چاکسازی بکات و گەندەڵی نەهێڵێ.

لە دووەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکاندا ڕێبەری ڕەوتی سەدر داوای مانگرتنی گشتی کرد. موقتەدا سەدر لە تویتێکیدا لە تویتەر گوتی: "پێمانوایە گۆڕینی خۆپیشاندانە میللییەکان بۆ خۆپیشاندانی دەستەگەری بەرژەوەندیی تێدا نییە، ئەگەرنا فەرمانمان بە شۆڕشگێڕانی چاکسازی دەکرد لەگەڵ ئەوان خۆپیشاندان بکەن. بەڵام ئێمە دەمانەوێ پارێزگاری لە خۆپیشاندانی گەل بکەین، داواش دەکەین خۆپیشاندانەکان ئاشتیانە بن. ئەگەر بە مانگرتنی گشتی ئاشتیانەش پشتگیری بکرێن کە هەموو گەل بەشداریی تێدا بکات (شتێکی باشە)".

### پارتی: دەستی سیاسی لە پشت خۆپیشاندانەکانە

ڕۆژی 2019/10/2 شوان محەممەد تەها، بەرپرسی لقی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "خۆپیشاندانەکەی بەغدا ماوەی هەفتەیەک لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە دروشمی (مافی خۆم دەوێت) ئامادەکاری بۆ کراوە. لایەنی فەرمی تاوەکو ئێستا دیار نین، دەتوانین بڵێین لایەنی سیاسی لە پشتە و لە ڕێگەی خەڵکەوە گوشار دەکەن". بەرپرسی لقی بەغدای پارتی گوتیشی: "ئەو خۆپیشاندانە دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت: یەکەمیان، چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەجێندای سیاسی لەپشتەوەیە و لە ڕێگای گوشارەوە دەیانەوێت دەستکەوتی ماددیان دەستبکەوێت. بۆچوونی دووەمیش ئەوەیە داواکاری خەڵک بۆ مافە بنەڕەتییەکانی ژیان مافێکی سروشتییە و خەڵکی بێزارە لەو نادادی و گەندەڵییەی هەیە".

### قەدەغەی هاتوچۆ ڕاگەیەنرا

لە سێیەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکاندا ژمارەی قوربانییان زیاتر بوون، بە گوتەی هێمن باجەلان، ئەندامی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بۆ (ڕووداو)، ژمارەی کوژراوان و برینداران 10 کوژراو و 395 بریندار بوون.

لە سێیەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکاندا، عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، قەدەغەی هاتوچۆی لە بەغدا تاوەکو کاتێکی نادیار ڕاگەیاند. سەرۆکوەزیرانی عێراق لەبارەی قەدەغەی هاتوچۆوە ئاماژەی بەوە کردبوو، ئەو هەنگاوە هاوکاتە لەگەڵ بەیاننامەی سەرکردە سیاسییەکان لە کۆشکی سەلام و لە پێناو پاراستنی سیستەمی گشتی و ئاسایشی ناوخۆیی و گشتی و پاراستنی خۆپیشاندەرانە لە هەندێک کەس کە خۆیان خزاندووەتە نێو خۆپیشاندانەکان و پەلاماری هێزە ئەمنییەکان و موڵک و ماڵی گشتی و تایبەتی دەدەن.

### پەیامێک لە نیوەشەودا

هەمووان چاوەڕێ بوون، سەرۆکوەزیران قسەیەکی لەبارەی خۆپیشاندانەکانەوە هەبێ.

**سەرۆکی پێشووی لیژنەی وزە لە پەرلەمانی عێراق:**

**ئەگەر عادل عەبدولمەهدی بگۆڕدرێت، ڕەنگە حکومەتێکی سەربازی بێت، ئەوەش بۆ کورد باش نییە**

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر سەعات دووی شەوی 2019/10/4 عادل عەبدولمەهدی قسەی کرد و گوتی: "ئێمە لە گەلین و بۆ گەل قوربانی دەدەین و درک بە نەهامەتی و ستەملێکراوییان دەکەین. ڕێگە مەدەن بانگەشەکارانی بێ هیوایی بەسەرتاندا زاڵ بن و گوێ مەدەنە ئەو بانگەشانەی هەوڵدەدەن بتانگەڕێننەوە دواوە و سەرلەنوێ کۆمەڵگە بەسەربازگە بکەن".

عادل عەبدولمەهدی لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاند کە ئێستا پرۆژە یاسایەکیان لەژێردەستدایە و بەمنزیکانە پێشکەشی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی نوێنەرانی دەکەن بۆ ئەوەی مووچەیەک ببەخشنە ئەو خێزانانەی سەرچاوەی داهاتیان کەمە و بەشی ژیان و گوزەرانیان ناکات.

بەڵام قسەکانی عەبدولمەهدی تینیوێتیی خۆپیشاندەرانی نەشکاند و بۆ چوارەم ڕۆژ لەسەر یەک بەردەوام بوون لە خۆپیشاندان.

لە چوارەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکاندا کە ڕۆژی هەینی بوو، ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق لە نەجەف، لە ڕێگەی وتاری نوێژی هەینی کە لەلایەن ئەحمەد سافی، نوێنەری خۆیەوە خوێندرایەوە، هۆشداری دایە بەرپرسانی عێراقی لە پشتگوێخستنی داواکاری و نارەزایەتییەکانی خەڵک و گوتی: "ئەگەر داواکاری خەڵک پشتگوێ بخرێ و دوابخرێ لە ڕێگەی چارەسەرێکی کاتی، ئەوسا ئاستی نارەزایەتییەکانی خەڵک بۆ جاری داهاتوو زۆر گەورەتر و فراوانتر دەبێت".

هەر هەمان ڕۆژ موقتەدا سەدر، داوای لە ئەندامانی هاوپەیمانێتی سائیرون کرد ئەندامێتی خۆیان لەپەرلەمان هەڵپەسێرن و هیچ ئەندامێکی هاوپەیمانێتی سائیرون بەشداری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان نەکات تاوەکو حکومەت بەرنامەیەکی نەبێت کە (گەل) و (مەرجەعیەت) پێی ڕازی بن.

موقتەدا سەدر هەر بەوەندەش نەوەستا و ڕۆژی دواتر داوای هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و هەڵبژاردنی پێشوەختەی کرد. ڕۆژی 2019/10/5 حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، پشتگیری داواکارییەکەی سەدری کرد و لە بەیاننامەیەکدا داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت و پێکهێنانی "حکومەتی دەستووریی شەرعی" کرد.

### بەخشینەوەی پارە بۆ کپکردنەوەی خەڵک

خۆپیشاندانەکان پێیاننایە ڕۆژی پێنجەمەوە، بەگوێرەی ئامارەکانی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ ژمارەی قوربانییان لە پێنجەمین ڕۆژی خۆپیشاندانەکاندا گەیشتە زیاتر لە 100 کوژراو و 3990 بریندار.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق شەوی 2019/10/5 لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا و بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران، بڕیاری دا بەپەلە 17 هەزار زەوی نیشتەجێبوون لە بەسرە دابەش بکات و 100 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستبکات، بۆ ماوەی سێ مانگیش مووچەیەکی 175 هەزار دیناری بداتە 150 هەزار بێکار.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری دا وەزارەتی بەرگری لە ڕۆژی 15ی ئەم مانگەوە دەرگای خۆبەخشی بۆ گەنجان لە تەمەنی 18 ساڵی بۆ 25 ساڵی بکاتەوە. وەزارەتی پەروەردەش ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ وانەبێژە خۆبەخشەکان. هەروەها وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ لێخۆشبوون لە قەرزی کرێی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەسەر جووتیاران تاوەکو 31ی کانوونی یەکەمی داهاتوو.

### 40%ی عێراقییەکان بێکارن

د.ئەحمەد سەفار، بڕیاردەری لیژنەی دارایی گومانی نییە لەوەی ئەو خۆپیشاندانانە "دەستی دەرەکی" لە پشتەوەیە، بەڵام پێیوایە داواکاری خۆپیشاندەران ڕەوایە و دەڵێت: "بەپێی هەندێ ئامار کە دەست لیژنەکەمان کەوتووە، 40%ی خەڵکی عێراق بێکارن ء 35% یشیان داهاتی ڕۆژانەیان کەمترە لە 5 دۆلار، بەوانەش دەگوترێ خوار هێڵی هەژاری". سەفار گوتیشی: "پێشتر وەک پەرلەمان بەنیازبووین چەند وەزیرێک لەسەر کەمتەرخەمی ء هەندێ پرسی گەندەڵی بانگهێشتی پەرلەمان بکەین، بەڵام ئەم خۆپیشاندانانە ئەوەشی دواخست".

### خۆپیشاندان و گفتوگۆی هەولێر و بەغدا

هەرچەندە بڕیار بوو بەمنزیکانە گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان ء عێراق لەسەر نەوت ء بودجە بۆ ئامادەکارییەکانی پرۆژە یاسای بودجەی 2020 دەستپێبکات، بەڵام ئەو خۆپیشاندانانە گفتوگۆکانیان دواخست.

د.ئەحمەد سەفار بە (ڕووداو)ی گوت: "خۆپیشاندنەکانی عێراق کاریگەریی نەرێنییان دەبێت لەسەر گفتوگۆکانی نەوت ء بودجە". ئەو وای دەبینێ کە جگە لەوەی بەربەست بۆ گفتوگۆکان دروست دەکات، جوڵەی بازرگانی لە نێوان هەولێر و بەغداش سست دەکات.

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی پارتی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەر بەهۆی ئەو خۆپیشاندانانەوە ئەگەری ئەوە هەیە گفتوگۆکانی پرۆژە یاسای بودجەی 2020 دوابکەوێت: سەفار دەڵێت: "بۆ گفتوگۆکانی نەوت ء بودجە لە قازانجی کورد ء سەرجەم لایەنەکانە عادل عەبدولمەهدی لە شوێنی خۆی بمێنێ، هەرچەندە تۆمەتباری دەکەن بەوەی پشتیوانیی کورد دەکات، بەڵام ئەو بەبێ جیاوازی پشتیوانی سەرجەم لایەنەکان دەکات، بۆیە مانەوەی عادل عەبدولمەهدی نەک بۆ کورد، بۆ هەموو لایەنەکان باشە".

بەڵام د.فوئاد حوسێن، وەزیری دارایی عێراق ڕەتیکردەوە خۆپیشاندانەکان کاریگەرییان لەسەر گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا هەبێ. د.فوئاد حوسێن بە (ڕووداو)ی گوت: "خۆپیشاندان کاریگەری لەسەر گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا نابێ، بەڵام ڕەنگە ئەو ماوەیە تۆزێک ڕابوەستێ، لەبەر ئەوەی بەرپرسانی عێراق سەرقاڵن بە جێبەجێکردنی داواکاری خۆپیشاندەرانی عێراق، بەڵام گفتوگۆکان پرۆسەیەکە و هەوڵدەدەین ئەو خۆپیشاندانانە هیچ کاریگەری لەسەری نەبێ".

وەزیری دارایی ئاماژەی بەوەدا کە حکومەت بڕیاری داوە داواکارییەکانی خۆپیشاندەران جێبەجێ بکات "دەستمان کردووە بە جێبەجێکردنی داواکاری خۆپیشاندەران، زۆربەیان پەیوەندییان بە مەسەلەی داراییەوە هەیە، بۆیە هەوڵی زیاتر دەدەین بۆ جێبەجێکردنی داواکاری خۆپیشاندەران".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە چوار ساڵ لە بەغدا بووە، پێیوایە خۆپیشاندانەکانی عێراق کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستانیش دەبێ.

ئارێز عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی ء سەرۆکی لیژنەی نەوت ء وزە لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت: "خۆپیشاندانەکانی عێراق جگە لە دواخستنی گفتوگۆکانی هەرێمی کوردستان ء عێراق، کاریگەری خراپی بۆ کوردستانیش دەبێت".

ئەو ترسی هەیە خۆپیشاندان بگاتە ئاستی گۆڕانکاری لە بەرپرسە باڵاکانی حوکمڕانی لەعێراق، لەوانەش عادل عەبدولمەهدی، ئەوەش بۆ کورد باش نییە "ئەگەر عادل عەبدولمەهدی بگۆڕدرێت، ڕەنگە حکومەتێکی سەربازی بێت، ئەوەش بۆ ئێمە باش نییە، چونکە عادل عەبدولمەهدی نیەتی زۆر باشی هەیە و دەیەوێ لە پرسەکانی نەوت ء بودجە لەگەڵ کوردستان ڕێکبکەوێ. من لە نزیکەوە ئەو پیاوە دەناسم، بەڕاستی وەک کەسێکی بێلایەن ڕەفتار دەکات، لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وەها ڕەفتار دەکات، خۆی بە نوێنەری کوردیش دەزانێ، بۆیە حەقە کورد ئەو فرسەتە لەدەست نەدات".

ئارێز عەبدوڵڵا دەڵێت جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران پێویستی بە پارەیە "ئەوەش هێندەی دیکە باری گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا قورس دەکات".

**پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا:**

**دوای ئەم خۆپیشاندانانە عادل عەبدولمەهدی چیدی بەرامبەر کورد نەرم نابێ**

ئەگەرچی کورد ئومێدی زۆرە لەسەر دەستی عادل عەبدولمەهدی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات، بەڵام پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا پێیوایە خۆپیشاندانەکان خەریکە کورد بێئومێد دەکەن.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵ بە (ڕووداو)ی گوت: "خۆپیشاندانەکانی عێراق دانوستاندنەکانی هەولێر ء بەغدا قورس دەکات، بۆیە ئەوەی لە بودجەی 2019 بە ئێمەی پەرلەمانتارانی کورد کرا بۆ بودجەی 2020 بۆمان ناکرێت".

ئەو پەرلەمانتارەی کۆمەڵ، هاوڕایە لەسەر ئەوەی باشترە بۆ کورد لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی ڕێکبکەوێ، چونکە لە مالیکی ء عەبادی باشتر بووە بۆ کورد، ئەو دەڵێت "بۆ نموونە حەیدەر عەبادی مانگە 317 ملیار دیناری دەنارد بۆ هەرێمی کوردستان، نووری مالیکی هیچ نەدەنارد، بەڵام عادل عەبدولمەهدی مانگە 453 ملیار دینار دەنێرێ، کەواتە بۆ کورد وا باشترە وەک پاداشتێکیش بێت لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی ڕێکبکەوێت". بەڵام ترسی خۆشی نەشاردەوە لەوەی کە دوای خۆپیشاندانەکان عادل عەبدولمەهدی ئەو نەرمییەی جارانی نەمێنێ.

سەرکەوت شەمسەدین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی ئایندە لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە خۆپیشاندنەکان کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر گفتوگۆکانی هەرێمی کوردستان ء عێراق، چونکە بەشێک لە داواکاری خۆپشاندەران ئەرکی دارایی لەسەر حکومەت زیاد دەکات، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەوەی بەغدا بودجەیەکی کەمتر بۆ هەرێمی کوردستان دابین بکات.

ئەو پەرلەمانتارە، یەکێک لە ئەگەرەکانی ڕێککەوتن لەسەر نەوت ء بودجە ئاشکرا دەکات ء دەڵێت: "ئەگەرێک هەیە بەغدا لە بودجەی 2020 نزیکەی 12 ملیار دۆلار بداتە هەرێمی کوردستان، ئەگەر هەرێمی کوردستان ئامادە نەبوو ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی بەغدا بکات، ئەو کاتە بەغدا بایی 250 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە لەو بودجەیە دەبڕێت، بەمەش مانگانە کەمتر لە 400 ملیار دینارێک بۆ هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە، بەڵام بودجەی پێشمەرگە لە دەرەوەی گفتوگۆکانە".

**ئەندامێکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق:**

**35%ی دانیشتووانی عێراق لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین**

## به فەرمانی قوباد تاڵەبانی وێنەیەکی مام جەلال لە سلێمانی لادەبرێت

**ڕووداو- هەولێر**

بە فەرمانی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان وێنەیەکی مام جەلال، سکرتێری کۆچکردووی یەکێتی لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی لادەبرێت.
قائیمقامییەتی ناوەندی شاری سلێمانی لە ڕاگەیێندراوێکدا لەبارەی لابردنی وێنەکە دەڵێت، پاش دانانی وێنەیەکی "مام جەلال" لەبەر دەرکی سەرای شاری سلێمانی لەلایەن دامەزراوەیەکی کەرتی تایبەتەوە بێ وەرگرتنی مۆڵەت و لەبەر پابەندنەبوون بە ڕێکارە یاساییەکان، ڕۆژی 2019/10/6 بەفەرمانی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیران وێنەکەی مام جەلال لەو شوێنە لابرا. قائیمقامییەتی سلێمانی لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیێندراوەکەدا دەڵێت "سەرۆک مام جەلال خاوەنی پێگەیەکی جەماوەرییە لەسەر ئاستی کوردستان، عێراق، ناوچەکە و جیهانیش، بۆیە پێویستە پێش دانانی وێنەی فەخامەتیان لە هەر شوێنێک دەبێت ڕێکارە یاساییەکان و ڕێنماییەکان ڕەچاوبکرێن".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (573) - دووشەممە 2019/10/7

### پارێزگاری نەینەوا بۆ (ڕووداو):

# هەردوو قایمقامەکەی شنگال لادەدرێن

**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر ڕزگارکردنی مووسڵدا تێدەپەڕێ و بەشێکی زۆری شارەکە هێشتا وەک وێرانە ماوەتەوە. مەنسوور مەرعید، پارێزگاری نەینەوا، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت لە مووسڵ "ئاسایش بەرقەرارە". هەرچەندە نایشارێتەوە کە شارەکە بە شێوەی نیمچەتەواو وێران بووە، بۆیە ئاوەدانکردنەوەکەی کاتی دەوێ. مەرعید باسی دۆخی ئەمنی و ئیدارەی شنگال و چارەنووسی قایمقامەکانی ئەو شارە خاپوورە دەکات.

### ئاسایش و ئیدارەی مووسڵ

مەنسوور مەرعید، لە کاتی دەستبەکاربوونیدا ڕایگەیاند کە گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی خۆیان، ئاوەدانکردنەوە و گەڕاندنەوەی پێناسی شارەکە کاری لەپێشینەی ئەو دەبن. ئێستا لەبارەی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەوە دەڵێ: "ئاسایش بەرقەرارە و زۆر باشە، بەڵگەی ئەوەش کرانەوەی بارەگای نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە مووسڵ".

پارێزگاری مووسڵ سەبارەت بە هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەی شارەکەش دەڵێ: "هەموو پارەی بودجە بۆ پرۆژەکان بەپێی پێویست و ئەولەویەت تەرخانکراوە، ئێستا شۆڕشێک لە ئاوەدانی لە مووسڵ لەئارادایە، لەو دوو ڕۆژەی دواییدا دەست بە گواستنەوەی پارە لە حیسابی وەزارەتی داراییەوە بۆ حیسابەکانی پارێزگا کراوە. بە گشتی تەواوی بودجەی ئەمساڵمان داپۆشیوە". لە بودجەی ئەمساڵدا نزیکەی یەک ترلیۆن دینار بۆ کارپێکردن و وەبەرهێنان لە پارێزگای مووسڵ تەرخانکراوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی مانگی تەمووزی ئەنجوومەنی پەنابەرانی نەرویج، 300 هەزار کەس لە خەڵکی مووسڵ ئاوارەن، لە کاتێکدا بەهۆی شەڕی ڕزگارکردنی مووسڵەوە 138 هەزار خانوو زیانیان پێگەیشتووە یان بەتەواوی وێران بوونە، بە جۆرێک تەنیا لە ڕۆژئاوای مووسڵ 53 هەزار خانوو تەختبوون.

بەپێی داتاکانی ئەنجوومەنە نەرویجییەکە، هەتا مانگی تەمووزی ئەمساڵ نزیکەی 1.6 ملیۆن کەس لە عێراق ئاوارە بوون. پارێزگاری مووسڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "بەپێی ڕێنوێنییەکانی حکومەتی فیدراڵ و بەرنامە حکومییەکان، دەبێ لە ماوەی ئەو خولەی حکومەتدا کەمپەکانی ئاوارەکان دابخرێن و نەمێنن".

لە کۆی ئاوارەکانی عێراق 75%یان لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستانن کە مەرعید پێیوایە بۆ یەکلاکردنەوەیان "پرسی سیاسی هەن و پێویستە حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لەسەریان ڕێکبکەون. ئێمە دەست بۆ ئەو دۆسیانە نابەین هەتا ئەو کاتەی بۆ چارەسەرکردنیان ڕێککەوتن لە نێوان ئەو لایەنانەدا دەکرێ".

ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ دەرفەتێکی باشە بۆ کۆمپانیاکانی ئاوەدانکردنەوە، کۆمپانیاکانی کوردستان بەهۆی نزیکیی هەرێمی کوردستان لە مووسڵ دەرفەتێکی ناوازەیان لەپێشە. مەنسوور مەرعید لەبارەی دەرفەتی کارکردن بۆ کۆمپانیاکانی کوردستان دەڵێ: "هەر کۆمپانیایەک لە هەرێمی کوردستان تۆمارکرابێ، لای ئێمە وەک هەر کۆمپانیایەکی دیکەی عێراقی بۆ کارکردن پەسەندکراوە، ئێستا کۆمپانیایەکی دهۆکی کاری ڕێگەی نێوان مووسڵ و دهۆکی پێ سپێردراوە". ئەو بانگهێشتی کۆمپانیاکانی کوردستانیش دەکات "بێن و لە کێبڕکێی (وەرگرتنی پرۆژەکاندا) بەشدار بن".

> خێزانە داعشەکان ناسنامەی عێراقی ڕەتدەکەنەوە

### دۆسیەی شنگال

سەرباری هەموو کێشە ئەمنی و مرۆییەکان، ناوچەی شنگال بەدەست قەیرانی ئیداریشەوە دەناڵێنێ، لەوانەش بوونی دوو قایمقام کە دوو مەرجەعی جیاوازیان هەیە. مەرعید ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەوڵ هەیە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە و "ڕێککەوتن هەیە و گەیشتووەتە قۆناغێکی پێشکەوتوو".

پارێزگاری نەینەوا نایشارێتەوە کە "دۆخی شنگال زۆر ئاڵۆزە". سەبارەت بە کێشەی دوو قایمقامەکەش دەڵێ: "ئەگەر بێینە سەر لایەنە ئوسوڵییەکەی، ئەوە مەحما خەلیل هەڵبژێردراوە، بە فەرمی ئەو هەڵبژێردراوە، بەڵام لە واقیعدا خەڵکی شنگال ئەو قایمقامە ڕەتدەکەنەوە". سەبارەت بە چارەسەری کێشەکەش دەڵێ: "دەبێ مەحما خەلیل و ئەوەی دیکەش دووربخرێنەوە، ئەوەی دووەمیان لە شنگال دانراوە، بەڵام سیفەتێکی یاسایی نییە، بۆیە من ناتوانم مامەڵەی فەرمی لەگەڵ بکەم، بۆیە ڕێککەوتن کرا کە هەردووکیان بگۆڕدرێن و کەسێک بهێنرێ هەموو لایەنەکان لەسەری کۆک بن".

هەر لەدوای ڕزگارکردنی شنگال لەدەستی چەکدارانی داعش لە 2015، ئەو شارە بەدەست بوونی هێزی جۆراوجۆرەوە دەناڵێنێ، هەر ئەوەش ڕێگر بووە لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە و گەڕانەوەی ئاوارەکان. مەنسوور مەرعید ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "دوای ڕێککەوتن لەگەڵ هەموو لایەنەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە، پۆلیسی خۆجێیی دۆسیەی ئەمنیی ناو شنگال دەگرێتەدەست"، جەختی لەوەش کردەوە کە شنگالیش پشکی دەبێ لەو 13 هەزار کارمەندەی بۆ پارێزگای مووسڵ دەگەڕێنرێنەوە.

> بانگهێشتی کۆمپانیاکانی کوردستان دەکەین لە پرۆژەکانی مووسڵ کار بکەن

### گوزەرانی خەڵکی مووسڵ

بەرپرسە باڵاکەی مووسڵ هۆکاری زۆربوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان و مافیای ئەلیکترۆنی بۆ "بێکاری" دەگەڕێنێتەوە. بەڵام پێیوایە ئەو 13 هەزار کارمەندەی دەگەڕێنەوە بەشێک لە کێشەکە چارەسەر دەکات، جگە لەوەش پرۆژەی ئاودێریی جەزیرەی باکوور لە بەنداوی مووسڵەوە هەتا سنوونێ نزیکەی 50 هەزار هەلی کار دەڕەخسێنێ.

### منداڵ و خەڵکە بێ ناسنامەکان

هەزاران لەو خەڵکەی لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا ژیاون یان لەدایکبوون، هیچ بەڵگەنامەیەکی عێراقییان نییە. پارێزگاری مووسڵ ئەوە بە "تەحەددایەک"ی بەردەم حکومەتی خۆجێیی و فیدراڵی دەزانێ. سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانە دەڵێ "لە سەرتاسەری پارێزگای نەینەوا نزیکەی 4000 خێزانی ئاوارە هەن کە ئەندامێکیان داعش بووە. ئەگەر هەر یەک لەو خێزانانە دوو منداڵیان هەبێ، ئەوە هەشت بۆ دە هەزار حاڵەتی لەو جۆرەمان هەیە".

مەرعید پێیوایە ئەگەر چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە نەدۆزرێتەوە ئەوە "لە داهاتوودا 10 هەزار دوژمن بۆ خۆمان دروستدەکەین". هۆکاری درێژەکێشانی کێشەکەش بۆ خەڵکەکە خۆیان دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ: "کاتێک لایەنە ئەمنییەکان سەردانیان دەکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، ئەوان هیچ زانیارییەک نادەن، کاتێک پێی دەڵێی تۆ کێیت و چ بەڵگەنامەیەکت هەیە، قسەت بۆ ناکەن، بۆیە نزیکەی 4 هەزار خێزان هەتا ئێستا مامەڵە لەگەڵ لایەنە حکومییەکاندا ناکەن".

### سەرهەڵدانەوەی داعش

ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و دەزگاکانی هەواڵگریی وڵاتان باس لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی داعش دەکەن. پارێزگاری نەینەوا دەڵێ: "نە داعش و نە هیچ ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناتوانێ جارێکی دیکە کۆنترۆڵی شارەکە بکاتەوە". لەبارەی ژمارەی چەکدارانی داعش لە نەینەوا دەڵێ "نزیکەی 100 بۆ 150 کەس هەن، بۆ نموونە لە چیاکانی بادۆش کە ئەوانیش کرانە ئامانج".

### دەسەڵاتی حەشد

هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕۆڵی گەورەیان لە کۆنترۆڵکردنەوەی پارێزگای نەینەوا و شاری مووسڵدا هەبوو. ژمارەیەکی زۆر لەو هێزانە لە پارێزگاکە ماونەتەوە و مەترسی ئەوە هەیە خەڵک بێزار بکەن. مەنسوور مەرعید لەبارەی ئەو هێزانە لە نەینەوا دەڵێ: "ئێمە ڕێگە بە کەس نادەین ئیرادەی خۆی بسەپێنێ، جا هەر کەس بێ، ئێمە وەزارەتی ناوخۆ و بەرگریمان هەیە". جەختی لەوەش کردەوە کە "کۆنترۆڵی ناو شارەکان بەپێی ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لەدەست پۆلیس دەبێ".



### 1.5 ملیۆن مەسیحی عێراقیان جێهێشتووە

# لە هەموو عێراق تەنیا 300 هەزار مەسیحی ماون

**کارزان حەیدەر**
**ڕووداو- هەولێر**

لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە، ژمارەی مەسیحییەکان لە عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە، بە جۆرێک ئێستا تەنیا 300 هەزار مەسیحی لە تەواوی عێراقدا ماون کە زۆربەی هەرەزۆریان لە هەرێمی کوردستانن.

خالید جەمال تەڵیە، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مەسیحیەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت: لە کۆی ملیۆنێک و 800 هەزار مەسیحی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەژیان، ئێستا تەنیا 300 هەزاریان ماون. لەم ساڵانەدا 1.5 ملیۆن کەسیان کۆچیان کردووە بۆ وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و دەوروبەری عێراق.

بەگوتەی ئەو بەرپرسەی وەزارەت، کۆچی مەسیحییەکان پێشتریش هەبووە، بەڵام لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە لە ساڵی 2003 ، ئەو کۆچە ڕۆژ بە ڕۆژ رووی لە زیادبوون بووە، لەدوای سەرهەڵدانی داعشیش لە 2014، کۆچی بەکۆمەڵ گەیشتە لوتکە.

خالید جەمال دەڵێت: "لە سەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراق، ژمارەی مەسیحییەکانی عێراق نزیکەی یەک ملیۆن و 800 هەزار کەس بوو. دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن بەهۆی ئەو مەترسیەی لەسەر ژیانیان پەیدا بوو، دەستیان بە کۆچ کرد، پاش ئەوەی هەستیان کرد بارودۆخێکی خراپتر لە عێراق دێتە پێشەوە".

خالید دەڵێت ئەوان لە هەموو سەردەمێکدا بوونەتە قوربانی و ئاماژە بە شەڕی تائیفی لە ساڵی 2005 و دواتر دەدات و دەڵێت: "من ساڵی 2005 کە بەهۆی کارێکی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەقفی سوننە بووم، چەک دابەش دەکرا، لە نێو وەقفی شیعیش بەهەمان شێوە. دواتر شەڕی تائیفی بەدوادا هات".

خالید جەمال دەڵێت لەو شەپۆلی توندوتیژییەدا 1140 مەسیحی بوونە قوربانی، نزیکەی 98 دێر و کڵێسا و مەزارگەی مەسیحییەکان ڕووخێنران یان تەقێنرانەوە. لەو کاتەوە نزیکەی 400 هەزار مەسیحی ئاوارەی کوردستان بوون".

بەڵام زۆربەی ئاوارە مەسیحییەکان لە کوردستان نەمانەوە، بەڵکو کوردستانیان کرد بە وێستگەیەکی چاوەڕوانی بۆ ئەوەی عێراق بەیەکجاری بەجێبێڵن.

بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، لەبارەی ژمارەی ئەو مەسیحییانەی کە بەهۆی شەڕی داعشەوە لە مووسڵ و دەشتی نەینەوا ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، گوتی: "138 هەزار مەسیحی لە مووسڵ و دەشتی نەینەوا هاتنە کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هاوکارییەکی پێشکەش کردن، بەڵام هەموویان لە کوردستان نەمانەوە و کوردستانیان کردە وێستگەی دەربازبوون لە عێراق. ئێستا بەپێی ئاماری کەنیسەکان کە ئامارێکی مەترسیدارە، لە یەک ملیۆن و 800 هەزار مەسیحی لە هەموو عێراق، تەنیا 300 هەزار مەسیحی ماون".

کۆچی مەسیحییەکان تەنانەت ئەو مەسیحیانەشی گرتووەتەوە کە لە شارێکی وەکو سلێمانی نیشتەجێن و داعش زۆر لێی دوور بوو. خالید جەمال دەڵێت: "لە شاری سلێمانی نزیکەی 600 خێزانی مەسیحی هەبوون، ئێستا تەنیا 90 خێزان ماونەتەوە".



### دوو داواکاری هەیە

# حکومەتی سووریا ڕازی نییە دەروازەی ڕەبیعە بکرێتەوە




**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

ماوەی پێنج ساڵە دەروازەی یەعروبیە لە ناوچەی ڕەبیعە لە نێوان عێراق و سووریا داخراوە. حکومەتی عێراق دەیەوێ ئەو دەروازەیە بکاتەوە، بەڵام حکومەتی شام مەرجی هەیە و دەڵێت دەبێ ئاڵا و پۆلیسی سووریا لە دەروازەکە بن، ئیدارەی خۆسەریش لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕێگە بەوە نادات.

دەروازەی یەعروبیەی نێودەوڵەتی لە ناحیەی ڕەبیعە، لەدوای پەلاماری داعش بۆ ناوچەکە داخرا، دوای ئەوەی ناوچەی ڕەبیعە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە لە کۆتایی 2015 لە دەستی داعش دەرهێنرا، دەروازەکە بە فەرمی ڕادەستی دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق کرایەوە. دوای 16ی ئۆکتۆبەر ڕەبیعە کەوتە ژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق، سێ هەفتە لەمەوبەر حکومەتی عێراق بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئیدارەی ڕۆژئاڤا دەروازەکەی کردەوە، بەڵام دوو ڕۆژ دواتر داخرایەوە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو) ڕاگەیاند: "سەرەتا حکومەتی عێراق لەگەڵ ئیدارەی ڕۆژئاڤا ڕێککەوتبوون کە ئەو دەروازەیە بکەنەوە، دوای کردنەوەی، حکومەتی سووریا پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە کرد و ناڕەزایی دەربڕی کە نابێ ئەو دەروازەیە بەبێ ڕەزامەندیی ئەوان بکرێتەوە".

سەرچاوەکە لەبارەی داواکاریی سووریا لە عێراق گوتی: "حکومەتی سووریا بە عێراقی ڕاگەیاندووە کە دەبێت ئاڵای سووریا لە دەروازەکە هەڵبدرێ، هەروەها پۆلیس و کارمەندانی سووری دەروازەکە بەڕێوەببەن. ئیدارەی ڕۆژئاڤاش ڕەزامەندی نیشان نەداوە بۆ ئەمە، بۆیە حکومەتی عێراق ئامادە نییە بەبێ ڕەزامەندی سووریا ئەو دەروازەیە بکاتەوە".

جاسم محەممەد بەڕێوەبەری ناحیەی ڕەبیعە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕاستە ماوەیەک لەمەوبەر دەروازەی نێودەوڵەتیی یەعروبیە لە سنووری ڕەبیعە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کرایەوە، بەڵام تەنیا بۆ مەبەستی مرۆیی بوو".

گوتیشی: "ئێمە چوار ساڵە داوای کردنەوەی ئەو دەروازەیە دەکەین".

دەروازەی یەعروبیە یەکێکە لە چوار دەروازە سنوورییەکانی نێوان عێراق و سووریا کە لە ساڵی 1977 لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا کرایەوە. ئەو دەروازەیە یەکێ لە دەروازە گرنگەکانی نێوان عێراق و سوورییایە، پێشتر زۆربەی ئەو کاڵایانەی لە تورکیاوە دەهێنرانە سووریا، پاشان لەو دەروازەیەوە داخڵی عێراق دەکران.

سەبارەت بە هۆکاری داخستنی دەروازەکە، دوای ئەوەی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کرایەوە، جاسم محەممەد دەڵێت: "ئێمە نازانین هۆکاری داخستنەکەی چی بوو، بەڵام پێدەچێ هۆکارەکە پتر سیاسی بێ، نەک تەکنیکی. هەر شاندێک لە هەر لایەنێک سەردانی ئێمەی کردبێ، ئێمە جەختمان لە کردنەوەی ئەو دەروازەیە کردووەتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ بڕیارێکی فەرمی نییە بۆ کردنەوەی".

دوو هەفتە لەمەوبەر لە ناوچەی بەعاج، دەروازەیەکی نوێ لە نێوان عێراق و سووریا کرایەوە، بەڵام بەڕێوەبەری ناحیەی ڕەبیعە دەڵێت: "ئەو دەروازە نوێیە بەهیچ جۆرێک نابێتە جێگرەوەی دەروازەی یەعروبیە، چونکە ئەو دەروازەیە زۆر لە ڕەبیعەوە دوورە".

جاسم محەممەد دەڵێت داخستنی دەروازەی یەعروبیە کاریگەریی خراپی لەسەر ڕەوشی ئابووریی ناوچەکەیان هەبووە و بەوهۆیەوە خەڵک بێکار ماونەتەوە.

## د.کوردستان موکریانی، نووسەر و ئەدیبی کورد بۆ (ڕووداو):

# هەڕەشەی کوشتنیان لێکردین بۆیە هەولێرمان بەجێهێشت

د.کوردستان موکریانی، سەرۆکی پێشووی کۆڕی زانیاریی کوردستان لە دوایین بەشی بەرنامەی پەنجەمۆردا کە شەوی هەینی لە تەلەڤزیۆنی ڕووداو پەخش دەکرێ، شایەتی لەسەر چەند ڕووداوێکی سیاسی و ڕۆشنبیری دەدات، لەوانەش هۆکاری چوونیان بۆ ئەورووپا و دەڵێت دوای تیرۆرکردنی د.محەممەد باجەلان لە هەولێر، هەڕەشەی کوشتنیان لە ئەو و د.جەمال ڕەشیدی هاوژینیشی کرد، بۆیە ناچار بوون هەولێر جێبهێڵن. لە ئەورووپاش لەلایەن پەکەکەوە داوایان لێکراوە ببنە ئەندامی ئەو پەرلەمانەی پەکەکە دایمەزراند، بەڵام ڕەتیانکردەوە. هەروەها باسی دامەزراندنی کۆڕی زانیاریی کوردستان و ناچارکردنی بە دەستلەکارکێشانەوە لە سەرۆکی کۆڕ دەکات.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**ڕووداو - هەولێر**


(فۆتۆ: ڕووداو)

**بەشی چوارەم و کۆتایی**

**ڕووداو: تۆ ساڵانێک لە بەغدا لە نێو دەزگا کوردییەکاندا کارت کردووە، پەیوەندییەکی باشت لەگەڵ نووسەرانی کورد هەبووە، یەکێک لەوانە ئەحلام مەنسوور بوو، هەڵسەنگاندنت بۆ کارەکانی چییە؟**

**موکریانی:** ئەحلام لە پاریس دەیخوێند، کە گەڕایەوە هاتە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. من لەوێ ناسیم. بەڵام پێشتر لە ڕێگەی کۆمەڵە چیرۆکی "پرد"ەوە ناسیم. ئەحلام لە دەزگا هەڵەچن بوو. هەندێکجار بابەتیشی بڵاودەکردەوە. کچێکی بوێر بوو، نەدەترسا، قسەی دەکرد. ئەگەر سزاش درابا قسەی خۆی هەر دەکرد. جا بۆیە نە ماڵی هەبوو نە پارەی هەبوو، هیچی نەبوو. جارێکیان چوومە ماڵەکەی، ڕۆمانێکی هەبوو بە ناوی ئەڵوەن کە دواتر بڵاوی کردەوە. ڕۆمانەکەی لە هەشتاکاندا نووسیبوو، باسی کوردایەتی دەکرد، باسی مێژووی خانەقینی دەکرد. دەترسا نەوەک دەست بەعس بکەوێ. لەنێو جلەکانی شاردبوویەوە. پێمگوت بۆ وا دەزانی بەعس لەوێ نایدۆزێتەوە؟

**ڕووداو: قسەیەک هەیە نووسەری پیاو هەندێک لە بابەتەکانیان بۆ ئەحلام نووسیبێ؟**

**موکریانی:** ڕەنگە لە سەرەتادا ئەمە هەبووبێ، بەڵام بۆ نموونە من کە سەنتەری شاوشکام هەبوو، هەندێک بابەتم دەدایێ بۆم بنووسێ، زۆر جوانی دەنووسی. ڕەنگە سەرەتا یارمەتییان دابێ، پێداچوونەوەیەکیان بۆ بابەتەکانی کردبێ، یەکێک لەوانە محەممەد موکری بوو. بەڵێ ئەو زۆر یارمەتی داوە. ئەو هەموو ژیانی خۆی بۆ باس دەکردم. بەڵام ناتوانم هەموو شتێکی بڵێم، بەداخەوە هەتا کۆتایی پشتگیرییان نەکرد، گەیاندیانە لوتکە و لەوێ بە تەنیا جێیانهێشت.

**ڕووداو: باسی محەممەد موکریت کرد، زۆر جار لەسەر نووسین تووشی کێشە بووە، بەعس دەستگیریشی کرد، پەیوەندیت لەگەڵی چۆن بوو؟**

**موکریانی:** هەر لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان یەکدیمان دەدیت. بەڵام من لایەنی دیکەی محەممەد موکریم، لەڕێگەی ئەحلامەوە زانی کە ئێرە جێی باسکردنی نییە.

**لەسەر پێشنیازی کاک مەسعود بووم بە سکرتێری یەکێتیی ئافرەتان**

**ڕووداو: ئەو دەزگا کوردییانەی لە سەردەمی بەعس کاریان دەکرد، لە سەردەمی کام لە بەڕێوەبەرەکانیان باش بوون؟**

**موکریانی:** دوای ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار، داو و دەزگاکان بە ئازادی هەموو شتێکیان بڵاودەکردەوە، ماوەیەکی زێڕینە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا، بەڵام دوای نسکۆ ئەمە بەرەو کزی ڕۆی. من کە لە دەزگای ڕۆشنبیری بووم، زۆر لە نووسەران دەهاتنە لای من لە دەست بەعس دەگریان. یەکێک لەوانە ئەمین نەقشبەندی بوو. هەندێکجار شیعری خۆی دەخوێندەوە کە بۆ هەورامانی نووسیبوو، دەستی بە گریان دەکرد. دەیگوت ماندوو بووم لە دەست ئەو کارەی کە ئێستا دەیکەم. عوسمان شارباژێڕی چووبوو گۆرانییەک تۆمار بکات لە ڕادیۆی بەغدا، تێکستەکەی ئەوە بوو کە دەڵێت جوانی کچی کورد جوانی. کە گوتبوویان وەریگێڕە سەر زمانی عەرەبی، گوتبوویان بۆ بەس کچی کورد جوانە! گۆرانییەکەیان بۆ تۆمار نەکرد. ئێمە لە ساڵانێکی زۆر زەحمەتدا ژیاین.

**ڕووداو: تۆ جگە لە زمان، لە بواری ئەدەبیشدا پەیوەندیت هەیە، ئەگەر شاعیرەکان هەڵسەنگێنی لە نێو هەموویان کامەیان بە پێشڕەو دەزانی بە تایبەتی نەوەی حەفتاکان؟**

**موکریانی:** ئەوانەی کە لە حەفتاکان دیار بوون عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت و جەمال شارباژێڕی بوون، ئەوانە ئەو سەردەمە گەنج بوون. ئەوانە شاعیری باشیان لێ هەڵکەوت.

**نووسەرە پیاوەکان ئەحلام مەنسووریان گەیاندە لوتکە و جێیانهێشت**

**ڕووداو: ئەو کارەساتانەی بەسەر کورد هاتن وەکو ئەنفال و کیمیاباران، بوونە هەوێنی نووسینی نووسەرانی کورد، یان هەر هەمووی لە نێوخۆیدا پەنگی خواردبووەوە؟**

**موکریانی:** حەسیب قەرەداخی شیعرێکی زۆر جوانی هەبوو لەسەر هەڵەبجە، بەڵام بە ڕەمز. حەمەئەمین پێنجوێنی شیعرێکی جوانی هەبوو بۆم بڵاوکردەوە.

**ڕووداو: یەکێک لەو کەسایەتییانە کە ڕەنگە لەلای ئەم نەوەیە ناسراو نەبێ، دکتۆر شێر بوو. دەکرێ باسی ئەویشمان بۆ بکەی؟ وابزانم شیعرێکیشی بۆ تۆ گوتووە.**

**موکریانی:** کاتێک مامۆستا بووم لە سلێمانی. ئەو زۆر هاتوچۆی بەشی زمانی کوردی دەکرد. گفتوگۆمان دەکرد. دەیویست کتێبی بۆ چاپ بکەین. منیش وابزانم کتێبێکم بۆ چاپ کرد. دەیویست دەعوەتم بکات بۆ ماڵەکەی، منیش دەمگوت نایەم و دەبێ مامۆستاکانیش بێن. لەبەر من 14 مامۆستاشی دەعوەت کردن. سەردەمێک داڵغەی لە من دابوو. جا کە باسی شیعر دەکرا دەمگوت مامۆستا ئێوە تەنیا باسی جەستەی ژن دەکەن. وەکو مرۆڤ باسی ناکەن. باسی کەسایەتی ناکەن. لە میهرەجانێک شیعرێکی بەسەر مندا هەڵگوت. شیعرەکە دەڵێت:

**کوردستان موکری**
**خاوەنی فیکری**
**کێ ئەکەی زیکری**
**زیکری من بکە**
**جوانی بێ لەکە**
**ئەتبەم بۆ مەککە**
**چیم کرد دەنگ مەکە**

بەڵام پیاوێک بوو دەتتوانی قسەی لەگەڵ بکەی، کەسێکی قسە خۆش بوو. بە کوردی دەینووسی، کوردپەروەر بوو. زۆر حەزی دەکرد خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی بکات. بەڕاستی کردیشی.

**ڕووداو: لە ڕاپەڕینی 1991 ڕۆشنبیران چ ڕۆڵێکیان هەبوو؟**

**موکریانی:** ڕاپەڕین زیاتر خەڵکی شار کردی. بۆ وێنە لە ڕاپەڕینی هەولێر. د.جەمال بزاڤێکی هەبوو، هەر لەلای گەڕەکی خۆمان، گەڕەکی ڕاستی 27 گەنجی ڕێکخستبوو. مەنزوومەیەک لەلای ئێمە هەبوو زۆر سەخت بوو، لەوبەر سالم فەیلی و لەوبەرەش جەمال هێرشیان کرد. بەیانی زوو چوون بۆ بنکەیەکی پۆلیس و چەکیان وەرگرت. ئەوانە هەموویان فەرمانبەر و ڕۆشنبیر بوون. دوای ڕاپەڕینەکە د.جەمال هەفتەیەک بە چەکەکەی خۆیەوە لە کتێبخانەی زانکۆ بوو بۆ ئەوەی تاڵان نەکرێ.

**ڕووداو: یەکێک لەو ڕەخنانەی لە ڕۆشنبیران دەگیرێ ئەوەیە کە دوای ڕاپەڕین ڕوو لە دەرەوەی وڵات دەکەن. ئێوەش کوردستانتان بەجێهێشت. لە کاتێکدا ڕەنگە دەزگاکان و زانکۆکان پێویستیان بە ئێوە هەبووبێ.**

**موکریانی:** جەمال بزاڤێکی دامەزراندبوو، یەکێک لەوانەی لەگەڵمان بوو د.محەممەد باجەلان بوو.

**پەکەکە داوایان لێکردم ببمە جێگری سەرۆکی پەرلەمانەکەیان، بەڵام ڕەتمکردەوە**

دوایین کۆبوونەوەی بزاڤەکە لە 9/4 لە ماڵی ئێمە کرا. د.محەممەد گوتی دەمێکە هەڕەشەم لێکراوە. گوتی تکایە دەرگاکە بکەوە با ئۆتۆمبێلەکەم ببینم، ڕەنگە مەبەستیان ئۆتۆمبێلەکەم بێ نەک من. منیش دەرگام کردەوە. بەڵام دوای ئەوە شەهید کرا.

**ڕووداو: کێ تیرۆری کرد؟**

**موکریانی:** دەبێ بە دەسیسەی لایەک بووبێ. جا ئێمە ئەندامی بزاڤ ئەوەی دیار بوون، سەردانی هەموو حیزبەکانمان کرد بۆ ئەوەی بزانین ئەوە کاری کێیە. وا دیارە ئێمە هەموومان لە ژێر چاودێریدا بووین. ڕۆژێکیان لە کۆلێژ بووم تەلەفۆنیان بۆ کردم، گوتیان چیمان بەسەر محەممەد باجەلان هێنا، ئەوەش بەسەر تۆ و جەمال دەهێنین. ئێمە چەکدار نەبووین بە چی خۆمان بپارێزین. چووین بە حیزبەکانمان گوت، تەنیا پاسۆک یارمەتی ئێمەی دا. د.عەبدوڵڵا ئاگرین چەند چەکدارێکی دا بە ئێمە. بەڵام خۆمان نان نەبوو بیخۆین، چۆن ئەو چەکدارانە بەخێو بکەین. جگە لەوەش پێم شەرم بوو من ڕۆشنبیرێک بم، چەک بمپارێزێ. ئیدی بڕیارمان دا بۆ ماوەیەکی کورت بچینە دەرەوە و نەکوژرێین. ئەگینا هیچ مەبەستێکی دیکەمان نەبوو.

**ڕووداو: د.جەمال ڕەشید پاسۆک نەبوو؟**

**موکریانی:** نەخێر، کەسێکی کوردپەروەر بوو، هاوبیری ئەوان بوو. ئەوان زۆر یارمەتییان دا، تەنانەت کە کوردستانمان جێهێشت هەتا سەر سنوور لەگەڵمان هاتن. دوای ئێمەش سێ مامۆستای دیکەیان تیرۆر کرد. کوشتن زۆر زۆر ئاسان بووبوو، جا باشە من بمێنم و دوو کتێب زیاتر چاپ بکەم، یان بکوژرێم؟

**ڕووداو: ئەو کاتەی چوونە دەرەوە، یەکێک لەو حیزبانەی لە ئەورووپا زۆر بەهێز بوو پەکەکە بوو، ئێوە هیچ تێکەڵاوییتان لەگەڵ پەکەکە دروستکرد؟**

**موکریانی:** پەکەکە چەند جارێک پەیوەندییان پێوەکردین. بە تایبەتی بۆ گێڕانی سەمینار لەسەر ئەدەب و زمان و مێژوو. ئێمە چەند جارێک چووین بۆ سەمینار و کۆنفرانسەکانیان. بەڵام دوایی هاتە سەر ئەوەی کە پەرلەمان دروست بکەن. یەشار کایا هاتە ماڵمان. سێ کەسی دیکەشی لەگەڵ بوو. بۆ ئەوەی ڕای ئێمە بۆ ئەو پەرلەمانە وەربگرێ. جەمال پێیگوتن پەرلەمانێک هەیە لە باشووری کوردستان، ئێوە پەیوەندیتان بە ئەوانەوە کردووە؟ ئەو پەرلەمانە بۆچی دادەنێن؟ بۆ باکوورە؟ بۆ سەرتاسەری کوردستانە؟ دیارە ئەوان بۆ مەبەستێکی دیکە هاتبوون، دەیانویست من و جەمال ببینە ئەندام لەو پەرلەمانە. من ببم بە جێگری سەرۆکی پەرلەمانەکە. جا من زۆر حەز لە جێگری ناکەم. پێمگوتن من دێم وەکو زمانەوانێک کارتان لەگەڵ دەکەم، بەڵام من پەرلەمانم هەیە لە کوردستان، حەز بکەم یان نا سەر بە باشوورم. من ئەگەر هیچ حیزبێکیش لەگەڵم نەبێ، خەڵکی هەولێر دەنگم بۆ دەدەن. من حەز لە پەرلەمانتاری ناکەم لەبەر ئەوەی ئیشی من نییە. یەک دوو دانیشتن چووم، ئیدی نەچوومەوە.

**یەکێتی لەگەڵ ئەوەدا نەبوو من لە کۆڕی زانیاریی کوردستان بمێنم**

**ڕووداو: لە دەرەوە هەوڵێک هەبوو بۆ دروستکردنی ئینسایکلۆپیدیایەکی کوردی، ئەم هەوڵە بە کوێ گەیشت؟**

**موکریانی:** بیرۆکەیەکی زۆر جوان بوو، پسپۆڕانی کوردیان لە ئەمریکاوە هەتا کازاخستان داوەت کردبوو. دوو ڕۆژ کۆبووینەوە، بەرنامەیەکی تێروتەسەلمان دانا، ئیشەکانمان دابەشکردن. بەڵام بۆ ڕۆژی دووەم کە کۆبووینەوە گوتیان با بچینە مەد تیڤی. ئێمەش وامانزانی بۆ باسکردنی پرۆژەکەیە. کەچی گوتیان نەخێر، بڕیاریان داوە مەد تیڤی دابخرێ، ئێوە چ پەیامێکتان هەیە. هەڵبەت هەموومان لەگەڵ ئەوە نەبووین دابخرێ، بەڵام دوای ئەوە کەس پەیوەندی پێوەنەکردین و کەس باسی ئینسایکلۆپیدیاکەی نەکردەوە.

**هەندێک لە ئەندامانی کۆڕی زانیاری هاتنە سەر حازری**

**ڕووداو: تەحسین تەها و فوئاد ئەحمەدیش لە هۆڵەندا بوون، پەیوەندیتان لەگەڵیان چۆن بوو؟**

**موکریانی:** هەر کە لە هەولێر بوون، ئەوانمان دەناسی، چونکە ئەوان هاوڕێی نزیکی شەماڵ سائیب بوون. شەماڵیش مامۆستای زانکۆ بوو. کە لە بەغدا بووین چالاکییەک کرا، منیش وتارێکم نووسیبوو لەسەر شەماڵ کە شەماڵ دەگەڕێتەوە دونیای هونەر، ئەوان شەماڵیان هێنایە ماڵەکەمان لە بەغدا. پاشان هەرسێکیان چوونە سەر ستەیج و گۆرانییان گوت.

**من وام لە شەماڵ سائیب کرد دەست بە گۆرانیگوتن بکاتەوە**

**ڕووداو: کەواتە تۆ شەماڵت هێنایەوە نێو دونیای هونەر؟**

**موکریانی:** بەڵێ.

**ڕووداو: بۆچی وازی هێنابوو؟**

**موکریانی:** دەیگوت یارمەتیم نادەن. شەماڵ کێشەی زۆر بوو.

**ڕووداو: چۆن بوو بڕیارتان دا بگەڕێنەوە کوردستان؟**

**موکریانی:** ئێمە هەر دەمانویست بگەڕێینەوە، بەڵام بارودۆخی کوردستان لەبار نەبوو. هەر دەهات بەرەو خراپتر دەچوو. لە کۆتایی نەوەتەکان بە سەردان گەڕاینەوە. چاومان بە کاک مەسعود بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی کەوت. زۆر پێشنیازم بۆ کردن و زۆربەیان هێنایەدی. لە یەکێک لە دانیشتنەکاندا لەگەڵ کاک نێچیرڤان بارزانی گوتی ئامادەین هەموو بەرهەمەکانی باوکت چاپ بکەین، ئەوە مژدەیەکی خۆشبوو. بەڵام من گەڕامەوە هۆڵەندا، نامەیەکم بۆ هات. من وام بە باش زانی فەرهەنگی کوردستان چاپ بکەین. کاک نێچیرڤان ئیشەکەی بە کاک بەدران ئەحمەد حەبیب سپاردبوو. ئەویش زۆر یارمەتی داین. من بۆ فەرهەنگەکە گەڕامەوە. کە گەڕامەوە بە ئیستانبوڵدا گەڕامەوە. لەگەڵ عەبدوڵڵا کەسکین، سەرۆکی دەزگای ئاڤێستا ڕێککەوتین کە فەرهەنگەکە لەوێ چاپ بکەین. ئیدی دوای ئەوە هەواڵمان بۆ هات کە دەیانەوێ کۆڕی زانیاریی کوردستان دابمەزرێنن. کاک سامی عەبدولڕەحمان زۆر حەزی دەکرد من بەشداری بکەم. ئیدی منداڵەکانم لە هۆڵەندا جێهێشتن و گەڕامەوە.

**ڕووداو: ئەمە درێژەپێدەری کۆڕی زانیاریی کورد بوو لە بەغدا؟**

**موکریانی:** نەخێر، تەنیا شوکر مستەفا لێرە بوو. ئەندام نەبوو، وەکو فەرمانبەرێک لەوێ کاری دەکرد. ئەویان ڕاسپاردبوو کاری کۆڕ بکات، بەڵام فەرمی نەبوو. دەیانویست یەکێک لە وەزیرەکان بکەن بە سەرۆکی کۆڕی زانیاری. ناوی وەزیرێکیان دا، گوتم نابێ. دەبێ کەسێکی ئەکادیمی بێ، هەر هیچ نەبێ دەبێ دکتۆرای هەبێ. بە کاک سامیم گوت کام لە وەزیرەکانتان دکتۆرای هەیە؟ گوتی: شەفیق قەزاز. گوتم ئێ با د.شەفیق ببێ بە سەرۆکی کۆڕ. ئەویش گوتی: باشە قسەی لەگەڵ دەکەم. کە کۆڕی زانیاری دامەزرا من بووم بە سکرتێری کۆڕ، ئێستا بووەتە ئەکادیمیای کوردی. ئێمە هەر ئەوکات حەزمان دەکرد ناوی بنێین ئەکادیمیا، بەڵام مامۆستا شوکر حەزی لە وشەی ئەکادیمیا نەبوو، د.مارفیش حەزی لەو وشەیە بوو. ئیدی بوو بە مشتومڕ و شەڕیان. دوایی من بە هەزار حاڵ ئاشتم کردنەوە.

**شوکر مستەفا و مارف خەزنەدار لەسەر گۆڕینی ناوی کۆڕی زانیاری بەشەڕ هاتن**

**ڕووداو: دەگوترێ داوا لە کەمال مەزهەر و مەسعود محەممەد کرابوو بەشداری لە دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاری بکەن، تەنانەت ببنە سەرۆکی ئەکادیمیاش، بۆچی ڕازی نەبوون؟**

**موکریانی:** ئەوان نەیاندەویست بەغدا بەجێبهێڵن. کە سەدام ڕووخا ئەوجا بەغدایان جێهێشت.

**مەسعود محەممەد و د.کەماڵ مەزهەر دەستیان لە بەغدا بەرنەدەبوو**

**ڕووداو: دوایی بوونە ئەندامی کۆڕ؟**

**موکریانی:** مەسعود محەممەد نەبوو، بەڵام د.کەمال و ئەوڕەحمانی حاجی مارف و کەمال فوئاد بوونە ئەندام. ئەوان داوایان کرد ئێمە دەست لەکار بکێشینەوە. ئەوان هاتنە سەر حازری.

**ڕووداو: ئێوە سەرۆکی کۆڕی زانیاری بوون، بۆچی ناچاریان کردن دەست لەکار بکێشنەوە؟**

**موکریانی:** ئەمە ئەوکاتە بوو کە هەردوو ئیدارەکە یەکیاندەگرتەوە، لە سلێمانی کۆڕی زانیاری نەبوو. ئێمە چەندجارێک داوامان لێکردن کە ئەوان دەتوانن چەند ئەندامێک بهێنن. ئێمە 13 ئەندام بووین، مافمان هەبوو هەتا 23 ئەندام وەربگرین. من لە خولی دووەم کە بە سەرۆکی کۆڕ هەڵبژێردرام هیچ حیسابێکیان بۆ دەنگدان و هەڵبژاردن نەکرد، گوتیان دەبێ دەست لەکار بکێشنەوە، بە تایبەتی یەکێتی لەگەڵ ئەوەدا بوو کە نابێت ئەوانەی لەوێن بمێنن. تەنیا ئەوانەی پەیوەندییان لەگەڵیاندا هەبوو، ئەوانیان هێشتەوە. یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامبوون لە کۆڕی زانیاری ئەوە بوو کە نابێ تەمەنی لە 70 ساڵ زیاتر بێ، بەڵام ئەوانەی دانران زۆربەیان تەمەنیان لە 70 ساڵ زیاتر بوو. تاکە کەس دەستی لەکارنەکێشایەوە د.مارف خەزنەدار بوو.

**ڕووداو: لەسەر پێشنیازی کێ بووی بە سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان؟**

**موکریانی:** کە سەرۆکی کۆڕ بووم، سەنتەرێکی ڕۆشنبیریم دامەزراند بۆ ئافرەتان بەناوی شاوشکا، گۆڤارێکیشمان هەر بەو ناوە هەبوو. زۆر چالاک و بەرچاو بووین. ئەوە وایکرد کە من دەستنیشان بکەن بۆ سکرتێری یەکێتی ئافرەتان. پێیانگوتم پێشنیازی سەرۆک بارزانی بووە کە من ئەو پۆستە وەربگرم. پێمگوتن من فیمینیستم، تا ئێستا ئیشی ڕێکخراوەییم نەکردووە، ئەندامی یەکێتی ئافرەتانیش نیم. گوتیان دەزانین فیمینیستی، بەڵام توندڕەو نیت. دەزانین ئەوەی لەگەڵ تۆ کار دەکات، هەوڵدەدەی پێی بگەیەنی. لەو قۆناغەدا پێویستمان بە تۆیە. ئیدی قبوڵم کرد و نەشمویست قسەی جەنابی سەرۆک بشکێنم.

**ڕووداو: بەڵام قسەی زۆریشت هاتەسەر کە بوویت بە پارتی..**

**موکریانی:** من پارتی نەبووم، لە دەرەوەی پارتی بووم. نازانم بۆ ئەو پۆستەیان دا بە من کە پارتی نیم.

**ڕووداو: گۆڕانکاریتان لەو ڕێکخراوەدا کرد؟**

**موکریانی:** بەڵێ بووژاندمانەوە. پێشتر گۆڤارێکیان دەردەکرد پیاوان بۆیان دەنووسین، بەڵام من هەموویم کرد بە قەڵەمی ئافرەتان. ئەوەی زۆر شانازی پێوە دەکەم ئینستتیوتێکم کردەوە بەناوی پەیمانگەی پێگەیاندنی ئافرەتی سەرکردە. ئەوان ڕازی نەبوون ئەو ناوەی لێبنێم. من پێمخۆشبوو ناوەکە هەروا بمێنێتەوە، بەڵام ناوەکەیان گۆڕی. زۆربەی ئەو ئافرەتانەی بەشداریی خولەکانی پەیمانگەیان کرد ئێستا پەرلەمانتارن، ماستەریان وەرگرتووە.

**ڕووداو: ئێوە کتومت سیاسەتی حیزبتان جێبەجێ دەکرد؟**

**موکریانی:** نەخێر من ئۆتۆنۆمییەکم هەبوو.

**ڕووداو: تا ئێستا چەند کتێبت نووسیون؟**

**موکریانی:** 51 کتێبم نووسیون کە دواییینیان ڕووداو بۆی چاپکردم، زۆر سوپاسیان دەکەم. دەوڵەمەندترین ژنی کوردم لە بواری بڵاوکردنەوەی کتێب.

**د.جەمال ڕەشید بە چەکەوە بووە پاسەوانی کتێبخانەی زانکۆی سەلاحەددین**

گەڕانەوەی دووەمی داعش بۆ گۆڕەپانی شەڕ...



# داعش سەرکەوتوو بوو لە نانەوەی ناکۆکیی نێوان کورد و عەرەب لە سووریا

بەشی سێیەم

**ڕووداو – هەولێر**

ئەمەی دەیخوێننەوە پوختەی ڕاپۆرتێکی پەیمانگەی توێژینەوەی جەنگە لە بارەی گەڕانەوەی دووەمی داعش بۆ مەیدانی شەڕ. لەبەر گرنگیی بابەتەکە (ڕووداو) بە پێویستی زانی بە زنجیرە

> پێشتر هۆشداری درابوو لەوەی داعش شارەکان بە جۆرێک وێران دەکات کەڵکی ژیانیان نەمێنێ

بڵاوی بکاتەوە. لە زنجیرەی ئەمجارەدا تیشک خراوەتە سەر وێرانکردنی بە ئەنقەستی شارەکان لەلایەن داعشەوە، هەروەها چۆنیەتی پەرتکردنی هێزە نەیارەکانی داعش و دۆزینەوەی کەلێن لە نێوان نەتەوە و پێکهاتەکانی ناوچەکانی شەڕ.

## دروستکردنی سەنگەری بەرگریی بەهێز

داعش لە چەندین لاوە دەستی بە بەرگری لە شارەکانی بندەستی خۆی کرد، ئەمە هەم تەکتیکی بەرگریی چڕ و هەم تەکتیکی بەرگریی ناوچەیی لەخۆدەگرت. داعش دەیویست دڵنیا بێ لەوەی هێزە نەیارەکانی شارێکی ئەوەندە وێران و کۆمەڵگەیەکی ئەوەندە پارچەپارچە دەگرنەوە کە مەحاڵ بێ بتوانن ئیدارەیەکی ئەڵتەرناتیڤی جێی باوەڕی بۆ دابنێن.

پەیمانگەی توێژینەوەی جەنگ لە ئاداری 2015 هۆشداری دا کە ڕەنگە داعش شارەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی تووشی وێرانییەکی وەها بکات کەڵکی ئەوەیان

> پێشێلکاریی یەپەگە بەرامبەر عەرەبەکان دەرفەتی بە داعش دا خۆی وەک بەرگریکار لە عەرەبی سوننە بناسێنێ

نەمێنێ خەڵک تێیاندا نیشتەجێ ببنەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو هێزە نەیارەکانی نەتوانن ببنەوە خاوەنی ئەو ناوچانە لە سووریا و عێراق. داعش هەوڵەکانی لە شارەکانی ڕەققە لە سووریا و مووسڵ و ڕومادی و فەللوجە لە عێراق چڕکردەوە، هەموو ئەوانە شاری سەرەکین و وێرانکردنیان پەراوێزخستنی کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە درێژ دەکاتەوە و لەوێشەوە دەریچە بۆ (چالاکی و گەڕانەوەی) خۆی دەهێڵێتەوە. بەپێی لێکدانەوەی داعش، هێزە دژبەرەکانی سەرچاوەی پێویست بۆ بنیاتنانەوەی ئەو شارانە تەرخان ناکەن، لێکدانەوەکەشی ڕاست دەرچوو.

داعش یەکەمجار لەکاتی وەسفکردنی هەڵمەتە شکستخواردووەکەی خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆبانێ لە باکووری سووریا ئەو ستراتیژەی خستەڕوو. لە ئەیلوولی 2014 تاوەکو کانوونی دووەمی 2015، داعش هەزاران چەکداری بۆ هێرشکردنە سەر ئەو شارە تەرخان کرد، بەڵام نەیتوانی شارەکە بگرێت. کەچی محەممەد عەدنانی، گوتەبێژی داعش ئۆپەراسیۆنەکەی بە "سەرکەوتوو" وەسف کرد. عەدنانی پیرۆزبایی لە "خاچپەرستان" کرد بەبۆنەی گرتنی "کۆگایەک لە خۆڵ و خاشاک لە کۆبانێ" و بەڵێنیشی دا داعش لەوانەیە لە شەڕێکدا بدۆڕێ یان شارێک و ناوچەیەک لەدەستبدات، بەڵام ئەوان هیچ کات تێکناشکێن... چونکە دەرئەنجام و سەرکەوتن هەمیشە بۆ ئەوانە.

داعش بە کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنیی ئەمریکا لە عێراق و سووریا توانی ئەو هەڵمەتە ڕێکبخات. بۆ نموونە لە مووسڵ بەرگرییەکی بەهێزی کرد کە لە چەندین چین پێکدەهات، بە جۆرێک ژەنەراڵ ستیفن تاونسێند، فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان بە "گرنگترین شەڕی ناو شار لەکاتی جەنگی جیهانی دووەمەوە" وەسفی کرد. داعش بە هەمان شێوە لە سووریاش بەرگرییەکی ماندووکەری کرد. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا لە شوباتی 2018 ڕایگەیاند لە کاتی جەنگی ڤێتنامەوە هیچ بەتالیۆنێک

> پاککردنەوەی مووسڵ لە مین 10 ساڵی پێویستە

هێندەی بەتالیۆنی تۆپخانەی ئەمریکا کە بۆ پشتگیری لە هاوبەشەکانی هاوپەیمانان لە باکووری سووریا بوون، تۆپی بەکارنەهێناوە. دواجار شەڕەکە ٪65ی خانووەکانی مووسڵی کۆنی وێران کرد و ٪80ی ڕەققەشی والێکرد کەڵکی نیشتەجێبوونی نەمێنێ.

داعش بە ئەنقەست دانیشتووانی مەدەنی وەک قەڵغان و بەرگری بەکارهێنا، بۆ ئەوەی زیانی مرۆیی ئۆپەراسیۆنی پاککردنەوەی شارەکە بەرز بکاتەوە. دانیشتووانی مەدەنیی ناچار دەکرد لە سەنتەری شارەکان کۆببنەوە، بە مینڕێژکردنی ڕێگەکان و لەحیمکردنی دەرگاکان، ڕێگەی لە ڕاکردنی خەڵکی سیڤیل دەگرت و ئەوانەشی لەسێدارە دەدا کە هەوڵی ڕاکردنیان دەدا. بەگوتەی ژەنەراڵ تاونسێند، داعش سەدان کەسی لەوانە کوشت کە "لە مانگی حوزەیرانی 2017 هەوڵی ڕاکردنیان دابوو. تا ئێستاشی لەگەڵ بێ قەبارەی هەموو توندوتیژییەکان بە نەزانراوی ماوەتەوە. تاوەکو مانگی نیسانی 2019، سەدان لاشەی پارچەپارچە لە مووسڵ و ڕەققە لەژێر خۆڵ و خاشاکدا مابوونەوە. داعش ئەو کوشتارە بەکاردەهێنێ بۆ ئەوەی (بە درۆوە) بڵێ ئەمریکا بۆ سزادانی سوننە هاتووە نەک ڕزگارکردنیان لەدەست حکومەتە سەرکوتکەرەکانی عێراق و سووریا.

داعش هەروەها شارەکانی بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆمبڕێژ کرد، بۆ ئەوەی ژێرخانەکەیان تێکبدات و ئەو شارانە ماوەیەکی زۆر دوای کۆنترۆڵکردنەوەشیان کەڵکی ژیان و نیشتەجێبوونی خەڵکیان نەبێ. جیا لەمە، ژێرخانی خزمەتگوزارییە گرنگەکانیشی تێکدا، تاوەکو خەڵک دەستیان نەگاتە ئەو خزمەتگوزارییە

> نزیکەی 60%ی هێزەکانی دژەتیرۆری عێراق لە شەڕی مووسڵدا کوژران

سەرەتاییانە و بۆمبی لە خانووبەرەی ئەوانەدا دادەنا کە شارەکەیان جێهێشتبوو، ئەوەش وەک سزایەک بۆ کاتی گەڕانەوەیان بۆ شارەکان. نموونەی ئەم داهێنانە نەگریسانەیەی داعش بریتی بوو لە: بەستنەوەی بۆمبی چێنراو بە پلاکی کارەبا، تەرمی مردووەکان، یاریی منداڵان و کەرەستەی چێشتلێنانەوە. ئۆفیسی بنبڕکردن و کەمکردنەوەی چەکی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێشبینی دەکات پاککردنەوەی مووسڵ لە بۆمب یەک دەیەی پێویست بێت.

وێرانکاریی بە ئەنقەستی داعش لە مووسڵ تەنانەت مزگەوتی (نووری) گرتەوە، ئەو شوێنەی کە بەغدادی لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانی 2014دا خەلافەتەکەی تێدا ڕاگەیاند. داعش پێش ئەوەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق ناوچەکە پاکبکەنەوە، بەبۆمبی چێنراو مزگەوتەکەی تێکدا، دواتریش وەک هەوڵێک بۆ خۆشکردنی ئاگری تووڕەیی سوننەکان تەقینەوەی مزگەوتەکەی خستە ملی نەیارەکانی. تەقاندنەوەی ئەو مزگەوتە نەک هەر کەلێنێکی سیمبولیکی لە جەرگەی مووسڵدا دروستکرد، بەڵکو وایکرد بەشێک لە بودجەی دروستکردنەوەی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی بۆ چاککردنەوەی ئەو مزگەوتە بچێت. داعش بەو کارەی دڵنیابوو لەوەی هیچ هێزێکی ئاینیی ڕکابەری ناتوانێ لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو شوێنە سیمبولییە بەکاربێنێ و تەحەدای داعش بکات.

لە 2017، داعش جارێکی دیکە تەکتیکی وێرانکاریی شارەکانی لە فلیپین بەکارهێنا. ئەو ڕێکخراوە بۆ ماوەی پێنج مانگ بە تەکتیکی هاوشێوەی تەکتیکەکانی شەڕی ناو شارەکانی عێراق و سووریا، بەرگری لە مەراوی کرد، نموونەی ئەو تەکتیکانەش سوودوەرگرتن لە نیشانشکێن و بەکارهێنانی بۆمبی چێنراو بوو کە لە ئاکامدا هێزەکانی فلیپینی ناچار

> وێرانکاریی بە ئەنقەستی داعش ئەو مزگەوتەشی گرتەوە کە بەغدادی خەلافەتەکەی تێدا ڕاگەیاند

کرد تۆپخانە و هێرشی ئاسمانی بەکاربهێنن. داعش لە تۆڕەکانی پڕوپاگەندەیدا ڕوومالێکی بەرفراوانی ئەو شەڕەی کرد، لەوانەش لە بەرگی پێشەوەی گۆڤاری (ڕومییە). شەڕەکە ٪95ی باڵەخانەکانی نێوەڕاستی مەراوی تێکدا، لەکاتێکدا ئەو وێرانکارییانە هێندەی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان کەمینەی سوننەی فیلیپین و حکومەتی ئەو وڵاتەی ئاڵۆز کرد کە دوای شەڕەکە ڕایگەیاند بەشی زۆری شارەکە لە ژێر دەسەڵاتی هێزی سەربازیدا دەمێنێتەوە.

## پەرتکردنی هێزە دژبەرەکان

داعش پلانی بەرگریی لە شارەکانی بە جۆرێک دانابوو کە توانای هێزە دژبەرەکانی خۆی دابەزێنێ. 50 بۆ ٪60ی هێزەکانی دژەتیرۆری عێراق لە شەڕی مووسڵدا کوژران. لەکاتی هەڵمەتی دژی داعشدا، هێزەکانی پێشمەرگە بەلانیکەم 2000 قوربانی و هێزە ئەمنییەکانی عێراق نزیکەی 10 هەزاریان هەبوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، هەسەدە کە هاوبەشی مەیدانیی سەرەکیی ئەمریکایە لە سووریا، زیاتر لە 11 هەزار کوژراو و 21 هەزار بریندراری لەکاتی هەڵمەتی دژی داعش لە سووریا هەبووە. ژمارەی زۆری کوژراوان دڵنیایی دەداتە داعش کە سەرەڕای لەدەستدانی ناوچەی جوگرافی لە عێراق و سووریا، هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا بە زیانی ئەو ناشکێتەوە.

لە پڕوپاگەندەی خۆیدا، پەرتکردنی هێزەکانی دوژمن کرایە پێوەر بۆ کاریگەریی ڕێکخراوەکە. داعش توانی بیسەلمێنێ کە لە توانایدایە شەڕی گەورە

> بەهۆی شەڕی داعشەوە 80%ی ڕەققە وێران بووە

بکات، هەرچەند چیدی ناوچەی نوێی نەدەگرت و ناوچەکانی دیکەشی لەدەستدابوون، هەر ئەوەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی دەنگدانەوەی گوتاری وێرانکەری داعش بەردەوام بێ. عەدنانی یەکەمجار ئەو شێوازە گوتارەی لە ئاداری 2015 بەکارهێنا، دوای ئەوەی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی کۆبانێ شکستی هێنا، ڕایگەیاند کە ئەمریکا و یەپەگە توانییان دەست بەسەر شارەکەدا بگرنەوە "بەڵام دوای چوار مانگ لە بەکارهێنانی ٪70ی توانای هێزی ئاسمانی و چەکی قورس و هێزە سەربازییەکانتان". داعش لە ڕێگەی میدیای خۆیەوە دەستی بە بڵاوکردنەوەی ئینفۆگرافیکی وردەکاریی ئەو زیانانە کرد کە بە دوژمنەکانی گەیاندبوو. لە 10 ژمارە لە کۆی 13 ژمارەکەی گۆڤاری مانگانەی (ڕومییە) کە لە ئەیلوولی 2016 تاوەکو ئەیلوولی 2017 بڵاوکرانەوە، داعش ئینفۆگرافیکی هاوشێوەی بڵاوکردەوە. ئەو گۆڕانکارییە لە پەیامەکانی داعش ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی گوێگرانی ڕێکخراوەکە (واتە چەکدارەکانی لە سووریا و عێراق و وڵاتانی دیکە و لایەنگرانی کە لە دوورەوە سەیری ڕووداوەکانیان دەکرد) شانازی بە کاریگەریی داعشەوە لە مەیدانەکانی شەڕ بکەن، هەرچەند ڕێکخراوەکە خاکی لەدەستدابوو.

## لەنێوبردنی ڕکابەرە ئاینییەکان

داعش لە هەوڵدا بوو ڕکابەرە ئاینییەکانی خۆی لەنێوبەرێ کە دەکرا لەدەستدانی خاک و لەدەستدانی نێوبانگ لەلایەن داعشەوە بۆ خۆیان بەکاربێنن، بەتایبەتیش ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و

> شەڕی داعش 65%ی خانووەکانی مووسڵی کۆنی خاپوور کرد

سعودیە. ئەلقاعیدە بەنیاز بوو جارێکی دیکە پێگەی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی سەلەفی - جیهادی بگرێتەوە دەست، لەکاتێکدا داعش بەرەبەرە خاکی لە عێراق و سووریا لەدەستدەدا. هەر بۆیە هەوڵی ڕاکێشانی کۆمەڵێک گرووپی لە تۆڕەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دا، تاوەکو بیسەلمێنێ هێشتاش باڵادەستە. لە ساڵی 2015دا، ژمارەیەک لە ئەندامانی دەستلەکارکێشاوەی ئیمارەتی قەوقاز لە ڕووسیا، بۆکۆحەرام لە نایجیریا و بزووتنەوەی ئیسلامیی ئوزبەکستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لە کانوونی یەکەمی 2014دا داعش هەوڵیدا ئەندامانی ئەلقاعیدە لە ڕێکخراوی مەغریبی ئیسلامی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ڕەنگە ئەو گرووپە لۆکاڵییانەی لە ئەلقاعیدەوە پەیوەندییان بە داعشەوە کرد، لەپێناو بەدەستهێنانی نێوبانگ لە ناوچەکەی خۆیان وایانکردبێ. دەرچوونی ئەو ئەندامانە تەنیا کاریگەرییەکی لاوەکییان لەسەر چالاکییەکانی ئەلقاعیدە لە جیهاندا دانا، بەڵام هەر وازهێنانی ئەو ئەندامانە و چوونیان بۆ نێو داعش ئەو هەستەی دروستکرد کە داعش لە ئاستە جیهانییەکەدا لە ئەلقاعیدەی بردووەتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئەلقاعیدە لقێکی بەهێزی لە سووریا هەبوو بەناوی بەرەی نوسرە کە ئێستا بووەتە هەیئەی تەحریری شام و پێگەی خۆی لە سووریا بەهێز دەکرد، لەکاتێکدا پێگەی داعش لە سووریا ڕووی لە لاوازی نابوو. وەک لەم ڕاپۆرتەدا وردەکارییەکەی دەخەینەڕوو، داعش لە نێوەڕاستی 2017 وە ئۆپەراسیۆنەکانی لە دژی ئەو باڵەی قاعیدە لە ڕۆژئاوای سووریا توندتر کرد.

فۆکەسێکی دیکەی داعش لەسەر سەندنەوەی ڕەوایەتی لەو دژایەتییە بوو کە لە سعودیەوە لەگەڵی دەکرا. لە کانوونی یەکەمی 2015، بەغدادی داوای لە موسڵمانان کرد، لە دژی خێزانی سەلول (سعود) و "تاغووتی بێباوەڕ" هەڵسنەوە و لەدژی شانشینی "بەدرۆ ئیسلامی"ی سعودیە ڕابن. دواتر و لە مانگی ئابی 2018، بەغدادی لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا بانگەشەی ئەوەی کرد کە سعودیە هەوڵدەدات دانیشتووانی خۆی بکاتە سێکولار و لەئەنجامدا بە چاکسازیی کۆمەڵایەتی ئیسلام لەنێوبەرێ، بۆ ئەوەی موسڵمانان "بکاتە ڕۆژئاوایی و جێرمان". داعش چەندین هێرشی سەرکەوتووی لە سعودیە ئەنجامدا، لە هەمووشیان بەرچاوتر هێرشێک بوو بە پشتێنی بۆمبڕێژکراو کە لە تەمموزی 2016 و دوو ڕۆژ پێش کۆتاییهاتنی مانگی ڕەمەزان کرا و تێیدا چوار پاسەوان لە بەشی پارکینگی مزگەوتی نەبەوی کوژران. ئەو هێرشە تەحەدای ڕەوایەتی ئایینی سعودییەکانی دەکرد وەک پارێزەری حەرەمەینی شەریفەین.

## لێکەوتە

ستراتیژی داعش بۆ خۆلادان لە شکست بەشێوەیەکی بەرچاو لە نیسانی 2015 تاوەکو تشرینی یەکەمی 2017 سەرکەوتوو بوو. داعش نەیتوانی ئەو شارانە ڕابگرێت کە لە دەرەوەی عێراق و سووریا گرتبوونی، بەڵام هەر کۆنترۆڵکردنی کاتیی چەندین شار بەس بوو بۆ ئەوەی وره بە هێزەکانی بدات و گوڕوتین بە بنکەی ڕاکێشانی ئەندام ببەخشێ. داعش ئامادە نەبوو لە ڕومادی، فەللوجە و مووسڵ شارێک ڕادەستی حکومەت بکاتەوە کە توانای کارکردنی تێدا مابێ و لەلایەکی دیکەشەوە توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراقی دابەزاند، لەو دوو ڕێگەیەشەوە بەشێک لە ئامانجە سەرەکییە سیاسی و سەربازییەکانی خۆی پێکا.

جیا لەمە، سەرکەوتوو بوو لەوەشدا کە لە سەرتاسەری باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ناکۆکی لەنێوان کورد و عەرەبدا بنێتەوە. ئەمریکا بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ لەدژی داعش لە سووریا پشتی بە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دەبەست کە دانیشتووانی زۆرینە سوننەی عەرەبی ناوچەکەی خستبووە پەراوێزەوە. یەپەگە لقێکە لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە هێزێکی سیکولاری چەپە و شەڕێکی جوداخوازی درێژماوەی لە دژی تورکیا هەڵگیرساندووە. خەڵکی

> داعش سەلماندی کە دەتوانێ شەڕی گەورە بکات

عەرەبی ناوچەکە کەیفیان بە ئامانجە سیاسییەکانی (یەپەگە) نایەت. یەکێک لەو ڕووداوە زەقانەی کە یەپەگە بەهۆیەوە تووڕەیی خەڵکی ناوچەکەی جوڵاند، ئەو کاتە بوو کە دوای ئازادکردنی ڕەققە لە تشرینی یەکەمی 2017، لافیتەیەکی گەورەی بە وێنەی عەبدوڵلا ئۆجەلان، دامەزرێنەری پەکەکە لە نێوەڕاستی شارەکە هەڵکرد. یەپەگە پاکتاوی نەتەوەیی و پێشێلکاری دیکەشی لە دژی عەرەبەکانی باکووری سووریا کردووە. هەر بۆیە داعش دەرفەتێکی بەردەوامی لەبەردەستە بۆ ئەوەی خۆی وەک بەرگریکاری عەرەبە سوننە چەوساوەکانی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا دەربخات.

> چوونی ئەندامانی قاعیدە بۆ نێو داعش ئەو هەستەی دروستکرد کە ململانێکەی لە ئەلقاعیدە بردووەتەوە

هەڵمەتی داعش بۆ خۆلادان لە شکست لە دوای ڕەققەش بەردەوام بوو، بەڵام لە کۆتاییەکانی 2017 گەورەترین سەرکەوتنی تۆمار کرد. بەشی دواتری ئەم ڕاپۆرتە وردەکاریی دوایین ئۆپەراسیۆنەکانی ئەو گرووپە دەخاتەڕوو کە بۆ بەرگریکردن لە خاکی ژێر کۆنترۆڵی خۆی، لە دۆڵی نێوەڕاستی ڕووباری فورات کردی و تاوەکو ئاداری 2019 بەردەوام بوو.

# چاودێریی دارایی داوای لێکۆڵینەوە لە سەرپێچییەکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی دەکات

**بەپێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی:**

**131 ملیۆن دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی سەرۆکایەتی زانکۆ بەبێ فەرمانی زانکۆیی خەرج کراوە**

**نزیکەی 96 ملیۆن دینار بۆ پاداشتی فەرمانبەران بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی خەرجکراوە**

**501 ملیۆن دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی پەیمانگەیەک خەرجکراوە، بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی**




شکار ئەحمەد
ڕووداو - هەولێر

بەپێی ڕاپۆرتێکی فەرمانگەی وردبینی لە پارێزگای سلێمانی کە سەر بە دیوانی چاودێری داراییە و ڕاپۆرتەکە لەسەر زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانییە، پارەیەکی زۆر لەلایەن ئەو زانکۆیەوە بەدەر لە ڕێنمایی خەرجکراوە، چەندین "کەموکوڕیی گەورە و جێی گومان"یش لە ڕێکارە کارگێڕی و ژمێریاری و یاساییەکانی زانکۆکەدا هەن.

## پارەی حکومەت لەلای زانکۆیە

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە کە کۆپییەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، لیژنەیەکی فەرمانگەی وردبینی لە ڕۆژی 2019/12/3 دەستی بە وردبینی کارەکانی ئەو زانکۆیە کردووە و ڕۆژی 2019/5/14 کارەکانی تەواو بوون.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، خەرجیی زانکۆکە لە بودجەی ئاسایی 15 ملیار و 630 ملیۆن و 417 هەزار دینار بووە، خەرجییەکانی لەسەر سندوقی داهاتی خۆیشی 4 ملیار و 360 ملیۆن و 649 هەزار دینار بووە، داهاتی زانکۆکەش لەسەر سندوقی داهات 4 ملیار و 689 ملیۆن و 426 هەزار دینار بووە.

> **زیاتر لە ملیارێک دیناری حکومەت لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانییە و نەنێردراوە بۆ خەزێنە**

ڕاپۆرتەکە دەڵێت: زانکۆکە ژمارەیەکی زۆر پسوولەی پارە وەرگرتنی بەسەر کۆلێژ و پەیمانگەکاندا دابەشکردووە، بەڵام دەورووتەسلیم نەکراوە. لە ساڵانی پێش 2017ش تۆمارگەی کەلوپەلیان ڕاگرتووە، داوا کرا بەپێی ڕێنماییەکان کاری لەسەر بکرێت، بەڵام کاری لەسەر نەکرا، ئەمەش بەپێی یاسای ژمارە 2ی ساڵی 2008 بە "سەرپێچیی دارایی" دادەنرێ.

تێبینییەکانی دیوانی چاودێریی دارایی لەبارەی داهاتی زانکۆکە ئەمانەن: ملیارێک و 9 ملیۆن و 365 هەزار دینار بەشی خەزێنەی حکومەت بووە لە سندوقی داهاتی ساڵەکانی 2016 و 2017، بەڵام تا کۆتایی کاری لیژنەکە، بۆ وەزارەتی دارایی نەنێردراوە.

لەبارەی خەرجییەکانی بودجەی ئاسایی زانکۆکەش، لە ڕاپۆرتی لیژنەکەدا هاتووە: "دوو ملیۆن و 320 هەزار دینار بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل تەرخانکراوە، بەڵام مامەڵەی دوو پسوولە بەبێ واژۆ ڕاییکراون و وردبینیشیان تێدا نەکراوە، جیاوازییەکی زۆریش لە واژۆی ئەندامانی لیژنەکە لەسەر زۆربەی پسولەکان هەیە. 14 ملیۆن و 444 هەزار دیناریش بۆ کڕینی گاز و بەنزینی ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆکایەتی زانکۆ لەلایەن لیژنەی سووتەمەنییەوە خەرجکراوە، کە سەرۆکی لیژنەکە شوفێری سەرۆکی زانکۆیە و بڕوانامەی نییە".

## دەرماڵە بەدەر لە ڕێنمایی دراوە

لەبارەی دەرماڵەکانیش، بڕی 100 هەزار دینار بۆ لێپرسراوی هۆبەکان "بەپێچەوانەی یاسای خزمەتی ڕاژەی زانکۆیی" خەرجکراوە. بەپێی یاساکە، پارەکە بۆ لێپرسراوی بەشە کارگێڕییەکان خەرج دەکرێت نەک هۆبەکان "هەروەها 25%ی دەرماڵەی مەترسی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی ناونیشانی تەکنیکی پیشەییان هەیە خەرجکراوە، کە بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی دەبێت 20% بێت. 100% دەرماڵەی خۆتەرخانکردنی زانکۆیی بۆ فەرمانبەران بە ناونیشانەکانی (ڕاگەیاندنکار، پرۆگرامساز، ڕاهێنەری وەرزشی) خەرجکراوە لە کاتێکدا ئەو ناونیشانانە لە لیستی یاسای خزمەتکردنی زانکۆییدا نین. 100% دەرماڵەی خۆتەرخانکردنی زانکۆیی بۆ چەند فەرمانبەرێکیش بە ناونیشانی (موعید) خەرجکراوە کە دەبێت ئەو فەرمانبەرانە لە بەشەکانی خۆیان بەشداریی وانەی پراکتیکی بکەن، بەپێچەوانەوە شایستەی وەرگرتنی 75%ی دەرماڵەکەن".

## خەرجییەکانی سندووقی داهات

دیوانی چاودێری دارایی تێبینی لەسەر خەرجییەکانی سندوقی داهاتیش هەیە کە زانکۆ لیژنەیەکی سێ کەسی بۆ پێکهێناوە "بەڵام ئەو کەسانە جێی گومانن". چونکە سەرۆکی لیژنەکە بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی زانکۆیە، کاری لەنێو سەرۆکایەتی و لەگەڵ سەرۆکی زانکۆیە، لەکاتێکدا سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیە پێویستی بە کاتێکی زۆرە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی. ئەندامێکی لیژنەکەش لێپرسراوی خزمەتگوزارییە و کاری دیکەی هەیە، میلاکیشی لەسەر پەیمانگای تەکنیکی سلێمانییە و بەشێوەی تەکلیف لە سەرۆکایەتی زانکۆکە کاردەکات.

هەر لەبارەی خەرجییەکان "بڕی 131 ملیۆن و 176 هەزار دینار پاکتاوکراوە بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی سەرۆکایەتی زانکۆ، بەڵام فەرمانی زانکۆیی بۆ نۆژەنکردنەوە و خەرجی دەرنەکراوە، لەکاتێکدا هەر بڕە پارەیەک لە سندوقی داهات خەرج بکرێ، پێویستە فەرمانی خەرجکردنی لە ئاستی وەزارەت یان زانکۆ هەبێت، دەرخستەش بۆ دەستنیشانکردنی پێویستییەکان و نرخەکانیان نەبووە، بەڵکو پشت بە پسولەی خەرجییەکان و پاکتاوکردنیان بەستراوە، واتە ڕاستەوخۆ کارەکە کراوە و کۆنووسی وەرگرتن بۆ وەرگرتنی پارەکە ڕێکنەخراوە".

> **بۆ یەک سیمیناری مەلا بەختیار دوو جار و دوو پسولەی جیاوازی خەرجی هەیە**

## پاداشتی فەرمانبەران

لە پێداچوونەوەی کۆتایی داهاتدا دەرکەوتووە 95 ملیۆن 948 هەزار دینار بۆ پاداشتی فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگاکان خەرجکراوە "ئەمەش پێچەوانەی بڕگەی 6 لە ڕێنمایی دارایی ژمارە (4) لە 2017/1/18ـیە کە ئاماژەی بە ڕاگرتنی خەرجکردنی پاداشت و هاوکارییەکان داوە".

هەر لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە خەرجکردنی 27 ملیۆن و 322 هەزار دینار بۆ چاککردن و سەوزکردنی باخچەکانی کەمپی کۆلێژە تەکنیکییەکانی (تەندروستی، کارگێڕی، ئەندازیاری، ئینفۆرماتیک) پاکتاوکراوە، بەڵام بۆ خەمڵاندن و دەستنیشانکردنی پێداویستی باخچەکان دەرخستەیەک نییە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی "ئیستیغلالکردنێکی بەرچاو بەپێچەوانەی ڕێنماییە داراییەکان" لە خەرجییەکانی سندوقی داهات کراوە وەک دەستنیشانکردنی مووچەی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی زانکۆ، فەرمانبەر و مامۆستایان بۆ دەوامی ئێواران و کرێی وانەبێژی، لەوانەش زانکۆ لە دوو نووسراودا بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا مووچەی ئەمیندار، سەرۆک و یاریدەدەرانی سەرۆک، ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆی دەستنیشان کردووە، لەکاتێکدا بەپێی بڕیاری ژمارە (86)ی ساڵی 2016 و ڕێنمایی ژمارە (7)ی وەزارەتی دارایی هیچ مووچەیەکیان بۆ دەستنیشان نەکراوە.

> **شوفێری سەرۆکی زانکۆ کراوەتە سەرۆکی لێژنەی کڕینی سووتەمەنی و بڕوانامەشی نییە**

مامۆستا و فەرمانبەرانی ستافی ئێوارانیش بەپێچەوانەی ڕێنمایی ژمارە (7)ی وەزارەتی دارایی مووچەیان بۆ خەرجکراوە، زانکۆکە لە وەڵامی یاداشتێکی دیوانی چاودێری دارایی دەڵێ ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی وەرنەگیراوە، بەڵام ڕێککەوتن لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ خەرجکردنی مووچەکە کراوە، لیژنەکەش داوای ڕێککەوتنەکەی کردووە، بەڵام وەڵامیان نەداوەتەوە. لیژنەکەی دیوانی چاودێری دارایی لە ڕاپۆرتەکەدا دوو خشتەی خەرجکردنی ئەو پارانەی داناوە کە بڕەکەی 44 ملیۆن 500 هەزار دینارە.

زانکۆکە بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی زیاتر لە 78 ملیۆن دیناریشی بۆ مووچەی تەکلیفکردنی سەرۆک و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ، ڕاگری کۆلێژ و پەیمانگاکان بۆ ساڵی 2016 و 2017 بە مووچە و دەرماڵەی تەواوی بێ پاشەکەوت لەسەر سندوقی داهات خەرجکردووە.

لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی مام جەلالیشدا بەبێ فەرمانی خەرجکردن بڕی 985 هەزار دیناری بۆ کڕینی گوڵ و نانخواردنی سەرۆک، ئەندام و فەرمانبەرەکانی خەرج کردووە، لەکاتێکدا پسولەکان واژۆی هیچ لیژنەیەکیان لەسەر نەبووە. بڕی 585 هەزار دیناریش بۆ نانخواردن خەرجکراوە کە بەڕای لیژنەکە ئەوە "ئیستیغلالە"، بۆیە یاداشتێکیان ئاراستەی بەڕێوەبەری ژمێریاری، وردبینی، بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ کردووە، بەڵام وەڵامیان نەداونەتەوە.

لەبارەی ئەو پارانەش کە بۆ بەشە ناوخۆییەکان خەرجکراوە، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: حەوت ملیۆن دینار پاکتاوکراوە بۆ چاککردنەوەی دوو بۆیلەری بەشە ناوخۆییەکانی کەمپی چوارچرا، کە هیچ بەراییەکی هاوپێچ نەکراوە و پسولەی تێچووی چاککردنەکەشی نەبووە.

10 ملیۆن دینار وەک پێشینە بۆ پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بەمەبەستی چاککردنی تاقیگەکان خەرجکراوە، بەڵام بەشی ژمێریاری پسولەی نەداوە بە لیژنەکە. هەروەها 46 ملیۆن و 600 هەزار دینار بۆ کڕینی 100 کەنتۆری دووتاکیی تەختە و 200 قەرەوێڵەی دووقات بۆ بەشەناوخۆییەکان خەرجکراوە، بەڵام هەڵسەنگاندنی کواڵیتی نەکراوە، لێپرسراوی گەنجینە و سەرۆکی لیژنەش نەیانبینیوە.

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی 5 ملیۆن و 460 هەزار دیناری بۆ دوو سیمیناری مەلا بەختیار و سەعدی ئەحمەد پیرە لە هۆتێل ئاشوور خەرج کردووە، لیژنەکەی دیوانی چاودێری دارایی دەڵێت: بۆ کۆڕەکەی مەلا بەختیار دوو جار و دوو پسولەی جیاواز کراوە، ئاماژە بە ناونیشانی هیچ کۆڕێک نەکراوە و پەیوەندیی ئەو کۆڕانە بە زانکۆوە نەخراوەتەڕوو.

زانکۆ بڕی 36 ملیۆن و 824 هەزار دیناریشی بۆ نۆژەنکردنەوە و کڕینی پێداویستیی کۆلێژی تەکنیکی، ڕاگرایەتی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانیی بەیانیان و ئێواران خەرج کردووە، بەڵام کۆنووسێک بۆ پێداویستی شوێنەکان و خەرجییەکان ڕێکنەخراوە، بەڵکو دواتر بە نووسراوێکی کۆلێژی تەکنیکی و ڕاگرایەتی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی ئاماژەی پێدراوە، بەڵام هیچ نووسراوێک ژمارە و ڕێکەوتی لەسەر نەبووە و 2 ملیۆن و 245 هەزار دیناریش لە نۆژەنکردنەوەکە زیاد خەرجکراوە.

زانکۆ پارەیەکی زۆری بۆ چەند کۆلێژ، پەیمانگا و سەنتەرێک خەرج کردووە کە خۆیان داواکارییان پێشکەش نەکردووە، لەوانەش 14 ملیۆن و 305 هەزار دینار بۆ کڕینی پێداویستیی کۆمپیوتەر بۆ بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، 4 ملیۆن و 745 هەزار دینار بۆ کڕینی (بلیارد، دووگۆڵیی دەست، تێنس و ڕەکتە) بۆ سەنتەری ڕۆشنبیری، 3 ملیۆن و 750 هەزار دینار بۆ بۆیاخکردنی بەشی ناوخۆیی کچان لە کەمپی چوارچرا، 136 ملیۆن و 153 هەزار دینار بۆ کڕینی کەلوپەل و پێداویستی کۆلێژ و پەیمانگاکان کە بەشێکیان کەلوپەلەکانیان هەر وەرنەگرتووە یان بە تێکەڵ و پێکەڵی وەرگیراون، بەشێکیشیان چوونیەک نەبوون لەگەڵ ئەو مواسەفاتانەی ئاماژەیان بۆ کراوە.

> **لیژنەیەکی بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی پێکدێنین**
> — سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی:

> **850 ملیۆن دینار بە چەکی بانکی دراوە بە سەرۆکی زانکۆ**

## سەرۆکی زانکۆ و چەکی بانک

بەپێی ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی 850 ملیۆن دینار بە چەکی بانکی دراوە بە سەرۆکی زانکۆ، بەڕێوەبەری ژمێریاری بە 3 خاڵ وەڵامی یاداشتی لیژنەکەی داوەتەوە کە:-1 بەمەبەستی کڕینی ئۆتۆمبێل.-2 بانکی کوردستان ڕێگەی نەداوە هەفتانە بڕی 50 ملیۆن زیاتر ڕابکێشرێت. -3 سەرۆکی لیژنە ئامادە نەبووە ئەو بڕە پارە زۆرە وەربگرێت.

لیژنەی چاودێری داراییش وەڵامی پاساوەکان ئاوا دەداتەوە:-1 کڕینی ئۆتۆمبێل لەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییە نەک سەرۆکی زانکۆ.-2 سەرۆکی زانکۆ هەرجارە و لە یەک ڕۆژدا بڕی 200 تا 250 ملیۆن دیناری لە هەمان بانک ڕاکێشاوە.-3 سەرۆکی زانکۆ هیچ ئیلتیزامێکی دارایی نییە بۆ ڕاکێشانی پارە.

بێجگە لەوەش دوو ملیۆن و 260 هەزار دینار بۆ کڕینی خەزنەیەک لە ژووری سەرۆکی زانکۆ خەرجکراوە، تاوەکو 2017/9/10 بڕی 400 ملیۆن دینار دراوە بە سەرۆکی زانکۆ بەبێ بوونی خەزنە، لەوبارەیەوە لیژنەکە یاداشتی لەبارەی شوێنی دانانی ئەو پارەیە ئاراستەی بەڕێوەبەری ژمێریاری کردووە، بەڵام وەڵامی نەداوەتەوە.

## پرۆژە بێ تەندەرەکان

دوای بومەلەرزەکەی دەربەندیخان، زانکۆ 501 ملیۆن و 503 هەزار دیناری بۆ نۆژەنکردنەوەی پەیمانگای‌تەکنیکی‌دەربەندیخان‌وبەشەناوخۆییەکان خەرج کردووە، لیژنەکە دەڵێ نۆژەنکردنەوەکە بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی کراوە، لەبەرئەوەی بڕی پارەکەش لە 100 ملیۆن دینار زیاتر بووە، دەبوو بەڕێگەی تەندەر و بانگێشتی کۆمپانیاکان بووایە، هیچ لیژنەیەکیش پێکنەهێنراوە بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی‌نۆژەنکردنەوەکە.

لەلایەکی دیکەوە زانکۆ 363 ملیۆن و 496 هەزار دیناری بۆ کڕینی پێداویستی (کۆمپیوتەر، فۆتۆکۆپی، داتاشۆ، پرینتەر) بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ، کۆلێژ و پەیمانگاکان خەرج کردووە، بەڵام لیژنەکە دەڵێ بۆ دەربازبوون لە ڕێکارە یاساییەکان، کڕینەکان بەش بەش کراون، لەکاتێکدا بڕی پارەکانیان لە 350 ملیۆن دینار زیاتر بووە، بەبێ ئەوەی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی وەرگیرابێت، سەرۆکی لیژنەکەش لەبەرئەوەی شارەزای بواری ئەلیکترۆنی نەبووە، واژۆی لەسەر پسولەکان نەکردووە.

زانکۆکە 123 ملیۆن و 34 هەزار دیناریشی بەمەبەستی کڕینی کەلوپەل و پێداویستی بۆ پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی خەرج کردووە، بەڵام لێپرسراوی گەنجینەی پەیمانگا زۆربەی کەلوپەلەکانی نەبینیوە و بەهۆی ئەوەی سەنەدی دەرچووی گەنجینەی سەرۆکایەتی زانکۆشی نەبووە، هاتووی گەنجینەیان پێنەکراوە.

دابینکردنی سووتەمەنی یەکێکی دیکەیە لەو خەرجیانەی لیژنەکە گومانی لەسەر هەبووە، چونکە 173 ملیۆن و 936 هەزار دینار بۆ کڕینی 283 هەزار لیتر گاز بۆ مولیدەکانی کەمپی چوارچرا، سەنتەری زمان، چیلەر و بۆیلەری بەشە ناوخۆییەکان خەرجکراوە، بەڵام لیژنە بۆ وەرگرتنی بڕی گازی کڕدراو پێکنەهاتووە، ڕاستەوخۆ بە تەنکەر لە بەنزینخانەوە خراوەتە نێو خەزانەکان، لەکاتی سەرفکردنی گازیش کار بە خەزانەکان نەکراوە، ژمارەی سەعاتی کارکردنیشیان تۆمار نەکراوە.

> **بایی 173 ملیۆن دینار گاز بۆ موەلیدە کردراوە، بەبێ ئەوەی لێژنەی بۆ پێکبێت**

## دۆسیەی فەرمانبەران

سەبارەت بە بەشی کارگێڕی و دۆسیەی کەسی زانکۆکەش، لە بەدواداچوونی لیژنەکەدا دەرکەوتووە چەند فەرمانبەرێک لە بەشە جیاوازەکانی سەرۆکایەتییەکە و کۆلێژەکانی (تەندروستی، ئینفۆرماتیک، ئەندازیاری) کار دەکەن کە پسپۆڕییان لەگەڵ کاری بەشەکان ناگونجێ، بۆ نموونە کەسێک ناونیشانەکەی یاریدەدەری بەڕێوەبەری هونەرییە، بەڵام لە بەشی کارگێڕیی زانکۆکە کاری سکانکردنی نووسراوە هاتووەکانە، هەروەها فەرمانی کارگێڕی دابەشکردنی کار لە کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی دەرنەکراوە بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ئەرکی فەرمانبەران و دڵنیابوونەوە لە شایستە داراییەکانیان.

هەر بەپێی ڕاپۆرتەکە، فەرمانبەرێک بە ناونیشانی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی کراوە بە لێپرسراوی هۆبەی کارگێڕیی کۆلێژی تەکنیکی ئینفۆرماتیک، بەپێچەوانەی ڕێنمایی دارایی ژمارە 7326 لە 2004/6/22، کە پێویستە لە پێکهاتەی ڕێکخستندا ئەو شوێنە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بێت، ئینجا دەتوانرێت ناونیشانی ناوبراو کاری تێدا بکات، بۆیە لیژنەکە داواکارە کاری یاسایی بکرێت بۆ گواستنەوەی فەرمانبەرەکە بەهۆی نەگونجانی ناونیشانی لەگەڵ پەیکەری ڕێکخستنی کۆلێژەکە.

هەروەها سێ فەرمانبەری پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی ماوەی چەند ساڵێکە بەشێوەی تەکلیف و بەردەوام لە سەرۆکایەتی زانکۆکە دەوام دەکەن، هیچ ڕێنمایی و یاسایەک نییە ڕێگە بدات بە تەکلیفکردن لەوێ بمێننەوە، یەکێکیان ناونیشانەکەی لە پەیمانگا شوفێرە، بەڵام لە سەرۆکایەتی زانکۆ لێپرسراوی خزمەتگوزاری و ئەندامی لیژنەی هەنووکەیی و ڕاپەڕاندنی زۆربەی کارەکانی سەرۆکایەتی زانکۆیە. فەرمانبەرێکیش لە بەشی دارایی پەیمانگا ناونیشانی ژمێریارە، بەڵام لە سەرۆکایەتی زانکۆکە کاری ڕاپەڕاندنی کارە داراییەکانە و ڕێگەپێدراوە بۆ وەرگرتنی پارە لە بانک.

> **ئەوانەی کراون بە ئەندامی لێژنەی خەرجییەکانی سندوقی داهاتی زانکۆ، جێی گومانن**

لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەشدا ئاماژە بە ناوی 10 فەرمانبەر کراوە کە لە ڕێکخراوەکانەوە گواستراونەتەوە بۆ کۆلێژەکان، ئەو مووچانەی بۆیان دەستنیشانکراوە لەگەڵ بڕوانامە و ساڵانی خزمەتیان ناگونجێ. بۆ نموونە هەندێک لەوانە بە "سەرۆکی تێبینەران" دامەزراون. لە کاتێکدا دەرچووی زانکۆ بە (یاریدەری تێبینەر) دادەمەزرێ و دەبێ هەشت ساڵ خزمەتی هەبێ، ئینجا دەبێ بە "سەرۆکی تێبینەران".

ڕاپۆرتەکە داوا دەکات لیژنەیەک بۆ پێداچوونەوە بە دۆسیەی ئەو فەرمانبەرانەدا بکات و بەپێی بڕوانامە و ساڵانی خزمەت، مووچەکانیان ڕاستبکرێتەوە.

لیژنەکەی دیوانی چاودرێری دارایی لە زۆربەی بڕگەکانی ڕاپۆرتەکەیدا داوا دەکات لەسەر ئاستی وەزارەتی خوێندنی باڵا و بە نوێنەرایەتی ئەندامی داواکاری گشتی لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ ئەو "سەرپێچی"یانەی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی پێکبهێنرێ و فەرمانبەری بەرپرس دەستنیشان بکرێت و ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ بکرێت.

## زانکۆ لیژنە پێکدێنێ

د.ئالان فەرەیدوون، سەرۆکی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێمە 16 هەزار خوێندکار و 700 مامۆستامان هەیە، ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ وانەگوتنەوەی مامۆستاکان و سووتەمەنی و زۆر پێداویستی دیکە خەرجدەکرێ، ڕاستە خەرجییەکی زۆر کراوە، بەڵام ئێمە شانازی بەو خەرجییە زۆرەوە دەکەین، چونکە بەپێی ڕانکی نیشتمانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی زۆر بەرەوپێش چووە".

د.ئالان دەشڵێ: "لیژنەیەکمان بەسەرۆکایەتی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری دارایی و کارگێڕی و چەند ئەندامێک پێکهێناوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تێبینیانەی لە ڕاپۆرتەکەی دیوانی چاودێری داراییدا هاتوون".



## بەمزووانە مووچەی فەرمانبەران لە بەغداوە دەگاتە بانکەکانی کوردستان

**ڕووداو- هەولێر**

خۆپیشاندانی ڕۆژانی ڕابردووی بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق ترسی کاریگەری خۆپیشاندانەکانی بۆ سەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەلای بەشێک لە مووچەخۆران دروستکردبوو، بەڵام سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، خۆپیشاندانەکان کاریگەری لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان نابێت.

سەرچاوەیەکی باڵا لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، دوای هێوربوونەوەی خۆپیشاندانەکانی عێراق و بەڵێنی بەرپرسانی حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان، مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش بەمزووانە لە بەغداوە دەگاتە بانکەکانی هەرێمی کوردستان.

## کێبڕکێی نێوان کۆمپانیاکانی مۆبایل لە کوردستان توند دەبێت

# ساڵی ڕابردوو بایی 3.5 ملیار دۆلار مۆبایل هێنراوەتە عێراق

**لەڕووی فرۆشەوە لە کوردستان لە دوای هواوی و سامسۆنگەوەین**

بریکارێکی مۆبایلی ئایفۆن لە کوردستان



لە چوار ساڵی ڕابردوودا بایی 8 ملیار و 612 ملیۆن دۆلار مۆبایل هاوردە کراوە (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی کێبڕکێی توندی نێوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ئامێری مۆبایل، ساڵ بە ساڵ فرۆشی ئامێرەکانی مۆبایل لە عێراق و کوردستان زیاتر دەبێت. بەپێی ئامارێک تەنیا ساڵی ڕابردوو بایی 3 ملیار و 522 ملیۆن دۆلار مۆبایل هاوردەی عێراق کراوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان کە پشتی بە داتای وڵاتانی هەناردەکار بەستووە، لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بایی 8 ملیار و 612 ملیۆن و 935 هەزار دۆلار مۆبایل و ئیکسسواراتی مۆبایل هاوردەی عێراق و هەرێمی کوردستان کراوە. 95%ی ئەم بازرگانییەش لەڕێی فرۆکەخانەکان و خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بووە، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی یەکخستنی تەعریفەی گومرگی، بەشێک لەم ئاڵوگۆڕە بازرگانییە گواستراوەتەوە بۆ بەندەری ئوم قەسر.

بە گوێرەی ئەو ئامارە، لە ساڵی 2015 بایی یەک ملیار و 973 ملیۆن دۆلار مۆبایل هاوردەی عێراق کرابوو، بەڵام ساڵی ڕابردوو بایی 3 ملیار و 522 ملیۆن و 583 هەزار دۆلار هاوردە کراوە.

سامان ئیسماعیل نەقشبەندی، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای جیبال بۆ بازرگانیی مۆبایل کە بریکاری بەرهەمەکانی کۆمپانیای سامسونگە، دەڵێت: "عێراق و هەرێمی کوردستان بازاڕێکی پڕ فرۆشن بۆ مۆبایلە زیرەکەکان، بەڵام لە دوو ساڵی ڕابردوودا کێبڕکێیەکی توند لە نێوان کۆمپانیاکاندا لە ڕووی دیزاینی تازە و نرخ هەیە، ئەمەش وایکردووە بازاڕەکە گەرمتر بێ".

تاوەکو دوو ساڵ لەمەوبەر کۆمپانیای سامسۆنگ ساڵی جارێک ڤێرژنێکی تازەی مۆبایلی دەخستە بازاڕەوە، بەڵام لە سەرەتای ساڵی 2018 وە هەر شەش مانگ جارێک مۆبایلەکانی نوێ دەکاتەوە.

سامان نەقشبەندی دەڵێت: "کۆمپانیای سامسونگ جۆر و مۆدێلی مۆبایلی زۆرە، بەڵام بەگوێرەی خواستی بازاڕ ساڵانە دروستکردنی هەندێک مۆدێل ڕادەگرێت، جۆری دیکە بەناو و دیزاین و تایبەتمەندیی تازەوە دەخاتە بازاڕ، بە گشتی ساڵانە نزیکەی 15 مۆدێلی مۆبایل دەخاتە بازاڕەوە. بۆ نموونە ئەمساڵ تا ئێستا 13 مۆدێلی تازەی بەقەبارە و دیزاین و تایبەتمەندیی جیاوازەوە خستووەتە بازاڕ".

بە گوتەی بریکارەکەی کۆمپانیای سامسۆنگ، نرخی مۆبایلەکانی سامسونگ بەگوێرەی جۆر و تایبەتمەندییەکانی لە 100 دۆلارەوە دەستپێدەکەن تاوەکو 1100 دۆلار، بەڵام زۆرترین فرۆشیان لەو جۆرە مۆبایلانەدایە کە نرخەکانیان لە نێون 100 تاوەکو 300 دۆلارە.

مۆبایلی هواوی بەراورد بە جۆرەکانی دیکەی مۆبایل، تەمەنێکی زۆری نییە لە کوردستان، بەڵام بە گوتەی مۆبایلفرۆشەکان، لە کێبڕکێیەکی توندایە لەگەڵ کۆمپانیای سامسونگ.

ڕەشید ساڵح موکریانی، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای گلۆباڵ کە بریکاری کۆمپانیای هواوییە، دەڵێت: "کێبڕکێی نێوان هواوی و سامسونگ گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی باشترین مۆبایل بە کەمترین نرخ بخەنە بازاڕ، بۆیە ئەو مۆبایلانەی پێشتر بە 500 دۆلار بوون، ئێستا بە 250 دۆلار فرۆشرێن، بەڵام ئەگەر پێشتر 1000 دانەیان لێ فرۆشرابێت ئێستا 5000 دانەی لێ دەفرۆشرێت".

کۆمپانیاکەی ڕەشید لە ساڵی 2013 بریکاری فرۆشتنی مۆبایلی هواوی لە عێراق و کوردستان وەرگرتووە، بەڵام دەڵێت لە ساڵی 2016 زیاتر ناسران. ڕەشید موکریانی دەڵێت: "لە ساڵی 2016 وە تێکڕای فرۆشی هواوی لە عێراق و کوردستان بەردەوام ساڵانە 5% تاوەکو 10% زیادی کردووە، ئەوەش دوای ئەوەی هواوی سیاسەتی خۆی گۆڕی بۆ خستنەڕووی زۆرترین جۆری مۆبایل بە بەرزترین کواڵیتی و کەمترین نرخ".

گوتیشی: "ئەمساڵ تائێستا 9 جۆری مۆدێلی تازەی خستووەتە بازاڕ، نرخەکانیشیان لە 100 تاوەکو 850 دۆلارە".

چەند جۆرێکی دیکەی مۆبایلی کۆمپانیا چینییەکان لە بازاڕ هەن لەوانەش ئۆپۆ، مەیزۆ، ئێم ئای و هۆنۆر، تازەترینیشیان ئینفنێکسە کە ماوەیەکی کەمە کەوتووەتە بازاڕ، ئەم جۆرانەش بەپێی تایبەتمەندییەکانیان فرۆشیان کەم و زۆر لە بازاڕ هەیە.

یونس ناسح، خاوەنی پێشانگای ئەردەڵان فۆن، دەڵێت: "ئێستا ململانێیەکی زۆر توند لەنێوان کۆمپانیاکانی سامسونگ و هواوی هەیە، خەریکە هەندێ مۆبایلی دیکەش دەچنە نێو کێبڕکێ، بۆ نموونە فرۆشی مۆبایلی ئێم ئای ڕوو لەهەڵکشانە، ئەم کێبڕکێیە نرخی مۆبایلی دابەزاندووە، ئەمە بە قازانجی خەڵکە، بەڵام بووەتە هۆی ئەوەی هاووڵاتی بەردەوام بیر لە گۆڕینی مۆبایلەکەی بکاتەوە".

کۆمپانیای جیبال، لە ساڵی 2003 تاوەکو 2013 تاکە بریکاری مۆبایلی سامسونگ بووە لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی زیادبوونی فرۆشی بەرهەمەکانی سامسونگ لە عێراق، سامسۆنگ بریکاری فرۆشتنی بەرهەمەکانی بە سێ کۆمپانیای دیکەش لە عێراق و هەرێمی کوردستان داوە، ئێستا کۆمپانیای جیبال هاوکات لەگەڵ بریکاری سامسونگ، بریکاری مۆبایلی هۆنۆری چینیشی وەرگرتووە.

سامان نەقشبەندی، دەڵێت: "دوای ئەوەی بریکاری هۆنۆرمان وەرگرت، توانیمان فرۆشی هۆنۆر لە 2% بۆ 11% بەرز بکەینەوە".

مۆبایلی ئایفۆن لە عێراق و هەرێمی کوردستان خواستێکی زۆری لەسەرە، بەڵام فرۆشی وەک سامسونگ و هواوی نییە.

محەممەد خۆشناو، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ئای سەنتەر کە یەکێکە لە بریکارەکانی لقی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مۆبایلی ئایفۆن لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەڵێت: "بەپێی ئەو داتایانەی لەبەردەستدان، مۆبایلی ئایفۆن لەڕووی فرۆشەوە لە عێراق لە دوای سامسۆنگ و هواوی و دێت، فرۆشی لەسەر ئاستی عێراق ساڵانە لە نێوان 8.5 تاوەکو 9% یە". محەممەد خۆشناو گوتیشی: "فرۆشی ئایفۆن ساڵی ڕابردوو کەمێک دابەزی، بەڵام بەهۆی خستنەڕووی 3 مۆدێلی تازە ئەمساڵ فرۆشی کەمێک زیاد بووە. پێشتر تەنیا گرنگیی بە کواڵیتی دەدا نەک دیزاین و ڕەنگ، بەڵام ئێستا ئەپڵیش لە ئایفۆنی نوێ سیاسەتی خۆی گۆڕیوە، بۆ نموونە گرنگیی زۆری بە کامێرا داوە".

### هەرێمی کوردستان ترانزێتی مۆبایلە

بازرگانانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2018 لە 22 وڵاتەوە بایی زیاتر لە 3.5 ملیار دۆلار مۆبایل و ئێکسسواراتی مۆبایلیان هاوردە کردووە.

سامان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای جیبال بۆ بازرگانیی هاوردەکردنی مۆبایل دەڵێت: "بەپێی بەدواداچوونی کۆمپانیای سامسونگ بۆ بازاڕی عێراق، دەرکەوتووە ساڵانە بایی 1.2 تاوەکو 1.5 ملیار دۆلار مۆبایل بە هەموو جۆرەکانی ساغ دەبێتەوە، بۆیە نزیکەی 50%ی ئەو مۆبایلانەی هاوردە دەکرێن، جارێکی دیکە بەشێوەی نافەرمی هەناردەی ئێران و تورکیا و سووریا دەکرێن".

## ساڵانە بایی 20 ملیۆن دۆلار کەرەستەی خوێندن لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەفرۆشرێ

# ئەمساڵ خواست لەسەر کڕینی کەرەستەی پەڕاوگە 25% زیاد بووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

پێشانگاکان و بازرگانانی هاوردەکردنی کەرەستەی پەڕاوگە و پێداویستیی قوتابخانە دەڵێن بەهۆی باشبوونی باری ئابووریی خەڵکی هەرێمی کوردستان، خواست لەسەر کڕینی کەرەستەی پەڕاوگە و پێداویستییەکانی قوتابخانە و فەرمانگەکان، ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو 25% زیاد بووە.

بەپێی ئامارێکی نافەرمی کە کۆمپانیاکانی ئەو بوارە داویانەتە (ڕووداو)، لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 60 کۆمپانیا و بازرگانی گەورە و بچووکی تایبەت بە هاوردەکردنی کەرەستەی پەڕاوگەی قوتابخانە و فەرمانگەکان هەن. بە مەزەندەی خۆیان ساڵانە بایی زیاتر لە 55 ملیۆن دۆلار کەرەستە لە چین، تایلەند، ژاپۆن، هیندوستان، ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئیمارات، تورکیا و ئێران هاوردە دەکەن، دواتر لە ڕێگەی زیاتر لە 500 پێشانگەی تایبەت لە شار و شارۆچکەکان ساغی دەکەنەوە.

کۆمپانیای نەسیم کوردستان تایبەت بە هاوردەکردنی کەرەستەی خوێندن، بریکاری هەموو عێراقە و ساڵانە بایی 20 ملیۆن دۆلار هاوردە دەکات، بە گوتەی ئەوان کۆمپانیاکە ساڵانە بایی نزیکەی 6 ملیۆن دۆلار لە کوردستان دەفرۆشێ و ئەوەی دیکەش لە عێراق ساغ دەکاتەوە.

حاجی ڕزگار عەبدولقادر، بازرگانێکی شاری هەولێرە، 33 ساڵە خەریکی فرۆشتنی کەلوپەلی قوتابخانە و فەرمانگەکانە، ساڵانە بایی زیاتر لە ملیۆنێک و 250 هەزار دۆلار کاڵا دەهێنێ و بەشێوەی کۆ دەیفرۆشێتەوە.

حاجی ڕزگار دەڵێت: "بەهۆی هەرزانیی نرخ و هەمەچەشنیی کاڵاکانیان، 70%ی بازرگانانی هەرێمی کوردستان، بۆ کەلوپەلی قوتابخانە و فەرمانگەکان پشت بە چین دەبەستن، بەشێکی ڕاستەوخۆ لە چینەوە هاوردە دەکەن و بەشێکیشی لە ئیماراتەوە دەهێنن".

لە کاتی دەوامی قوتابخانە زۆرتر دەفتەر، قەڵەم، دادەر، لاستیک و ڕاستە و جانتا دەفرۆشرێ، بە بەردەوامیش بۆ فەرمانگەکان کاغەز، فایل، بۆکس فایل، کابیسە، تەلی کابینە، قەڵەم جاف، حوبری پرێنتەر دەفرۆشرێن.

**هیچ کارگەیەکی پێداویستییەکانی قوتابخانە و فەرمانگەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان نییە و 100% پشت بە هاوردە دەبەستێ**

حاجی ڕزگار دەڵێت: "بەراورد بە ساڵی ڕابردوو فرۆشی ئێمە و سەرجەم جوملەفرۆشەکانی دیکەش بەڕێژەی 20 تاوەکو 25% زیادی کردووە، هۆکارەکەشی بۆ باشبوونی باری ئابووریی خەڵک و حکومەت دەگەڕێتەوە، ئەمساڵ ئاراستەی کڕینی خەڵک زیاتر لە کاڵای باش بوو، بۆیە ئەو بازرگانانەی کاڵای کواڵیتی نزم و هەرزانیان هێنابوو، بازاڕیان وەک پێویست نەبوو".

لە عێراق و هەرێمی کوردستان هیچ کارگەیەکی بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی قوتابخانە و فەرمانگەکان نییە، بۆیە 100% پشت بە هاوردە دەبەستێ.

حاجی ڕزگار عەبدولقادر دەڵێت: "پێشتر لە عێراق هەندێ دەفتەر و کاغەز بەرهەم دەهێنرا، بەڵام ئێستا نەماوە، بۆیە عێراقیش هاوشێوەی کوردستان بۆ پێداویستییەکانی لەم بوارە پشت بە شتی هاوردە دەبەستێ".



لە هەرێمی کوردستان 60 کۆمپانیا و بازرگان کەرەستەی پەڕاوگە هاوردە دەکەن

حاجی ڕزگار گوتیشی: "کۆمپانیاکانی عێراق لەم بوارەدا زۆر بەهێزن، بۆیە هیچ کاڵایەک لە هەرێمی کوردستانەوە جگە لە شاری مووسڵ بۆ شارەکانی عێراق ناچێت، بەڵکو هەندێجار کە کاڵایەک لە بازاڕ نامێنێ لەوێ هاوردە دەکرێت".

ساڵانە لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی نوێی خوێندن، وەرزی فرۆشی کەلوپەل و پێداویستییەکانی قوتابخانە دەستپێدەکات، دووکان و پێشانگاکان جمەیان دێت لە کڕیار.

گەیلان ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای گەیلان بۆ بازرگانیی هاوردەکردنی کەلوپەلی قوتابخانە و فەرمانگەکان دەڵێت: "وەرزی فرۆشتنی کەلوپەل و پێویستییەکانی قوتابخانە ساڵانە لە ناوەڕاستی مانگی ئابەوە دەستپێدەکات تاوەکو 15ی تشرینی یەکەم، لەم ماوەیەدا بازرگان و خاوەن پێشانگا و پەڕاوگەکان 75%ی کاڵاکانیان دەفرۆشن".

سەبارەت بە بازاڕیشیان، ئەو بازرگانە گوتی: "بەهۆی باشبوونی باری ئابووریی هەرێمی کودستان، ئەمساڵ بەراورد بە ساڵی ڕابردوو فرۆشمان 25% زیادی کردبوو".

بەر لە قەیرانی دارایی، شارەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی بازاڕێکی پڕ فرۆش بوون بۆ کەلوپەلی قوتابخانە و فەرمانگەکان، بۆیە زۆربەی کۆمپانیا بازرگانییە بەناوبانگەکانی عێراق ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و لق و ئۆفیسی فرۆشتنیان کردەوە.

کۆمپانیای فاتنە، بۆ بازرگانیی کەلوپەلی پەڕاوگەی قوتابخانە کە بریکاری سێ مارکەی ئەڵمانی و مارکەیەکی بەریتانییە و ماوەی 13 ساڵە لقی لە هەولێر و سلێمانی هەیە، ساڵانە بایی زیاتر لە میلۆنێک و 300 هەزار دۆلار کاڵا لە هەرێمی کورستان دەفرۆشێ.

ئەیاد سەعدی، بەڕێوەبەری لقی هەولێری کۆمپانیاکە دەڵێت: "فرۆشی پێداویستییەکانی قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان بە گشتی لە ساڵی 2006 تاوەکو 2014 زۆر باش بوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی تا دوو ساڵ لەمەوبەر زۆر خراپ بوو، ئێستا بازاڕەکە باشترە و جوڵەی زیاتری تێکەوتووە".

بە گوتەی ئەو بازرگانە، لەسەر ئاستی عێراق زۆرترین فرۆشی پێداویستییەکانی قوتابخانە و فەرمانگەکان لە شاری بەسرەیە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش لە هەولێرە "بۆ نموونە ئێمە ساڵانە بایی 800 هەزار تاوەکو ملیۆنێک دۆلار فرۆشمان لە هەولێر هەیە".

### بازاڕ پڕ بووە لە کۆپی

لە هەرێمی کوردستان، مارکەی بەناوبانگی پێداویستی قوتابخانە و فەرمانگەکان هەن، بە تایبەتی قەڵەم، بەڵام بازرگانان دەڵێن لە هەمانکاتدا بازاڕەکە پڕ بووە لە قەڵەمی کۆپی. ئەیاد سەعدی کە بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیایەکی عێراقییە لە هەولێر دەڵێت: "لە کوردستان و عێراق لەبەر ئەوەی چاودێریی بازرگانی زۆر بەهێز نییە و یاساکان بۆ پاراستنی مارکەکان وەک پێویست نییە و سزای توندی ئەو کەسانەش نادرێت کە کاڵا کۆپی دەکەن، بۆیە بازار پڕ بووە لە کەرەستەی کۆپی. ئەمەش وایکردووە خەڵک متمانەی بە مارکەکان لاواز بێت".

## دواکەوتنی بۆڕییەکەی ڕۆسنەفت نیگەرانی کردوون

# کۆمپانیاکان بیر لە ڕێگەچارەکانی فرۆشتنی گازی کوردستان دەکەنەوە

**رووداو- هەولێر**

بەهۆی وەستانی پرۆژەی بۆڕییە گازەکەی رۆسنەفت لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، کۆمپانیا بیانییەکانی بواری گاز لە هەرێمی کوردستان ناچارن بیر لە ئەڵتەرناتیڤ بکەنەوە. بەگوێرەی راپۆرتێکی گۆڤاری (میس)، یەکێک لە ئەڵتەرناتیڤەکان ئەوەیە کۆمپانیای پێرڵ کۆنسۆرتیۆم خۆی بۆڕییەک بە درێژایی 100 کیلۆمەتر لە کوردستانەوە بۆ سەر سنووری تورکیا رابکێشێ.

> **پێویستمان بە راکێشانی 100 کلیۆمەتر بۆڕییە بۆ تورکیا**
>
> بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای دانا گاز

کۆمپانیای رۆسنەفت بڕیار بوو هەتا ساڵی 2020 بۆڕییەکی گاز لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا رابکێشێ کە رۆژانە توانای گواستنەوەی 30 ملیار مەتر سێجا گازی هەبێ. کێڵگەی کۆرمۆر کە رۆژانە 400 ملیۆن پێ سێجا گاز لە رۆژێکدا بەرهەمدێنێ، تاکە کێڵگەی گازی هەرێمی کوردستانە کە بەرهەمهێنەرێکی بیانیی گاز کاری تێدا دەکات. هەر یەک لە کۆمپانیاکانی کریسنت پێترۆلیۆم و دانا گاز بەناوی پێرڵ کۆنسۆرتیۆم کاری تێدا دەکەن.

راپۆرتەکە دەڵێت: "بەپێی پلانی گەشەپێدانی بەرهەمی گازی پێرڵ پێترۆلیۆم، ئەو کۆمپانیایە هەتا 2022 ئاستی بەرهەمهێنان دەگەیەنێتە 650 ملیۆن پێ سێجا لە رۆژێکدا و لە 2023 بۆ 900 ملیۆن پێ سێجا بەرزی دەکاتەوە. 250 ملیۆنەکەی یەکەمیان هیچ کێشە دروستناکات، لەبەر ئەوەی لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا بەکاردەهێنرێ، بەڵام دیار نییە 250 ملیۆنەکەی دیکەی چی لێدەکرێ.

پێشتر وادیار بوو بۆڕییەکەی رۆسنەفت باشترین چارەسەر بێ. بەڵام پاتریک ئاڵمان وارد، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای دانا گاز بە راپۆرتەکەی راگەیاندووە "بەپێی راگەیێندراوی 2017ی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لەبارەی بەکارهێنەری هاوبەشی بۆڕییەکە، وای تێدەگەم کە هیچ پێشکەوتنێک بەدی نەهاتووە".

بەڵام ئاڵمان وارد لە پەراوێزی کۆنگرەی وزەی جیهانی لە ئەبوزەبی جەختی لەوە کردەوە کە پلانی پەرەپێدانی بەرهەم لەلایەن پێرڵەوە بەردەوام دەبێ، لەبەر ئەوەی "بازاڕی ئەڵتەرناتیڤی زۆر بۆ 250 ملیۆن پێ سێجاکەی دیکەش هەیە".

یەکێک لە ئەڵتەرناتیڤەکان هەرێمی کوردستان خۆیەتی کە دەتوانێ 250 ملیۆن پێ سێجا زیادەکەش بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاربهێنێ، ئەوەش وا لە هەرێمی کوردستان دەخوازێ هەناردەی کارەبا بۆ عێراق بەرز بکاتەوە کە ئەوەش بەو دواییە راگیراوە.

بەپێی راپۆرتەکە، بژارەیەکی دیکە ئەوەیە بەشێوەی راستەوخۆ گاز لە جیاتی کارەبا لە کۆرمۆرەوە بۆ عێراق بگوازرێتەوە. کۆرمۆر لە دیوی باشووری هەرێمی کوردستان هەڵکەوتووە، بۆیە ئەو بژارەیە بە گونجاو دەزانرێ، هەرچەندە ئەوەش پێویستی بە بۆڕیی گواستنەوەیە.



کۆمپانیای رۆسنەفت بڕیار بوو هەتا ساڵی 2020 بۆڕییەکی گاز لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا رابکێشێ (فۆتۆ: AFP)

بژارەی سێیەم ئەوەیە هاوبەشەکانی پێرڵ خۆیان بۆڕییەک لە کوردستانەوە بۆ تورکیا رابکێشن. بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دانا گاز لەوبارەوە دەڵێ: "دەزانن ئێمە پێشتر بۆڕییەکی 185 کیلۆمەتریمان لە کوردستان راکێشاوە و دەتوانین بۆڕییەکی دیکەش رابکێشین. ئەو بۆڕییەی کە پێویستە درێژییەکەی 100 کیلۆمەترە، بۆڕییەکیش لە دیوی تورکیا راکێشراوە".

ئەوە تەنیا کۆمپانیای پێرڵ و دانا گاز نین کە بەهۆی نەبوونی هێڵی هەناردەکردنی گازەوە تووشی کێشە دەبن. کۆمپانیای گەنەل ئینێرجیی تورکیش کە لە کەرتی نەوتی کوردستان کار دەکات، پلانی گەورەی بۆ دوو کێڵگەی گازی میران و بنەباوێ هەیە کە بەپێی راپۆرتەکە بڕبڕەی پشتی رێککەوتنەکەی 2013ی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا بوو. بیل هیگز، سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیاکە لە مانگی ئابی ئەمساڵ هۆشداری دا کە لە بەشی دەرهێنان و گواستنەوە نیگەرانیی گەورە لەبارەی خەرجییەکان هەیە و لە بەشی بەکارهێنانیش نیگەرانی لە پابەندبوون بە ئاسایشی لایەنی بەکارهێنەرەوە هەیە. راپۆرتەکەی (میس) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لێدوانەکەی هیگز نەک هەر گومان دەخاتە سەر ئەو بۆڕییەی بڕیار بوو لە کوردستانەوە بۆ تورکیا رابکێشرێ، بەڵکو پرسیار دەخاتە سەر ئەوەش کە تورکیا هەتا چەندە تینووی گازی کوردستانە.

ئاڵمان وارد گەشبینە بەوەی بەرهەمی پێرڵ دەتوانێ ململانێی گازی رووسیا بکات "کە نرخەکەی بەرزە". بەگوێرەی راپۆرتەکە، رووسیا لە حەوت مانگی یەکەمی ئەمساڵ ٪35ی پێداویستیی گازی تورکیای دابین کردووە کە 9.2 ملیار مەتر سێجا بووە و دوای ئەوەیش ئازەربایجان دێ کە 5.3 ملیار پێ سێجای بە تورکیا فرۆشتووە.

جێبەجێکارەکەی دانا گاز دەڵێت کۆرمۆر سەرچاوەیەکە رکابەرییەکی باشی پێدەکرێ و خەرجی وەربەهێنانەکەی هەتا رادەیەک کەمە، بەڵام هەموو کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان خاوەنی هەمان کواڵیتی نین. بەگوێرەی (میس)، یەدەکی بەردەستی گەنەڵ پێویستی بە پرۆسەیەکی درێژە هەتا ئامادەی هەناردەکردن بێ.

بەڵام پێرڵ تەنیا لە کۆرمۆر کار ناکات، بەڵکو لە سەرەتای ئەمساڵەوە بۆ تاقیکردنەوە دەستیان بە بیرلێدان لە چەمچەماڵیش کردووە. راپۆرتەکە لەسەر زاری ئاڵمان وارد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بیرە تاقیکارییەکە "ئەنجامێکی باش و سەرکەوتووی بەدەستەوەداوە"، لەبەر ئەوەی "گازەکەی شیرینە". بە گوتەی بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکە، ئەوان ئێستا سەرقاڵی دانوستاندنن لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بزانن لەو قۆناغەی ئێستادا چی بکرێ.

ئاڵمان وارد نایشارێتەوە کە هەنگاوی داهاتوویان دەکرێ دروستکردنی بنکەیەکی بەرهەمهێنانی پێشوەخت لە چەمچەماڵ بێ، ئەوەش بابەتێکە کە ئێستا باسی لێدەکرێ، هەرچەند هەتا ستراتیژێکی پتەو بۆ وەرگرتنی بەرهەمە زیادەکە دانەنرێ، رەنگە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانەدا بکرێ.

# وزەی پاک هەڕەشە لە ژینگە دەکات

## وزەی پاک دەتوانێ هێندەی سەرچاوەکانی دیکەی وزە مەترسیدار بێ بۆ ژینگە



هەتا 2050 نزیکەی 7000 تێراوات کارەبای جیهان لە رێگەی وزەی خۆر و باوە بەرهەم دەهێنرێ (فۆتۆ: رووداو)

**رووداو- هەولێر**

گەرمبوونی گۆی زەوی و پیسبوونی ژینگە، باسی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەی پاکی گەرمتر کردووە. ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان خۆیان بۆ قۆناغی دوای نەوت و غاز ئامادە دەکەن و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان گوشارەکانیان توند کردووە بۆ ئەوەی حکومەتی وڵاتەکانیان سیاسەتێکی ژینگەپارێزتر بگرنەبەر، بەڵام راپۆرتی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان هۆشداری دەدەن لەوەی ئەگەر ئەو پلانانە بە وریاییەوە جێبەجێ نەکرێن، ئەوە وزەی پاک دەتوانێ هێندەی سەرچاوەکانی دیکەی وزە مەترسیدار بێ بۆ ژینگە.

جەیسن هیکڵ، لێکۆڵەر لە کۆمەڵەی شاهانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی بەریتانیا، لە راپۆرتێکدا لە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەرچەندە خۆر و با وەک دوو سەرچاوەی وزە پاکن، بەڵام ئەو ژێرخانەی بۆ بەرهەمهێنان و پاشەکەوتکردنی وزەی ئەو دوو سەرچاوەیە پێویستە پاک نییە.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، گۆڕینی سیستەمی بەرهەمهێنانی وزە لە نەوت و غاز و خەڵووزەوە بۆ سەرچاوە پاکەکان، دەرهێنانی کانزاکان و ماددە کانزاییە دەگمەنەکانی زەوی بەشێوەیەکی مەترسیدار بەرز دەکاتەوە، بە جۆرێک کاریگەریی گەورە لەسەر هاوسەنگیی ژینگەیی دادەنێ.

رێککەوتنی پاریس بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەرمبوونی گۆی زەوی کە لە کۆتایی 2015 راگەیەندرا، داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکات رێژەی دەردانی ئەو غازانە کەمبکەنەوە کە بەهۆی سووتاندنی نەوت، غاز و خەڵووز دروستدەبن. رێککەوتنەکە واژۆی 195 دەوڵەتی لەسەرە و 186 وڵات خۆیان بە ئەندام و پابەندی رێککەوتنەکە دەزانن.

هەندێک لە وڵاتان هەر لە ئێستاوە دەستیان بە پلاندانان کردووە، بۆ نموونە فەرەنسا بە نیازە لە 2040 بەدواوە هەموو ئەو ئوتۆمبێلانە قەدەغە بکات کە بە بەنزین و گازوایل کاردەکەن. نەرویج لە 2025 و هۆڵەندا لە 2030 فرۆشی ئەو جۆرە ئوتۆمبێلانە قەدەغە دەکەن. هەر ئێستا هەموو شەمەندەفەرەکانی هێڵی نیشتمانیی هۆڵەندا بە وزەی با کار دەکەن و ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەو وڵاتە حکومەتی ئەمستردامی پابەند کردووە کە هەتا 2050 بە رێژەی 95% دەردانی غازە مەترسیدارەکان کەمبکاتەوە.

هەموو ئەو هەنگاوانە کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر بەهای نەوت و غازی سروشتی و سەنگی جیۆپۆلیتیکی ئەو وڵاتانە دەبێ کە ئابوورییەکەیان لەسەر نەوت وەستاوە، هەر ئەوەش وای لە زۆر وڵاتی کەنداو کردووە بەشێک لە داهاتی نەوت بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی وزەی پاک لە ناوخۆ و لە وڵاتانی دیکە تەرخان بکەن، بەڵام کاریگەرییەکانی پەڕینەوە بەرەو سەرچاوەکانی وزەی پاک هەر بەوەندە ناوەستێ.

لە ناوەڕاستی 2017، بانکی جیهانی لە راپۆرتێکی 112 لاپەڕەییدا تیشک دەخاتە سەر ئەو کانزا و ماددانەی بۆ دامەزراندنی ژێرخانی وزەی پاک پێویستن و لە کوێی جیهان هەرکام لەو کانزایانە دەستدەکەون و ئەو گۆڕانکارییانە چ کاریگەرییەک لەسەر ئەو وڵاتانە دادەنێ کە بەو کانزایانە دەوڵەمەندن.

بەگوێرەی راپۆرتەکەی بانکی جیهانی، ئاوڕدانەوەی جیهان لە وزەی پاک داخوازیی لەسەر ئەلەمینیۆم، مس، ئاسن، کۆباڵت، نیکل، قورقوشم، لیتیۆم، مەنگەنیز و زیو بەرز دەکاتەوە.

راپۆرتەکە لەسەر بنەمای ئەوە دانراوە کە هەتا 2050 نزیکەی حەوت هەزار تێراوات (واتە حەوت هەزار تریلیۆن وات) کارەبای جیهان لە رێگەی وزەی خۆر و باوە بەرهەم بهێنرێ. ئەو برە لە کارەبا نیوەی پێویستییەکانی کەرتی ئابووریی جیهان پڕدەکاتەوە، بەڵام گەیشتن بەم ئامانجە پێویستی بە 34 ملیۆن تۆن مس، 40 ملیۆن تۆن قورقوشم و 50 ملیۆن تۆن زینک، 162 ملیۆن تۆن ئەلەمینیۆم و چوار ملیار تۆن ئاسنە.

> **فەرەنسا بە نیازە لە 2040 بەدواوە هەموو ئەو ئوتۆمبێلانە قەدەغە بکات کە بە بەنزین و گازوایل کاردەکەن**

پیشەسازیی وزەی خۆر پێویستی بە بڕێکی بەرچاو زیو و ئیندیۆمە کە ئەوەی دوایی بۆ پتەوکردنی زێڕ و راگرتنی عەیاری زێڕیش بەکاردەهێنرێ. بەپێی راپۆرتەکەی (فۆرین پۆڵسی)، هەتا 2050 رێژەی بەکارهێنانی زیو بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ 105% بەرز دەبێتەوە، رێژەی بەکارهێنانی ئیندیۆم بۆ هەمان مەبەست سێ هێندەی ئێستا دەبێ.

وزەی پاک پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر باتریشە کە بۆ دروستکردنیان لیتیۆم پێویستە. ئەگەر جیهان بیەوێ لە ساڵی 2050 نزیکەی حەوت هەزار تێراوات کارەبا لە وزەی پاک بەرهەمبهێنێ، ئەوە ساڵانە 40 ملیۆن تۆن لیتیۆم بەکاردەهێنێ، بەو پێیەش بەکارهێنانی ئەو کانزایە لە چاو ئێستا 270% بەرز دەبێتەوە.

جەیمز هیکڵ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کێشەکە تەنیا ئەوە نییە دانیشتووانی جیهان کانزا و ماددە کانزاییەکانیان لێدەبڕێ، بەڵکو کێشە گەورەکە ئەوەیە دەرهێنانی کانزاکان هەر ئێستاش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کەمبوونەوەی دارستانەکان و تێکچوونی سیستەمی ژینگەیی، لە کاتێکدا مرۆڤ هەر ئێستا 82% زیاد لە ئاستی نۆرماڵ کانزا لە خاک دەردەهێنێ.

بە بۆچوونی لێکۆڵەرە بەریتانییەکە، هیچکام لەو ژمارانە بەو مانایە نین کە جیهان نابێ بەرەو وزەی پاک بچێ، بەڵکو چارەسەرە راستەقینەکە ئەوەیە کە دەبێ بەکارهێنانی وزە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کەمبکرێتەوە، تەنیا لەو رێگەیەشەوە "پەڕینەوە بەرەو وزەی پاک، سرووشت تووشی وێرانکاریی نوێ ناکات".

بەڵام لە قۆناغێکدا کە ململانێی ئابووری لە نێوان زلهێزەکاندا گەیشتووەتە لووتکە، ئەستەمە هیچکام لە لایەنەکانی ئەو ململانێیە پێشکەوتنی ئابووریی خۆی بکاتە قوربانیی پاراستنی هاوسەنگیی ژینگە.

### ئۆتۆمبێلی کارەبایی ژینگە تێکدەدات

لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، ژمارەیەک زانای بەریتانی نامەیەکیان بۆ کۆمیتەی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوای وڵاتەکەیان نارد و تێیدا هۆشدارییان دا کە بەکارهێنانی ئوتۆمبێلی کارەباییش کاریگەری لەسەر هاوسەنگیی ژینگە دادەنێ. زاناکان هیچ کێشەیان لەگەڵ کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو ئۆتۆمبێلانەدا نییە کە سووتەمەنی وەک بەنزین و گازوایل دەسووتێنن. بەڵام دەڵێن لە بری زیادکردنی ژمارەی ئۆتۆمبێلە کارەباییەکان، دەبێ هەوڵبدرێ هەڵسوکەوتی خەڵک لەگەڵ وزەدا بگۆڕدرێ.

## لە چەمچەماڵ کچێک خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

لە گەڕەکی ماﻣۆستایانی قەزای چەمچەماڵ، کچێکی تەمەن 15 ساڵان کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا، کەسوکارەکەشی دەڵێن بە هەڵە فیشەکی بەخۆیەوە ناوە. ئەیوب حەمەغەریب، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی چەمچەماڵ، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پێش نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/10/6 تەرمی کچێکی تەمەن 15 ساڵ گەیەندرایە نەخۆشخانەی چەمچەماڵ کە بەپێی قسەی کەسوکارەکەی بەهەڵە فیشەکی بەخۆیەوە ناوە و گیانی لەدەستداوە". ئەیوب حەمەغەریب گوتیشی: "کچەکە ناوی (ڕێژین بەشیر هادی)یە. ڕووداوەکەش لەنێو ماڵی خۆیان لە گەڕەکی مامۆستایانی قەزای چەمچەماڵ ڕوویداوە".



ژنان
ڕووداو
ژمارە (573) - دووشەممە 2019/10/7

# مامۆستایەکی ئافرەت قوتابخانەیەک دروست دەکات

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەرێکی ئافرەت لەسەر ئەرکی خۆی قوتابخانەیەک بۆ قوتابیانی گوندێکی دەوروبەری هەولێر دروستدەکات. مامۆستاکە دەڵێت قوتابییەکانی گوندەکە لەنێو خانووێکی بچووکی کرێدا بوون کە شیاو نەبوو بۆ خوێندن، بۆیە بڕیاری دا لەسەر ئەرکی خۆی و هاوژینەکەی قوتابخانەیەکیان بۆ دروست بکات.

مامۆستا نەجیبە کەریم عومەر، تەمەن 52 ساڵ کە ماوەی 30 ساڵە مامۆستایە و چەند جارێکیش لە شوێنی جیاواز بەڕێوەبەر بووە، ئێستا بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندی گرەسۆرە لە نزیک بنەسڵاوە. ئەو لەبارەی بیرۆکەی دروستکردنی قوتابخانەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "هاوژینەکەم، عەبدولکەریم قادر کە فەرمانبەرە، ئێوارەیەک گوتی پێویستە شتێک ببەخشین و سوودێکمان بۆ کۆمەڵگا هەبێت، بیرۆکەی دروستکردنی مزگەوتێکم هەیە".

بەڵام نەجیبە پێشنیازێکی دیکە دەکات و دەڵێت: "زۆر کەس مزگەوت دروست دەکەن، بەڵام کەم کەس هەیە قوتابخانە دروست بکات، باشترە قوتابخانەیەک بۆ قوتابیانی ئەو گوندە دروست بکەین کە وانەی تێدا دەڵێمەوە". عەبدولکەریم پێشنیازەکەی مامۆستا نەجیبە قبوڵ دەکات.

نەجیبە کە بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوندی گرەسۆرە و دووکانی جلوبەرگیشی هەیە، دەڵێ: "هەرچەندە خزمەتی مامۆستاییم زۆرە و دەتوانم لەنێو شاردا وانە بڵێمەوە، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیم بە کارەکەمەوە، باشتر بوو لە قوتابخانەیەک بم کە قوتابییەکانی کەم بێت، تاوەکو بتوانم هەردوو کارەکەم بکەم".

مامۆستا نەجیبە دەڵێت: "سەرەتا کە چووم بۆ گوندەکە و قوتابخانەکەم بینی، وێرانەیەک بوو، وەزارەتی پەروەردە خانووێکی بچووکی گوندەکەی ساڵانە بە ملیۆنێک و 500 هەزار دینار بەکرێ گرتبوو، شوێنەکە تەنیا بەناو قوتابخانە بوو، سەقفەکەی ئاوی دەدا، سەرەڕای خراپیی جێگاکەی، ڕۆژ نەبوو قوتابییەکان گیانیان لە قوڕدا نەبێت، زۆر خەمم لێ دەخوارد".

مامۆستا نەجیبە بە هاوکاریی هاوژین و چوار منداڵەکەی بڕیار دەدەن قوتابخانەیەک بۆ گوندەکە دروست بکەن، بەڵام دەڵێت سەرەتا بەربەستی زۆری بۆ دروستکرا. ئەو دەڵێت: "داوام لە وەزارەتی پەروەردە کرد پارچە زەوییەکم بدەنێ تاوەکو بیکەین بە قوتابخانە، بەڵام گوتیان زەوی تەنیا بۆ قوتابخانەیەک دابین دەکەین کە 18 پۆلی بێت و تێچووەکەشی نزیکەی نیو ملیۆن دۆلار بێ، ئێمەش ئەو توانا داراییەمان نەبوو".

ئەو بەربەرستانە مامۆستاکەی سارد نەکردەوە، بەڵکو سوور بوو لەسەر دروستکردنی قوتابخانەکە و دەڵێت: "ساڵی ڕابردوو پارچە زەوییەکم لە نزیک گوندەکە کڕی، باڵەخانەیەکی هەشت ژووریم لەسەر دروستکرد کە 90 هەزار دۆلاری تێچوو، هەروەها تەواوی کەلوپەل و قرتاسیەمان بەسەر 100 قوتابییەکەی گوندەکەدا دابەشکرد، خێرخوازێکیش چەند ڕەحلەیەکی بۆ دابینکردین، بەڵێننامەشم بۆ وەزارەتی پەروەردە واژۆ کردووە کە قوتابخانەکە تەنیا بە موڵک هی منە و بۆ قوتابخانەیە، هیچکاتیش پارە لە کەس وەرناگرم".

گرانیی نرخی خانوو و زەوی لەنێو هەولێر دەیان خێزانی کرێنشین و کەمدەرامەتی ناچار کردووە لە دەوروبەری هەولێر و لە نزیک گوندەکە خانووی هەرزانیان دەستبکەوێ، بۆیە دڵخۆشن بەوەی قوتابخانەیەکی گونجاو هەیە بۆ خوێندنی منداڵەکانیان.

مامۆستا نەجیبە لە بەرپرسانی پەروەردە نیگەرانە و دەڵێ: "من بۆ ئاسوودەیی ویژدان و لەبەر خەمی ئەو منداڵانە لەسەر ئەرکی خۆم قوتابخانەکەم دروست کرد، ڕۆژانە کرێکاریم دەکرد، بەڵام ئێستا کە تەواو بووە و بەڕووی قوتابییەکاندا کراوەتەوە، وەزارەتی پەروەردە تەنانەت سوپاسنامەیەکیشیان پێ ڕەوا نەبینیم".



قوتابخانەکەی مامۆستا نەجیبە 90 هەزار دۆلاری تێچووە

### خێرخوازان 28 قوتابخانەیان دروستکردووە

ساڵانە وەزارەتی پەروەردە داوا لە سەرمایەدار و خێرخوازان دەکات هاوکاریان بن لە دروستکردنی قوتابخانە، بەڵام ئەوان زۆرتر مزگەوت دروست دەکەن. بەپێی ئامارێک کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە دراوەتە (ڕووداو)، لە هەموو کوردستان تەنیا 28 قوتابخانە لەلایەن خێرخوازانەوە دروستکراون (10 قوتابخانە لە دهۆک، 7 لە هەولێر، 7 لە سلێمانی، سێ لە هەڵەبجە و یەک قوتابخانەش لە گەرمیان). هەر بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە، ساڵانە نزیکەی 100 هەزار قوتابیی تازە لە باخچەی ساوایان و قۆناغی یەکی بنەڕەتی وەردەگیرێن، بۆیە بەرپرسانی وەزارەتی پەروەدە دەڵێن ساڵانە پێویستیان بە دروستکردنی 200 تاوەکو 300 قوتابخانەی تازە هەیە.

# لە ڕواندز ژنێک ئیشی تاکسی دەکات

**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو- ڕواندز**

لەنێو زیاتر لە 3500 ئافرەت لە دەڤەری سۆران کە مۆڵەتی شۆفێرییان هەیە، تاکە ئافرەتە ئیشی تاکسی دەکات. پەیمان سۆفی خەون بەوەوە دەبینێ لە ئایندەدا نووسینگەیەکی گواستنەوەی هەبێ و ئافرەتی دیکە لای ئەو کار بکەن.

پەیمان سۆفی محەممەدئەمین، تەمەن 46 ساڵ، دانیشتووی سەنتەری قەزای ڕواندزە. تاوەکو پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە، ماوەی حەوت ساڵە بە ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەی نەفەر دەگوازێتەوە.

ئەو دەڵێ: "مرۆڤ هەر کارێک بکات، دەبێ بە دڵسۆزی و خۆشەویستییەوە بیکات و ڕێز لە کات و کارەکەی بگرێ و ببێتە هۆکارێک بۆ هاوکاری و دڵخۆشکردنی خەڵک".

پەیمان ڕۆژانە لەچەند کاتێکی جیاوازدا هامشۆ بە 25 قوتابی دەکات و بەگشتی 10 سەعات کاری تاکسی دەکات. حەز و خۆشەویستیی ئەو بۆ کاری شۆفێری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و دەڵێت: "هەر لە منداڵییەوە حەزم لەوە بووە ببمە شۆفێر، زۆر جار لاسایی شوفێرەکانم دەکردەوە".

پەیمان کە شووی کردووە و لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە، لە شەڕی دەستەویەخەدا بوو لەگەڵ دابونەریت تا گەیشت بەو ڕۆژەی خەڵک بە ئاسایی سەیری پیشەکەی بکەن. ئەو دەڵێت: "خەڵک قسە لەسەر هەموو شتێک دەکەن، سەرەتا گوێم لە قسەی زبر دەبوو، بەڵام خەون و ئامانج و ژیان و گوزەرانی خۆم بەلاوە گرینگتر و گەورەتر بوو لەو قسانە، قەناعەتم وابوو کارێکی هەڵەم نەکردووە".

ئەو دەڵێت: "ئەوانەی دوێنێ قسەیان پێدەگوتم، ئەمڕۆ لەگەڵ من سەردەکەون و دوعای خێرم بۆ دەکەن".

خەڵک لەبەر چوست و چالاکییەکەی بە "پەپۆ" ناوی دەبەن. ئەو بە پێکەنینەوە دەڵێت: "دەبێ چاوی پەپۆمان هەبێ لەکاتی شۆفێریدا، بۆ ئەوەی دوور بین لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو، من گیانی زۆر کەسم لەدەستە لەکاتی هاتوچۆکردندا، ئەوان ئەمانەتن لەلای من، بۆیە دەبێ بیانپارێزم و بە سەلامەتی بیانگەڕێنمەوە ماڵەکانیان".

پەیمان داهاتی کارەکەی ئاشکرا نەکرد، ئەو دەڵێت: "داهاتەکەم باشە، بەشی خۆژیاندنی خۆم دەکات و هەندێکیشی لێ دەبەخشم".

پەیمان کە شەش ساڵە مۆڵەتی شوفێریی هەیە، تاوەکو ئێستا تەنیا یەکجار تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە، ئەویش زیانی زۆری پێنەگەیاندووە.

ئەو حەز ناکات کارەکەی خۆی بگۆڕێ، بەڵام خۆزگە بە کردنەوەی نووسینگەیەکی تاکسی دەخوازێ کە سەرجەم شوفێرەکانی ئافرەت بن و تەنیا ئافرەتان بگوازنەوە. ئەو دەڵێت: "ئافرەتی شۆفێرمان زۆرن کە خاوەن ئۆتۆمبێلی خۆیانن، بەڵام ناتوانن کاری تاکسی بکەن. حەز دەکەم ئافرەتی دیکەش هەبن ئەو کارەی من بکەن".

پەپۆ پەیوەندییەکی زۆر باشی لەگەڵ قوتابیان و خێزانەکانیان دروستکردووە، لە خۆشی و ناخۆشییەکانیان بەشدارە، بۆ ئەمەش دەڵێ: "ئامانجی من تەنیا پەیداکردنی پارە نییە. حەز دەکەم هاوکار و پاڵپشتێکی باش بم بۆ ئەو قوتابیانەی کە لەگەڵم هاتوچۆ دەکەن و ببم بە بەشێک لە سەرکەوتنەکانیان. بۆ ڕۆژی لەدایکبوونیان دیارییان دەدەمێ. لەکاتی هاتوچۆپێکردنیاندا گەنجانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکەم و لەسەر حەز و ئارەزووی ئەوان دەجوڵێمەوە".

ئۆتۆمبێلەکەی پەپۆ تەنیا تایبەت نییە بە ئافرەتان و قوتابیان، بەڵکو پیاوانیش دەگوازێتەوە و دەڵێت: "من شۆفێرم، ئیدی ئەرکە لەسەرشانم هەر کەسێک بخوازێ لەگەڵ من هاتوچۆ بکات". پەیمان بۆ شوێنی زۆر دوور ناڕوات و دەڵێت: "زۆرتر لە نێوان خەلیفان و سۆران و ڕواندز کاردەکەم".

ئەو ئێستا شوفێرێکی ناسراوە لە ڕواندز، ژمارە مۆبایلەکەی لەلای زۆر کەسە، بە تایبەتی ئافرەتان. ئەو دەڵێت: "ئەوانەی دەیانگوازمەوە زۆرتر ئافرەتن، زۆربەشیان پێشتر تەلەفۆنم بۆ دەکەن".

پەیمان بە ئۆتۆمبێلی تایبەت نەفەر دەگوازێتەوە و دەڵێت لەو دەڤەرە زۆربەی ئەوانەی نەفەر دەگوازنەوە ئۆتۆمبێلی تایبەتیان هەیە، بەڵام ئەو حەز دەکات بە تاکسی ئەو کارە بکات، ئەویش ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بوو بە خاوەنی نووسینگەیەکی گواستنەوە.



پەیمان حەوت ساڵە بە ئۆتۆمبێلە تایبەتەکەی کاری تاکسی دەکات

### خەون بە کردنەوەی نووسینگەیەکی گواستنەوەوە دەبینم

پەیمان

### لە ئیدارەی سۆران 3656 ئافرەت مۆڵەتیان هەیە

بەپێی ئامارێک کە تایبەت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سۆران دراوەتە (ڕووداو)، تاوەکو کۆتایی مانگی شەشی ئەمساڵ 3656 ئافرەت لە دەڤەری سۆران مۆڵەتی شۆفێرییان وەرگرتووە. ڕائید دلاوەر لەتیف یەحیا، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی هاتوچۆی سۆران بە (ڕووداو)ی گوت: "تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 394 ئافرەت مۆڵەتی شوفێرییان پێدراوە".

# لە شەوی خوازبێنی کچەکەیدا کوژرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

شەوی خوازبێنیی کچەکەی بوو، هەموویان چاوەڕێیان دەکرد کەسوکاری کوڕەکە بێن و قسە لەسەر خوازبێنییەکە بکەن، بەڵام سوندس لە ڕووداوێکی گوماناویدا بە دەستی کوڕەکەی کوژرا، هەرچەندە کوڕەکەی دەڵێت ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، بەڵام پۆلیس لێی بەگومانە.

شەوی 2019/9/15 ئافرەتێکی تەمەن 40 ساڵ بەناوی سوندس ئەحمەد، دانیشتووی ناحیەی دارەتووی سەر بە قەزای دەشتی هەولێر، لەلایەن کوڕە تاقانەکەیەوە بە ناوی (خ. ئە) لە نێو ماڵەکەیدا کوژرا.

(خ.ئە) تەمەن 19 ساڵ، تاقانەی شەش خوشکە، بەهۆی مردنی باوکی و خراپیی باری ئابوورییان نەیتوانیوە بخوێنێ و تاوەکو پۆلی پێنجی بنەڕەتی خوێندووە و لە دووکانێکی ئاسنگەری کاری دەکرد، ئێستا بە تۆمەتی کوشتنی دایکی لە زیندانە.

(خ.ئە) بە (ڕووداو)ی گوت: "شەوی 2019/9/15 لەگەڵ دوو هاوڕێیم بە ناوەکانی (ی) و (م) لە ماڵی خۆمان لە گەڕەکی مورتکەی ناحیەی دارەتوو دانیشتبووین، دایکم نانی بۆ حازر کردین و پێکەوە نانی ئێوارەمان خوارد، پاشان (ی) ڕۆیشت و من (م) ماینەوە و پێکەوە نێرگەلەمان کێشا".

(م)، تەمەن 29 ساڵ کە برای زاوای (خ)ە، هەرچەندە هاوسەرگیری کردووە و باوکی چوار منداڵە، بەڵام ویستوویەتی یەکێک لە کچەکانی سندوس بخوازێ، شەوی ڕووداوەکەش بۆ ئەو مەبەستە لە ماڵی سندوس بووە.

ئەگەرچی دەگوترێ کوشتنی سندوس پەیوەندی بەو خوازبێنییەوە هەبووە، بەڵام (خ) ئەوە ڕەتدەکاتەوە.

(خ) دەڵێت: "(م) خوازبێنی خوشکەکەمی لێکردم، هەرچەند خوازبێنییەکە بەکێشە بوو، چونکە هاوژینی (م) ڕازی نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی خوشکەکەم و (م ) بە یەکدی ڕازی بوون، ئیدی منیش ڕازی بووم".

(خ) باسی کوژرانی دایکی دەکات و دەڵێت: "ئەو شەوە لەگەڵ (م) دانیشتبووین، دەمانچەیەکی پێبوو، منیش دەمانچەکەم لێوەرگرت و دەستکاریم کرد، گوللەیەک لە دەمانچەکە دەرچوو بەر پەراسووی دایکم کەوت. دایکمم لە باوەش گرت و گریام. پێیگوتم ئاگاتان لەخۆتان بێت من دەمرم".

گوتیشی: "ڕووداوەکە قەزاوقەدەر بوو، ئەگینا کەس هەیە دڵی بێت دایکی خۆی بکوژێت؟".

ڕووداوەکە بەلای منداڵەکانی سندوسەوە ڕوون نییە و دەڵێن نازانن چۆن بووە. (ئا.ئە) کە کچی سندوسە و تەمەنی 23 ساڵە، بە 13 ساڵی هاوسەرگیری کردووە. مێردەکەی بە تۆمەتی ئەندامێتی داعش لە زیندانە و ئەویش دەیەوێ لێی جیاببێتەوە.

(ئا) سەبارەت بە شەوی ڕووداوەکە دەڵێت: "نازانم ڕووداوەکە چۆن بوو، لەو کاتەدا من لە ژوورەوە نەبووم، ئەوەندەم زانی دەنگی تەقە هات، نازانم چی ڕوویدا، براکەم بە ئەنقەست یاخود بە هەڵە دایکمی کوشت".

ئەگەرچی (خ) نکۆڵی لەوە دەکات بە ئەنقەست دایکی کوشتبێ، بەڵام ڕووداوەکە بۆ پۆلیس جێی گومانە، چونکە دراوسێکانی ماڵی سندوس دەڵێن ئەو شەوە گوێیان لە دەنگی تەقەیەکی زۆر بووە. (خ) گوتوویەتی کە ئەو شەوە دایکی "هەر بۆ خۆشی" تەقەی کردووە.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سەعات 11ی شەوی 2019/9/15 بنکەی پۆلیسی دارەتوو لە ڕووداوێکی کوشتن لە گەڕەکی مورتکەی ئەو ناحیە ئاگادار کرایەوە. دوای گەیشتنی تیمەکانی پۆلیس دەرکەوت ژنەکە لەلایەن کوڕەکەیەوە کوژراوە".

ڕائید هۆگر هەروەها دەڵێت: "هەرچەندە تا ئێستا هۆکاری کوشتنی ئەو ئافرەتە نازانرێ، بەڵام ڕووداوەکە جێی گومانە، ئەو شەوە بکوژ و کوژراو بە هەمان دەمانچە تەقەیان کردووە. هەر ئەو شەوە کەسێک هاتووەتە خوازبێنی کچێکی سندوس، پێدەچێ یەکێک لە ئەندامانی ئەو خێزانە دژی خوازبێنییەکە بووبێ".



## کوڕێک باوکی خۆی دەکوژێت



**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی 2019/10/6 لە گەڕەکی قەڵاتی نوێ لە هەولێر، بەهۆی دەمەقاڵێی نێوانیان، کوڕێک باوکی خۆی بە کلاشینکۆف کوشت.

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕووداوەکە بەهۆی کێشەیەکی خێزانی بووە. بکوژەکە ناوی (ر.یونس)ە و تەمەنی 27 ساڵە، باوکەکەش ناوی (یونس عومەر)ە و تەمەنی 46 ساڵ بووە، پێشمەرگە و کەمئەندامی سەنگەر بووە، نەخۆشیی دەروونیشی هەبووە". کوڕەکە دوای ڕووداوەکە دەستگیرکراوە. لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) دەڵێ: "باوکم نەخۆشیی دەروونی هەبوو، ماددەی هۆشبەر و مەشرووبی زۆر بەکاردەهێنا، پێش ڕووداوەکە ویستی من بکوژێ، بەڵام چەکەکم لێوەرگرت و کوشتم".

# بازرگانیی سێکس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرەدەستێنێ

**ڕووداو- سنە**

دیمەنێکی باوی درەنگانی شەوی شەقامی شەشی بەهمەن لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو ئافرەتانەن کە لە نزیک شەقامەکە دەسووڕێنەوە و پیاوانی دەوڵەمەند بە ئۆتۆمبێلی مۆدێل بەرزەوە بەویدا تێدەپەڕن. ئۆتۆمبێلەکان ڕایدەگرن، کچەکان لە پەنجەرەی ئۆتۆمبێلەکانەوە ملیان دەبنە ژوورەوە، زۆر نابا لە پشتەوەی ئۆتۆمبیلەکە سەردەکەون و لە تاریکیی شەودا ون دەبن.

یەکێک لە کڕیارەکان گەنجێکی تەمەن 25 ساڵە کە پرادۆیەکی پێیە و خۆی بە ساکۆ دەناسێنێ و دەڵێ: "زۆربەی ئەو کچانەی لەو شەقامە دەیانبینی خوێندکارن، ئەوان ئەوەندەی بایەخ بە ئۆتۆمبێلەکە دەدەن، بایەخ بە شوفێرەکەی نادەن".

سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران کاریگەریی لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئێران داناوە، لە کاتێکدا بەهای دراوی ئەو وڵاتە شکاوە و خەڵک چیدی دەرەقەتی کڕینی زۆر لە پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان نایەن. وەک ساکۆ دەڵێ: "ئەو کچانەی لێرە دەیانبینی، بۆ دابینکردنی خەرجییەکانی زانکۆیان لێرەن، بۆ ئەوەش ئامادەن لەگەڵ پیاوان بخەون، هەندێک لە کچەکان لە کاتی مەوعیدەکەدا یەکسەر داوای بڕێک پارە دەکەن".

گەنجە 25 ساڵانەکە بەدەم قسەکردنەوە مۆبایلەکەی دەرکرد و تەلەفۆنی بۆ یەکێک لە برادەرە ئافرەتەکانی کرد کە ئامادە بوو لە بەرامبەر پارە شەوی لەگەڵ بەسەر بەرێ. بە گوتەی ساکۆ، ئافرەتەکە خەڵکی شیرازە و لە سنە خوێندکارە.

ساکۆ لە ئافرەتەکەی پرسی: "بۆ ئەمشەو داوای چەند دەکەی؟". ئافرەتەکە وەڵامی داوە: "بۆ یەک جار سێکس 200 هەزار تمەن (47.50 دۆلار)، بۆ هەموو شەوەکە 400 هەزار تمەنم دەوێ". ساکۆ پرسیاری کرد "ئەی ئەگەر دوو کەس بین چەندت دەوێ؟". ئافرەتە شیرازییەکە وەڵامی داوە "600 هەزارم دەوێ".

**پیاوانی هەولێر و سلێمانی بۆ سێکس دەچنە ڕۆژهەڵات**

### گەشتیاری سێکس

هەرچەندە لەشفرۆشی لە ئێران قەدەغەیە و حکومەتی موحافزکاری ئێران یاسای توندی بۆ ڕۆڵ و ئاکاری ئافرەت داناوە، بەڵام ئەو بازرگانییە یەکجار بەرفراوان بووە.

هەندێک ئەوبەرتری هەمان شەقام، چاومان بە پیاوێک کەوت کە قژی هەندێک سپی تێکەوتبوو. پیاوەکە خۆی بە هادی ناساند کە تەمەنی 45 ساڵە و 15 ساڵە لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە.

هادی گوتی: "هەموو ئێوارەیەکی پێنجشەممە دێمە ئێرە، ئەگەر کچێکی جوانم دەستبکەوێ لەگەڵ خۆم دەیبەم". بە گوتەی خۆی نرخی کچەکان "بە گوێرەی جوانییان" دەگۆڕێ و لە نێوان 200 هەزار بۆ 500 هەزار تمەنە.

هادی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پیاوان لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ سێکس ئاودیوی کوردستانی ئێران دەبن. ئەو دەڵێ: "جاران کە بەهای تمەن بەرز بوو، دەتتوانی کچێ بە 50 هەزار تمەن قایل بکەیت لەگەڵت بخەوێ، بەڵام لەم دوو ساڵەی دواییدا کڕیاران لە شارەکانی باشووری کوردستان زیاتر لە دوو ملیۆن تمەنیان بۆ یەک شەو خەوتن لەگەڵ کچێکی جوان داوە. ئەمە وایکردووە ئافرەتەکان ئەوانیان لە ئێمە پێ باشتر بێ".

### هیچکەس منی خۆشناوێ

دوای ئەوەی ژمارە تەلەفۆنەکانم دەستکەوت، تەلەفۆنم بۆ زۆر لەو ژنانە کرد بۆ ئەوەی لەبارەی بزنسەکەیان پرسیاریان لێبکەم. بەڵێنم پێدان کە ناسنامە و شوێنەکەیان ئاشکرا نەکەم، بەڵام هیچکەسیان ئامادە نەبوون قسەم بۆ بکەن.

دواتر پیاوێکم دەستکەوت کە لە بازاڕی خۆراک کاری دەکرد و خۆی وەک پەیمان ناساند، قایلم کرد من بەرێتە یەکێک لەو شوێنانە، ئەمجارەیان من ئیدی خۆمم وەک ڕۆژنامەوان نەناساند.

پەیمان، تەمەن 28 ساڵان، منی بەردە ماڵێکی ڕازاوە لە گەڕەکی بەهاران لە سنە. لە دەرگامان دا و ئافرەتێک بەناوی خالە وەڵامی داوە. خالە یەکێک لە ئافرەتەکانی شوێنەکەیە. کاتێک چووینە ژوورەوە لووتم پڕبوو لە بۆنی تریاک.

بەگوتەی پەیمان، ئەو ئافرەتە زوو زوو شوێنەکەی دەگۆڕێ، نەکا هێزە ئەمنییەکان پێی بزانن. لە ژووری میوان ئافرەتێکی نیمچەڕووت دانیشتبوو کە تەمەنی لە سییەکاندا بوو. ئافرەتەکە هەڵسا و تەوقەی لەگەڵ کردین و ئافرەتێکی بە تەمەنتر بە ناوی ئیلهام چوو چایی دابنێ.

ئیلهام وێنەی زۆر ژنی پیشاندام کە یەکێکیان کچێکی تەمەن 17 ساڵان بوو بەناوی کەژاڵ. پەیمان گوتی "کەژاڵ زۆر جوانە". بانگی کەژاڵیان کرد بێتە لامان. بە گوتەی ئیلهام نرخەکان جۆراوجۆرن: "کڕیارم هەبووە بۆ یەک شەو یەک ملیۆن تمەنی داوە. ئەوجا خەڵکیش هەیە ساڵانێکی زۆرە کڕیاری خۆمانن، بۆ ئەوان 400 هەزار تمەن حیساب دەکەم".

**پیاوانی هەولێر و سلێمانی پارەی باش دەدەن**

سەرۆکی باندێکی لەشفرۆشی لە سنە

ئیلهام سەبارەت بە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو پیشەیە گوتی: "من بەخۆشیی خۆم ئەم کارە ناکەم، تەمەنم 17 ساڵ بوو کاتێک منیان دا بە شوو. دوو ساڵ دواتر جیابووینەوە. خێزانەکەم دەستکورت بوون. لە ڕێستورانتێک کارم دەکرد کە پارەیەکی زۆر کەمیان دەدامێ. لە ڕێستورانتەکە پیاوێکم ناسی و بەڵێنی پێدام ئەگەر لەگەڵی بخەوم پارەیەکی زۆرم بداتێ. سەرەتا زۆر تێکچووبووم پێی، بەڵام بەرەبەرە لەگەڵ ئەو بزنسە ئاشنا بووم. لە ڕێگەی ئەو پیاوەوە پیاوێکی دیکەم ناسی و ئەویش منی بە زۆر پیاوی دیکە ناساند".

ئیلهام ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: "هیچکەس منی خۆشناوێ، ئەوان تەنیا جەستەی منیان دەوێ".

دواتر سۆندەی قلیانێکی ڕاکێشا و گوتی: "ژمارەیەکی زۆر پیاو لە هەولێر و سلێمانییەوە دێنە سنە بۆ لای لەشفرۆشەکان. ئەوان پارەی چاک دەدەن، بۆیە کچەکان حەز دەکەن لەگەڵ ئەوان بخەون". لە کاتێکدا پیاوەکانی سنە و کرماشان "قۆڵبڕن" و هەموو کات پارە نادەن.

پرسیارم لێکرد، هیچکات دەست لەو کارە هەڵدەگرێ و بیری لە هاوسەرگیریی دووبارە کردووەتەوە، بزەیەکی تاڵی کرد و گوتی: "ئەوەی ئەزموونی لەشفرۆشی هەبێ، ئەستەمە بتوانێ وازی لێ بهێنێ و دەست بە ژیانێکی ئاسایی بکاتەوە. چیدی ناتوانێ بە یەک پیاو ڕازی بێ".

کەژاڵ هاتە ژوورەوە، کچێکی باریک، ئارایشتێکی تۆخی کردبوو. لەچکەکەی هێنایە خوارەوە، قژە زەردەکەی بەسەر شانەکانیدا پەرش بوو. پێدەچوو برادەرێکی نزیکی پەیمان بێ، چونکە نوکتەیان بۆ یەک دەکرد و کەژاڵ باسی ئەوەی بۆ دەکرد کە چۆن پیاوێکی بەتەمەنی ڕازی کردووە یەکەی مۆبایلی بۆ بکڕێ. کەژاڵ بۆ یەک شەو مانەوە داوای 400 هەزار تمەن و بۆ یەک جار سێکس داوای 200 هەزار تمەنی کرد.

**تەمەنی لەشفرۆشەکان لە نێوان 11 بۆ 50 ساڵانە**

کۆمەڵناسێک

باوکی کەژاڵ ئاڵوودەی مادە هۆشبەرەکان بووە و کچەکەی ناچار کردووە لەگەڵ یەکێک لە فرۆشیارانی مادە هۆشبەرەکان بخەوێ. ئەو کات تەمەنی تەنیا 14 ساڵ بووە. دواتر حکومەت باوکی دەستگیر کردووە و ئەرکی بەخێوکردنی خوشک و براکانی کەوتووەتە سەر شانی کەژاڵ. خەونی کەژاڵ ئەوەیە ئێران جێبهێڵێ و لە دەرەوە دەست بە ژیانێکی باشتر بۆ خۆی و خوشک و براکانی بکات.

کەژاڵ دەڵێت: "نامەوێ لێرە درێژە بە ژیانم بدەم، تەنیا ئەوەندەیە دەمەوێ خوشک و براکانم گەورەتر بن و بتوانین پێکەوە بچینە دەرەوە". لە کاتێکدا داهاتی ئەو کارە تەنیا بەشی خەرجییەکانی ماڵەوەیان دەکات.

کاری لەشفرۆشی مەترسیی گەورەشی بە دواوەیە، کەژاڵ باس لەو جارە دەکات کە چەند پیاوێک پێکەوە دەستدرێژییان کردبووە سەری: "سەرەتا گوتیان یەک ملیۆن دۆلارم پێدەدەن، بەڵام کابووسیان بەسەر هێنام، کاتێک چوار کەسیان لە باخێک سێکسیان لەگەڵ کردم و نەیانهێشت بخەوم".

من بیانووم هێنایەوە و گوتم کڕیار نیم، بۆیە لەگەڵ پەیمان ماڵەکەمان بەجێهێشت.

### لە 11 ساڵانەوە بۆ 50 ساڵان

بەیان عەزیزی، لێکۆڵەری کۆمەڵایەتی و چالاکڤانی مافەکانی مرۆڤ، لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەبارەی زۆربوونی لەشفرۆشی لە سنە کردووە. عەزیزی بە (ڕووداو)ی گوت: "لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەم لە گەڕەکی پەراوێزنشینی نەیسار لە سنە بوو"، بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیەش لەگەڵ 120 لەشفرۆش و 15 سەرۆک باندی لەشفرۆشی و 45 کڕیار قسەی کردووە. چیرۆکی ئەو کەسانە دەریخستووە دۆخی سەختی ئابووری پاڵنەری سەرەکییە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی لەشفرۆشی لە شارە کوردییەکان.



عەزیزی دەڵێ: "دەرکەوتووە لەشفرۆشی بۆ کەمیی هەلی کار، پەراوێزخستن، توندوتیژیی کۆمەڵایەتی و دۆخی خراپی دەروونیی خەڵک و بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئاڵوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان دەگەڕێتەوە. تەمەنی لەشفرۆشەکان لە 11 ساڵی هەتا 50 ساڵی تێدایە. منداڵترینیان کچێکی 11 ساڵان بوو کە باوکی ئاڵوودەی مادەی هۆشبەر بوو. ئەو بە ناچاری ببوو بە لەشفرۆش بۆ ئەوەی قەرزەکانی باوکی بداتەوە".

20%ی ئەو لەشفرۆشانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا قسەیان لەگەڵ کراوە نەخوێندەوار بوونە و 9%یان خوێندنی باڵایان تەواو کردبوو. لە نێوان کڕیارانی سێکسیشدا، 86%ی کەسەکان بە گوتەی خۆیان دۆخی ئابووریان باش بووە و 8%ی کەسەکان زۆر دەوڵەمەند بوون.

بە گوتەی عەزیزی "ئەوە بە ڕوونی دەریدەخات کە زۆربەی کڕیارانی سێکس پیاوانی دەوڵەمەندن". لە کاتێکدا 55%ی کڕیارەکان هاوژینیان هەبووە و 45%یان سەڵت بوون.

**دۆخی سەختی ئابووری پاڵنەری سەرەکییە بۆ زیادبوونی لەشفرۆشی لە ڕۆژهەڵات**

لێکۆڵینەوەیەک

### خراپتر بەڕێوەیە

ئەندامێکی ڕێکخراوی خۆشبژێویی ئێران هۆکاری زیادبوونی لەشفرۆشی لە شارە کوردییەکان و زۆر ناوچەی دیکەی ئێران بۆ قورسترکردنی سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران دەگەڕێنێتەوە.

ئەو ئەندامە کە لەبەر سنووردار بوونی دەسەڵاتیان بۆ قسەکردن بۆ میدیا نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، گوتی "ئەرکی ڕێکخراوەکەی ئێمە ئەوەیە هاریکاریی کۆمەڵایەتی بە خەڵکی لێقەوماو بگەیەنین و ئەو منداڵ و ئافرەتانە لەخۆبگرین کە پێویستییان هەیە و مەترسی توندوتیژییان لەسەرە، بەڵام شوێنی پێویستمان نەماوە بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتانە لەخۆبگرین. لە هەمانکاتدا ناتوانین هانیان بدەین واز لە لەشفرۆشی بهێنن، چونکە هیچ دەرفەتێکی کار نییە. دۆخی ئابووریی وڵاتەکەمان بەرەو خراپتر دەچێ و ئەوەش پێمان دەڵێ کە خراپتریش بەڕێوەیە".

---

**دوای عەلی، سۆرانیش مرد**

# بکوژانی دوو گەنجەکەی چەمچەماڵ تا ئێستا دەستگیرنەکراون

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

عەلی و سۆران بوونە قوربانیی تاوانێک کە هیچ پەیوەندی بە ئەوانەوە نەبوو، زیاتر لە مانگێک بەسەر تەقەکردن لەو دوو کەسەدا تێپەڕیوە، بەڵام بکوژەکانیان هێشتا دەستگیر نەکراون.

سەعات 5:30 خولەکی ئێوارەی ڕۆژی 2019/8/31 لە گەڕەکی قادرکەرەمییەکانی ناحیەی شۆڕشی سەر بە قەزای چەمچەماڵ، تەقە لە دوو گەنج بەناوەکانی عەلی شەریف، تەمەن 20 ساڵ و سۆران مارف، تەمەن 22 ساڵ کرا، عەلی دەمودەست گیانی دەرچوو، سۆرانیش کە سێ گوللەی بەرکەوتبوو، ڕۆژی 2019/9/27 لە نەخۆشخانە مرد.

ڕائید سەرکەوت ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە مانگێک هێشتا بکوژانی ئەو دوو گەنجە دەستگیرنەکراون، چونکە شوێنیان دیار نییە".


سۆران مارف


عەلی شەریف


محەممەد مارف

بە گوتەی پۆلیس، تەقەکەرەکان سێ کەس بوون و دانیشتووی ناحیەی لەیلانی سەر بە پارێزگای کەرکووکن، دوای ڕووداوەکە گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان. ڕائید سەرکەوت دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ بنکەی پۆلیسی ناحیەی لەیلان هەماهەنگیمان هەیە بۆ ئەوەی تاوانبارەکان دەستگیر بکەن، ئەو سێ کەسە پێشتریش کەسێکی ئەو ماڵەیان کوشتووە و هەڵاتوون و دەستگیر نەکراون".

پۆلیس سەرەتا سێ کەسی بە تۆمەتی کوشتنی عەلی دەستگیرکرد، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت پەیوەندییان بە تاوانەکەوە نییە، یەکێک لەوانە سۆران بوو کە بە بریندراری لە نەخۆشخانە دەستبەسەر کرابوو.

سۆران مارف، خێزاندارە و باوکی منداڵێک بوو، لە مارکێتێک لەگەڵ براکانی کاری دەکرد، ئەو ڕۆژە ڕۆیشتبوو بۆ لای عەلی، لەناکاو چەند کەسێکی نەناسراو تەقەیان لێدەکەن و سێ گوللە بەر سۆران دەکەون. سۆران بووە قوربانیی تاوانێک کە پەیوەندیی بەوەوە نەبوو.

ئەحمەد شەریف کە برای عەلییە، پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو: "دەوروبەری سەعات 5:30ی خولەکی ئێوارە، عەلی لەگەڵ خاڵۆزاکەم چووبوونە پشت بنکەی پۆلیسی شۆڕش کە چۆڵە، لەوێ مەڕ و ماڵاتیان دەلەوەڕاند. لەو کاتەدا سێ ماتۆڕسکیل دەستڕێژی گوللەیان لێدەکەن. عەلی پێنج گوللەی بەردەکەوێ و هەر لەوێ دەمرێ. خاڵۆزاکەشی بریندار دەبێ".

لە پشت کوشتنی ئەو دوو گەنجەوە چیرۆکێک هەیە کە بۆ پێنج ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کاتێک خاڵێکی عەلی بەناوی محەممەد مارف لە پێش ماڵەکەی خۆی لە ناحیەی لەیلان کوژرا.

وەک ئەحمەد دەڵێت، محەممەد لە هیچ و خۆڕایی کوژرا، بنەماڵەی بکوژ پێشتر داوای سوڵحیان کردبوو، ئەوانیش داوای 100 ملیۆن دیناریان کردبوو، بەڵام بنەماڵەی تاوانبارەکە ڕازی نەبوون و سوڵحەکە نەکرا". دوای ماوەیەک لە کوژرانی محەممەد، کەسێکی بنەماڵەی بکوژی محەممەد دەکوژرێت، ئەوانیش تاوانەکە دەخەنە ئەستۆی بنەماڵەی محەممەد، بەڵام ئەحمەد دەڵێت: "ئێمە هیچ پەیوەندیمان بەو ڕووداوەوە نەبوو".

دوای کوژرانی عەلی، بنەماڵەی تاوانبارەکە دووبارە پەیوەندی بە ماڵی ئەحمەدەوە دەکەن و دەڵێن کوڕەکانی ئێمە ئەو تاوانەیان نەکردووە، بەڵام دواتر کاتێک دەزانن کە ئەوان بەڵگە و شایەدیان هەیە و ئەوانیان بینیوە، دان بە تاوانەکەدا دەنێن.

عەمید سەلاح ئەمین، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی ناحیەی لەیلان سەبارەت بە کەیسی کوشتنی محەممەد مارف گوتی: "محەممەد ساڵی 2015 لە پێش ماڵی خۆیان کوژرا، ئەو کاتە تاوانبارەکە هەڵات و تا ئێستا پۆلیس دەستگیری نەکردووە، ئەو کەسە دوای کوشتنی محەممەد تاوانێکی دیکەشی کردووە. ئەو سێ کەسەی دوو گەنجەکەی چەمچەماڵیان کوشت یەکێکیان بکوژی محەممەدە، بە گوێرەی زانیارییەکانی ئێمە هەڵاتوون بۆ تکریت".

سۆران 3 ساڵ بوو خێزانی پێکهێنابوو، منداڵێکی هەیە تەمەنی نۆ مانگە. ئەحمەد شەریف دەڵێت: "سێ کەسی بنەماڵەکەی ئێمە بەبێ تاوان کوژران، تا ئێستا پۆلیس نەیتوانیوە هیچ یەکێک لە تاوانبارەکان دەستگیر بکات، یەکێک لە تاوانبارەکان پەیوەندی بە ئێمەوە کردووە و داوا دەکات ئێمە سکاڵای خۆمان بکشێنینەوە، بەڵام ئێمە بە هیچ جۆرێک ئەو کارە ناکەین".

### لە بەرنامەی "ڕەنجی شەهیدان" بەڵێنی پێدابوون

# وەبەرهێنەرێک پاشگەز دەبێتەوە لەوەی شوقە بداتە کەسوکاری شەهیدان

شکار ئەحمەد
رووداو- هەولێر

وەبەرهێنەری پێشووی پرۆژەی فلۆریا ستی کە لە بەرنامەی ڕەنجی شەهیدانی تەلەڤزیۆنی (رووداو)دا بەڵێنی بە کەسوکاری 35 شەهیدی شەڕی دژی داعش دابوو یەکەی نیشتەجێبوونیان بداتێ، گرێبەستی بۆ نەکردوون. کەسوکاری شەهیدەکان دەڵێن سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەین.

ساڵی 2015 محەممەد نەورۆزی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای راد و وەبەرهێنەری پرۆژەی فلۆریا ستی لە بەرنامەی ڕەنجی شەهیدان لە تەلەڤزیۆنی (رووداو)، بەڵێنی دابینکردنی دەیان شوقەی نیشتەجێبوونی بە کەسوکاری شەهیدانی شەڕی دژی داعش دا. هەمان ساڵ لە بەرنامەیەکی راستەوخۆی (رووداو)دا بە تیروپشک ناوەکان دیاریکران، بەڵام زۆربەیان دەڵێن محەممەد نەورۆزی درۆی لەگەڵ کردوون.

چوار ساڵ لەمەوبەر، ڕێباز حەمەدئەمین، تەمەن 25 ساڵ کە پێشمەرگە بوو، لە شەڕی دژی داعشدا لە گوندی مەلا عەبدوڵڵا لە ناوچەی گوێڕ شەهید بوو. رابەر حەمەدئەمین، برای ڕێباز بە (رووداو)ی گوت: "براکەم خێزاندار بوو، لە خانووی کرێدا دەژیان، دوای شەهیدبوونی، خێزانەکەیم هێنایە لای خۆم و تا ئێستاش لەگەڵ دوو منداڵەکەی لەلای منن".

کەسوکاری ڕێباز یەکێکن لەو خێزانانەی لە بەرنامەی ڕەنجی شەهیداندا ناویان لە تیروپشک بۆ وەرگرتنی یەکەی نیشتەجێبوون دەرچوو. رابەر دەڵێ: "لە بەرنامەی ڕەنجی شەهیدان تیروپشک کرا، کارتێکیان پێداین کە ژمارەی شوقەکە و ژمارە مۆبایلی ئێمەی لەسەر بوو، گوتیان لە پرۆژەی فلۆریا ستی شوقەیان بۆ دابین کردوون. دواتر سەردانی کۆمپانیای (راد)مان کرد، کارتەکانیان لێوەرگرتین، گوتیان خۆمان پەیوەندیتان پێوە دەکەینەوە، بەڵام پەیوەندییان نەکردەوە و دواتر کە چووینەوە لەوێ نەمابوون".

دەیان خێزان چاوەڕوانی وەرگرتنی یەکەکانن، بەڵام دوای چوار ساڵ پێیانگوتوون ئێوە خاوەنی هیچ شوقەیەک نین. رابەر حەمەدەمین دەڵێ: "سەردانی پرۆژەکەمان کرد، گوتیان ئەو کۆمپانیایەی پێشتر لێرە نەماون و ئێمەش ناتوانین هیچتان بۆ بکەین. ئێمەیان نارد بۆ بەڕێوەبەرایەتی وەبەرهێنانی هەولێر، لەوێش گوتیان ناوتان لەلای ئێمە نییە، چونکە ڕێککەوتنی ئێوە و وەبەرهێنەرەکە لە ڕێگەی ئێمەوە نەبووە".

دوای شکستهێنانی وەبەرهێنەرەکە لە پرۆژەی فلۆریا ستی، ئێستا کۆمپانیای ساوس کوردستان دەیەوێ پرۆژەکە تەواو بکات. سورکێو ئەمین، نوێنەری کۆمپانیای ساوس کوردستان لە پرۆژەی فلۆریا ستی بە (رووداو)ی راگەیاند: "بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان وا ڕێککەوتووین کە ناوی 1552 کەسمان بدەنێ، تەنیا دەتوانین یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەوانە دابین بکەین".

لەبارەی کێشەی کەسوکاری ئەو شەهیدانەی شەڕی داعشیش، سورکێو ئەمین دەڵێ: "تاوەکو ئێستا نزیکەی 30 کەس هاتوون کە وەکو خۆیان دەڵێن ناویان لە تیروپشکەکەی بەرنامەی ڕەنجی شەهیدان دەرچووە و داوای یەکەی نیشتەجێبوون دەکەن، بەڵام ئێمە ناتوانین بێجگە لەو 1552 کەسە، هیچ یەکەیەکی دیکە بدەین بە کەس".

بەگوتەی رابەر حەمەدەمین، چەند کەسێک کە ناویان لە تیروپشکەکە دەرچووە، گرێبەستیان بۆ کراوە، یەکێک لەوانەش مێردی پوورەکەیەتی، بۆیە دەڵێ: "ئێمە سکاڵا لەدژی کۆمپانیای راد و محەممەد نەورۆزی تۆمار دەکەین، چونکە فێڵیان لە ئێمە کردووە و مافیان خواردووین".

محەممەد نەورۆزی، بەڕێوەبەر و خاوەنی کۆمپانیای پرۆژەی فلۆریا ستی لە (کەمپینی ڕەنجی شەهیدان) بە 35 ئەپارتمان بەشداربوو کە دەکاتە نزیکەی 5 ملیۆن دۆلار، بەڵام زۆربەی ئەوانەی ناویان لە تیروپشک دەرچووە، لە هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوون سوودمەند نەبوون، ناویشیان لەو 1552 کەسەدا نییە کە بڕیارە کۆمپانیای ساوس کوردستان شوقەیان بداتێ.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان دەڵێت کارئاسانی بۆ کەسوکاری ئەو شەهیدانە دەکەن کە لەلایەن وەبەرهێنەرەکانەوە مافیان خوراوە.

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: "ئەو شوقانەی لە بەرنامەی ڕەنجی شەهیدان دراون بە کەسوکاری شەهیدانی شەڕی داعش، پەیوەندی بە وەبەرهێنەر و کەسوکاری شەهیدەکانەوە کراوە، نەک لەڕێگەی ئێمەوە بێت، بۆیە ئێمە تەنیا دەتوانین سکاڵای ئەو کەسانە بگەیەنینە دادگا کە مافیان خوراوە. کەسوکاری شەهیدان دەتوانن راستەوخۆ لە دادگا سکاڵا لەدژی وەبەرهێنەرەکە تۆمار بکەن یان لەڕێگەی ئێمەوە، بۆیە هەر کەسێک بەڵگەی هەیە لە هەر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان، دەتوانێت بیهێنێت بۆ لای ئێمە و کارئاسانییان بۆ دەکەین".

ڕۆژی 2015/4/25، تۆڕی میدیایی رووداو لەڕێگەی بەرنامەی (لەگەڵ ڕەنج) بە دروشمی "منداڵی شەهیدان شایەنی ژیانێکی خۆشن" هەڵمەتی (ڕەنجی شەهیدان)ی راگەیاند. لە کەمپەینەکەدا زیاتر لە 17 ملیۆن دۆلار، 71 یەکەی نیشتەجێبوون و 235 کورسی خوێندن بە خانەوادەی شەهیدان بەخشران، زیاتر لە 1300 وارسی شەهید لە هەڵمەتەکە سوودمەند بوون.

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان:

ئێمە تەنیا دەتوانین سکاڵای ئەو خێزانانە بگەیەنینە دادگا



وەبەرهێنەری پێشووی پرۆژەی فلۆریا ستی بەڵێنی بە کەسوکاری 35 شەهیدی شەڕی دژی داعش دابوو یەکەی نیشتەجێبوونیان بداتێ (فۆتۆ: رووداو)

# عەلوەی ڕۆژئاوای سلێمانی بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت تەواو دەکرێ

شکار ئەحمەد
رووداو- هەولێر

پرۆژەی عەلوەی ڕۆژئاوای سلێمانی 90%ی کارەکانی تەواو بووە، بەڵام هێشتا مۆڵەتی وەبەرهێنانی وەرنەگرتووە. ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت خاوەنی پرۆژەکە بەشێوەیەکی نایاسایی کاری لە پرۆژەکەدا کردووە، بەڵام خاوەنی پرۆژەکە دەڵێ دوو ساڵە بەهۆی ڕۆتینەوە مۆڵەتی نادەنێ.

عەلوەی ڕۆژئاوای سلێمانی لەسەر ڕووبەری 100 دۆنم زەوی لە ناوچەی تاسڵوجە دروست دەکرێ. شارەوانی لە ساڵی 2017 زەوی بۆ تەرخان کردووە، بەڵام خاوەنی پرۆژەکە بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی دەستەی وەبەرهێنان عەلوەکەی دروستکردووە.

ڕێبوار ئەحمەد، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند: "خاوەنی پرۆژەکە مۆڵەتی وەبەرهێنانی نییە، بەشێوەیەکی نایاسایی و بە بڕیاری خۆی دەستی بە دروستکردنی کردووە".

وەبەرهێنانی سلێمانی پێیوایە شارەوانی و فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی هۆکاری وەرنەگرتنی مۆڵەتی پرۆژەکەن. عەزیز سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند: "پێشتر لە پارێزگای سلێمانی فەرمانیان بە خاوەنی پرۆژەکە کردووە کار لە پرۆژەکەدا بکات، بەڵام کێشەی ئەو پرۆژەیە فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی و شارەوانی سلێمانییە، کە بە ساڵ وەڵامی نووسراوەکانی ئێمە نادەنەوە، ئەگەرنا ئەو پرۆژەیە مۆڵەتەکەی تەواو دەبوو. بەبێ مۆڵەتیش وەبەرهێنەر تووشی کێشە دەبێت. پرۆژەکە بووەتە ئەمری واقیع و ناکرێ تەواو نەکرێ".

عەزیز سەعید گوتیشی: "بەدواداچوونمان کردووە، کێشەی شارەوانیمان چارەسەر کردووە، تەنیا فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی ماوە تاوەکو کێشەی پرۆژەکە چارەسەر بکرێت".

بەڵام یەکێک لە خاوەن پشکەکانی پرۆژەکە پێیوایە بەهۆی ڕۆتینە کە تاوەکو ئێستا مۆڵەتیان وەرنەگرتووە. والی عوسمان، بە (رووداو)ی گوت: "دوو ساڵە کار لە پرۆژەکەدا دەکەین، ئێستا 90%ی تەواو بووە".

بە گوتەی والی عوسمان، پرۆژەکە لەسەر 100 دۆنم زەوی دروست دەکرێ کە 50 دۆنمی خزمەتگوزارییە، 100 ساردکەرەوەی مۆدێرنی تێدایە کە توانای هەڵگرتنی سەدان هەزار تۆن میوەی بۆ ماوەی 6 بۆ 8 مانگ هەیە. بنکەیەکی تەندروستی و پۆلیس و بەنزینخانە و چەند خزمەتگوزارییەکی دیکەشی تێدایە.

لەبارەی نەبوونی مۆڵەتی پرۆژەکە، والی عوسمان گوتی: "لە 2017ـەوە نێردراوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان، بەڵام بەهۆی ڕۆتینات و کەموکوڕی لە مامەڵەکە، سێ جار ناردوویانەتەوە، لەکاتێکدا مامەڵەکە هیچ کێشەیەکی نییە. پرۆژەش هەیە پێشەکی مۆڵەتی پێدراوە، دواتر مامەڵەکانی تەواو کردووە، لەسەر خاوەنەکەشیان تاپۆ کردووە".

ڕۆژی 2019/9/17 لیژنەکانی تەندروستی و ژینگە، پلان و پرۆژەکان و خزمەتگوزاری لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ بەدواداچوونی کێشەی پرۆژەکە بانگێشتی بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی، شارەوانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی سلێمانی، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی و وەبەرهێنەرەکەشیان کردووە.

ڕێبوار ئەحمەد کە سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگەیە دەڵێت: "وەبەرهێنەرەکە هیچ بەڵگەیەکی نووسراوی ئەو چوار شوێنەی پێنەبوو، تەنیا دەڵێ کاتی خۆی لیژنەیەک هەبووە و مۆڵەتی پێداوم".

پرۆژەکە کێشەی ژینگەیی و تەندروستیشی هەیە. سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگە دەڵێت: "کێشەی ئەو پرۆژەیە ئەوەیە ئەو شوێنە بۆ عەلوە گونجاو نییە، چونکە ئەو شوێنە کارگەی چیمەنتۆی لێیە. کارگەکەش تۆزی هەیە کە ئەگەر بە هەر سەوزە و میوەیەکەوە بنووسێ لێی نابێتەوە".

ڕێبوار ئەحمەد گوتیشی: "ئێمە تەنیا نووسراوێکی فەرمانگەی ژینگەمان بینی کە دەڵێ پرۆژەکە ستراتیژی و پێویستە، بەڵام مۆڵەتی ژینگەی نییە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕەزامەندییان لەسەر پرۆژەکە نەداوە، چونکە زەرەری زیاترە لە قازانج، بۆیە ئێمە داوامانکرد زانیاری تەواومان بدەنێ یان پرۆژەکە رابگیرێت، ئەوکاتەش کارگەی چیمەنتۆکە دەبێت قەرەبوویان بکاتەوە یان سیستەمی فیلتەرەکەی چاک بکات و بیکات بە فیلتەری میکانیکی کە مەترسی نابێت و لەڕووی ئابووریشەوە قازانجی بۆ کارگەکە دەبێت".

دیار شێخ غەریب، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند: "پرۆژەکە ڕێنمایی ساڵی 2013ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی تایبەت بە پرۆژەکانی تێدایە و ڕێگەپێدراوە، بەڵام بۆ پێدانی ڕەزامەندی ژینگەیی بۆ پرۆژەکە، پێویستە راپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی (EIA) بۆ بکرێت، لەو راپۆرتەدا دەردەکەوێت کە لەڕووی ژینگەییەوە گونجاوە یان نا".

لەبارەی بەدواداچوونی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ دۆسیەکە، والی عوسمان دەڵێت ئەوە کاری ئەوان نییە: "تەنیا دەستەی وەبەرهێنان و وەبەرهێنانی سلێمانی دەتوانن بەدواداچوون بۆ پرۆژەکە بکەن، ئەنجوومەنی پارێزگا هیچ پەیوەندییەکی بەم پرۆژەیەوە نییە".

بەهۆی ڕۆتینەوە مۆڵەتمان نادەنێ

خاوەنی پرۆژەکە

### کۆمپانیاکە ملیارێک و 250 ملیۆن دیناری بۆ فیلمێک و درامایەک لە حکومەت وەرگرتووە

# وەزارەتی ڕۆشنبیری گرێبەستەکانی لەگەڵ مەستی فیلم هەڵوەشاندەوە

شکار ئەحمەد
رووداو — هەولێر

وەزارەتی ڕۆشنبیری گرێبەستەکانی لەگەڵ کۆمپانیای مەستی فیلم هەڵوەشاندەوە. وەزیری ڕۆشنبیری دەڵێ کۆمپانیاکە ملیارێک و 250 ملیۆن دیناری لە حکومەت وەرگرتووە و هیچ بەرهەمێکی نەبووە، بۆیە ئەگەر پارەکە نەگەڕێننەوە ڕووبەڕووی دادگایان دەکەینەوە.

کۆمپانیای مەستی فیلم بۆ کاری هونەری و فیلمسازی تاوەکو ئێستا ملیارێک و 250 ملیۆن دیناری بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێک و درامایەک لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە (500 ملیۆن دینار لە ئەنجوومەنی وەزیران و 750 ملیۆن دیناریش لە بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیری)، بەڵام بەگوتەی وەزیری ڕۆشنبیری تاوەکو ئێستا هیچ بەرهەمێکی نەبووە.

محەممەد سەعید عەلی (حەمەی حەمەسەعید) وەزیری ڕۆشنبیری بە (رووداو)ی راگەیاند: "کۆمپانیای مەستی فیلم 250 ملیۆن دیناریان لە بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیری لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێک وەرگرتووە و پاکتاویان نەکردووە، کارەکەشیان نەکردووە، هەر خۆشیان واژۆیان لەسەر ئەو گرێبەستە کردووە کە ئەگەر لە وادەی خۆیدا بەرهەمەکەیان تەواو نەکرد، ڕۆژانە 20 ملیۆن دینار غەرامە بدەن، بەڵام نە کارەکەیان کردووە و نە پارەکەشیان گەڕاندووەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی".

هەر بە قسەی وەزیری ڕۆشنبیری "کۆمپانیاکە 500 ملیۆن دیناریشی لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بۆ درامایەک وەرگرتووە. نە درامەکە کراوە و نە پارەکەشیان گەڕاندووەتەوە. بۆیە ئێستا کۆمپانیاکە 750 ملیۆن دیناری لە بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیری وەرگرتووە، پاکتاوی نەکردووە و بەرهەمیشی نەبووە".

وەزیری ڕۆشنبیری دەڵێت: "کۆمپانیای مەستی فیلم نیو ملیار دیناریشیان لە ئەنجوومەنی وەزیران وەرگرتووە، پاکتاوی ئەو پارەیەشی نەکردووە، لەکاتێکدا فیلم و بەرهەمیان دیار نییە".

گوتیشی: "ئەو کەسەی گرێبەستەکانی لەگەڵ حکومەت کردووە، فەرمانبەری وەزارەتی ڕۆشنبیرییە و بە نوێنەرایەتی وەزیری پێشوو ئەو کارەی کردووە، بەڵام من ئەو بڕگەیەم هەڵوەشاندووەتەوە. ئاگاداریشم کردوونەتەوە دەبێت ئەو کۆمپانیایە هەڵوەشێننەوە یان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەست لەکار بکێشنەوە، چونکە ناکرێ کارمەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری کۆمپانیای بزنسی هەبێت".

وەزارەتی ڕۆشنبیری و کۆمپانیای مەستی فیلم دوو گرێبەستیان بەیەکەوە واژۆ کردووە، بەڵام بە نووسراوی ژمارە 5111 کە لە ڕۆژی 2019/9/16 دەرچووە و واژۆی وەزیری ڕۆشنبیری لەسەرە، گرێبەستەکانیان لەگەڵ کۆمپانیاکە هەڵوەشاندووەتەوە. لە نووسراوەکەدا هاتووە: "کۆمپانیاکە بەدەر لە یاسا و ڕێنماییەکان کاری کردووە و 100%ی بڕی پارەی گرێبەستەکانی وەرگرتووە، ئەو کەسانەشی گرێبەستەکەیان لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری واژۆ کردووە، خۆیان فەرمانبەری وەزارەتی ڕۆشنبیرین".

هەر لە نووسراوەکەدا چەند بڕیارێک دراون، لەوانەش راگرتنی کارەکانی کۆمپانیای مەستی فیلم لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری، دیتنەوەی ڕێگەچارەیەکی یاسایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی 251 ملیۆن و 450 هەزار دینار. هەروەها راگرتنی کار لە گرێبەستی فیلمی (تاقیکردنەوە)ی دەرهێنەر شەوکەت ئەمین کورکی، هەروەها لادانی (دانەر عومەر فارس) کە نوێنەری وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری و سەرپەرشتیاری گرێبەستەکانە.

هەر لە نووسراوەکەدا داوا لە ئەنجوومەنی وەزیرانیش کراوە ئەو 751 ملیۆن دینارەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای مەستی فیلم بۆ هەردوو فیلمی (تاقیکردنەوە) و درامای (کرێچییان) وەریگرتووە، لەماوەی هەفتەیەکدا بگەڕێنێتەوە، ئەگەرنا ڕێکاری یاسایی لەدژی دەگرنەبەر.

دانەر عومەر، نوێنەری کۆمپانیای مەستی فیلم بە (رووداو)ی گوت: "ئەو 750 ملیۆن دینارەی دەگوترێت مەستی فیلم لە بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیری وەرمانگرتووە دوو بەشە، بەشێکیان 250 ملیۆن دینارە کە بۆ درامایەک وەرمانگرتووە، بەڵام بە فەرمانی خالید دۆسکی، وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری ئەو درامایە راگیراوە، لەبری ئەوە ئێستا خەریکی درامایەکی دیکەین کە بڕیارە 2019/11/1 دەست بە وێنەگرتنی بکەین".

دانەر عومەر گوتیشی: "بەشەکەی دیکە 500 ملیۆن دینارە و دەگوترێ ئێمە وەرمانگرتووە، بەڵام ئەو پارەیە نەدراوە بە کۆمپانیای مەستی فیلم، دراوە بە دەرهێنەری سینەمایی (شەوکەت ئەمین) بۆ فیلمێک، کۆمپانیاکەمان کارەکانی ئەو فیلمە دەکات، ماوەی سێ مانگە دەستیانپێکردووە و ئێستا ستافێکی گەورە کار لە فیلمەکەدا دەکەن، بڕیاریشە کۆتایی مانگی 12 کارەکانی تەواو بێت".

دانەر عومەر ڕەخنە لە وەزیری ڕۆشنبیری دەگرێت و دەڵێت "ئەو وا دەزانێت ئەو ڕۆژەی پارە بۆ فیلمێک تەرخان دەکرێ، دەبێت هەمان ڕۆژ فیلمەکە تەواو بێت، چونکە لە کارەکە نازانێت. ئێمە هیچ کارێکی نایاساییمان نەکردووە، بۆیە ئەگەر وەزیری ڕۆشنبیری سوور بێت لەسەر ئەوەی ڕووبەڕوومان بێتەوە، دەیدەینە دادگا".

بابەکر دەرەیی، بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی لەبارەی کێشەی مەستی فیلم و ئەو پارەیەی بۆی تەرخان کراوە دەڵێت: "لەبەرئەوەی وەزیری ڕۆشنیری قسەی لە بابەتەکە کردووە، من هیچ قسەیەکم نییە و ئەوەی ئەو دەیڵێت ڕاستە".

ئەگەر مەستی فیلم پارەکە نەگەڕێنێتەوە ڕووبەڕووی دادگای دەکەینەوە

وەزیری ڕۆشنبیری

ئەگەر وەزیری ڕۆشنبیری دژایەتیمان بکات دەیدەینە دادگا

مەستی فیلم

# گەدە چ کاتێک دەشۆردرێت؟



**رووداو- هێڵس لاین**

ئامانج لە شۆردنی گەدە، بەتاڵکردنەوەیەتی لە حاڵەتە کتوپڕەکاندا، بەتایبەت لە حاڵەتەکانی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن بە دەرمان یان بە هەڵە خواردنی ماددەیەکی کیمیایی ژەهراوی. لەو حاڵەتانەدا دەبێت نەخۆشەکە بە زووترین کات بگەیێنرێتە نەخۆشخانە و لە ماوەی چوار کاژێردا گەدەی بشۆردرێ.

بەشێوەیەکی گشتی شۆردنی گەدە بۆ چەندین مەبەستی دیکەش دەکرێت، بۆ نموونە وەرگرتنی نموونەیەک لە گەدە، کردنەوەی گیرانی گەدە و چارەسەرکردنی خوێنبەربوونی گەدە.

هەندێکجار دوای ئەنجامدانی چەند نەشتەرگەرییەکی سک لەوانەیە پزیشک ئەم پرۆسەیە بۆ نەخۆشەکە بکات کە لەم بارەدا بە تەواوی یان نیوەی گەدە بەتاڵ دەکرێتەوە.

خۆ ئامادەکردن بۆ پرۆسەکە بەپێی حاڵەتەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بە زۆر خواردنی دەرمان هەوڵی خۆکوشتنی دابێت، یان بەهەڵە دەرمانێکی خواردبێت، حاڵەتەکەی کتوپڕە و پێویستی بە هیچ ئامادەکارییەک نییە، بەڵام ئەگەر پزیشکەکە بیەوێت نموونەیەک لە گەدە وەربگرێت، ئەو کاتە نەخۆشەکە دەبێت چەند ڕۆژێک بەر لە پرۆسەکە هیچ دەرمانێک نەخوات.

بەر لە پرۆسەکە، پزیشک دەرمانێکی سڕکەر دەداتە نەخۆشەکە بۆ سڕکردنی قورگی، بۆ ئەوەی هێڵنج و هەستیاری کەمبکرێتەوە، دوای ئەوە سۆندەیەک کە چەور دەکرێت، لەرێگەی دەم یان لووتەوە دەبردرێتە نێو سورێنچک و لەوێشەوە بۆ گەدە.

پرۆسەکە ئازاری نییە، بەڵام لەوانەیە نەخۆشەکە پێی ناڕەحەت بێ و تووشی هەندێک گرفتی تەندروستیش ببێت وەک خوێنبەربوون، سنگئێشە، کۆکە، شەکەتبوون، تا و گەڕانەوەی خۆراک بۆ بۆرییەکانی هەناسە.

# زیانەکانی بەکارهێنانی ماسکارا



**رووداو- مێدیکاڵ دەیلی**

ماکیاژکردن بەگشتی و بەکارهێنانی ماسکارا بۆ برژانگ لەنێو خانماندا شتێکی بەربڵاوە، بەشێکی خانمان هەموو ڕۆژێک ماکیاژ دەکەن و ماسکارا بۆ پڕکردن و درێژکردنی برژانگیان بەکاردەهێنن. پرۆفیسۆرێکی جوانکاری لە سەنتەری نەخۆشییەکانی چاو لە ئەمریکا هۆشداری دەدات لەبارەی بەکارهێنانی بەردەوامی ماسکارا بۆ برژانگ و دەڵێت ئەو خانمانەی بەردەوام ماسکارا بەکاردەهێنن، تووشی چەند گرفتێکی چاو دەبن.

پێڵووی چاوەکان لە سێ ڕژێن پێکدێت کە یارمەتی تەڕ هێشتنەوەی چاو دەدەن.

د.جەیمس چیلنیس، پرۆفیسۆری جوانکاری لە سەنتەری تایبەت بە نەخۆشییەکانی چاو لە ئەمریکا دەڵێت، کاتێک خانمان ماسکارا بۆ برژانگیان دەکەن، ئەم کارە دەبێتە هۆی داخرانی کونیلەکانی سێ ڕژێنەکە، بەمەش چاو وشک دەبێتەوە.

پسپۆڕەکەی جوانکاری ڕوونیدەکاتەوە کە جگە لەوەی خانمان سکاڵای وشکبوونەوەی چاو دەکەن، ئەم کارە هۆکارێکیش دەبێت بۆ سەرهەڵدانی هەوکردن لە پێڵووشدا.

د.مۆنا گۆهارا کە پزیشکێکی پسپۆڕی پێستە، سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ماسکارا لەسەر برژانگ دەڵێت: هەر ماددەیەکی کیمیایی لەسەر مووەکان دەبێتە هۆی لاوازبوونیان. پزیشکە پسپۆڕەکەی پێست ڕوونیشی دەکاتەوە برژانگ یەکێکە لەوانەی چاو لە تەنۆلکە جۆراوجۆرەکان دەپارێزێت، بۆیە بەکارهێنانی ماسکارا هۆکارە بۆ لێکجیابوونەوەی مووی برژانگ، ئەوکات تەنۆلکەکان بە ئاسانی دەچنە نێو چاو و دەبنە هۆی هەوکردن.

د.مۆنا گۆهارا ڕێنمایی خانمان دەکات کە هەموو ڕۆژێک ماسکارا بەکارنەهێنن، ئەگەر ڕۆژێکیش ماسکارایان بەکارهێنا، لەکاتی لابردنی ماکیاژ دڵنیابنەوە لەوەی برژانگەکان بە تەواوی پاکبوونەتەوە.

# دابەزاندنی 10%ی کێش، شەکرە کۆنترۆڵ دەکات

**رووداو- هەولێر**

توێژینەوەیەکی نوێ دەریخستووە تەنیا بە دابەزاندنی 10% لە کێشی جەستە، تووشبووانی شەکرە نەخۆشییەکەیان بێدەنگ دەبێت.

تیمێکی پزیشکانی زانکۆی کامبریج لە بەریتانیا بەدواداچوونیان بۆ کاریگەرییەکانی دابەزاندنی کێش لەسەر کەمکردنەوەی مەترسییەکانی شەکرە و چاکبوونەوەی نەخۆشییەکە کردووە.

شەکرە بەوە دەناسرێتەوە کە تووشبووانی توانای دروستکردنی ئەنسۆلینی پێویستیان نییە بۆ دابەزاندن و پرۆسێسکردنی شەکری خوێن، بەمەش شەکری نێو خوێن زیاد دەکات.

دوو جۆری سەرەکی نەخۆشیی شەکرە هەن، جۆری یەکەمیان لە ئەنجامی لەدەستدانی توانای پەنکریاس بۆ دروستکردنی ئەنسۆلین دروستدەبێت، جۆری دووەمیشیان لە ئەنجامی ئەوەی جەستە ناتوانێت ئەنسۆلین بۆ دابەزاندنی ڕێژەی شەکری خوێن بەکاربهێنێت.

ساڵانە ملیۆنان کەس لە جیهاندا تووشی نەخۆشیی شەکرە دەبن و ئەو نەخۆشییە ئێستا وەک گرفتێکی گەورەی جیهانی تەماشا دەکرێ. بەپێی دوایین ئامارەکان کە هی ساڵی 2014 یە، دەرکەوتووە لە سەرانسەری جیهاندا نزیکەی 422 ملیۆن تووشبووی نەخۆشییەکە هەن و پێشبینی دەکرێت تاوەکو ساڵی 2040 ژمارەی تووشبووان بگاتە 642 ملیۆن.

ئێستا شەکرە هەشتەم هۆکاری مردنە لە جیهاندا و پێشبینی دەکرێت تا ساڵی 2030 ببێتە هۆکاری حەوتەم، هەروەک خەمڵێنراوە بە هەر حەوت ساڵ جارێک، ڕێژەی تووشبووان 50% زیاد دەکات.

شەکرە ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت، چەندین دەرهاوێشتەی مەترسیداری دەبن، لەوانەش: کوێربوون، بڕینەوەی پێیەکان و سستبوونی گورچیلەکان.

### جیاوازییەکە چییە؟

بەگوێرەی توێژینەوەکەی پزیشکە بەریتانییەکان لە زانکۆی کامبریج، کە تێیدا بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەدواداچوونیان بۆ نەخۆشەکان کردووە، بۆیان دەرکەوتووە 30%ی بەشداربووان کە لە ماوەی توێژینەوەکەدا بڕێکی مامناوەندی کێشیان دابەزاندووە، شەکرەیان کۆنترۆڵ بووە و بێدەنگ بووە.

د. هاجیرا دامبا، پرۆفیسۆر و سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە دەڵێت خاڵە جیاوازەکە ئەوەیە ئەوانەی توانیویانە تەنیا 10%ی کێشیان دابەزێنن لە ماوەی پێنج ساڵدا، ئەگەری بێدەنگبوونی شەکرەیان دووهێندە بووە. دەشڵێت ئەوەی گرنگە بۆ بێدەنگکردنی شەکرە، دابەزاندنی کێش و کەمکردنەوەی بڕی وەرگیراوی ڕۆژانەی کالۆرییە.



# 5 ڕێگە بۆ دووربوون لە شێرپەنجەی مەمک



**رووداو- سایتمەن کانسەر سێنتەر**

ئەم مانگە مانگی هۆشیارییە لەبارەی شێرپەنجەی مەمک کە بەربڵاوترین جۆری شێرپەنجەیە لەنێو خانماندا، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە پیاوانیش پارێزراون، بەڵکو نزیکەی 1%ی حاڵەتەکانی شێرپەنجەی مەمک لەنێو پیاواندا ڕوودەدەن. کۆمەڵێک هۆکارە هەن بۆ سەرهەڵدانی شێرپەنجەی مەمک، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پەیڕەوکردنی چەند هەنگاوێک دەتوانن مەترسیی تووشبوون بەم شێرپەنجەیە کەمبکەنەوە:

### 1 کێشی کەم:

توێژینەوەکان دەریدەخەن کێشی زیاد و قەڵەوی هۆکاری مەترسیدارن بۆ سەرهەڵدانی چەندین نەخۆشیی درێژخایەن، لەوانەش شێرپەنجە بەگشتی و شێرپەنجەی مەمک بەتایبەتی، بۆیە بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون دەبێت نەهێڵی کێشت زۆر زیاد بکات و قەڵەو بیت.

### 2 وەرزش:

یەکێک لە ڕێگە هەرە گرنگەکان بۆ تەندروستی و دووربوون لە شێرپەنجە، وەرزشە، پزیشکانی پسپۆڕ دەڵێن ئەو خانمانەی لایەنی کەم ڕۆژانە 30 خولەک چالاکی جەستەیی دەکەن، ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی مەمک کەمترە.

### 3 خۆراکی دروست:

خواردنی خۆراکە دروستەکان بەتایبەتی سەوزە و میوە کە بە دژە ئۆکسێنەکان دەوڵەمەندن، دەتوانن مەترسیی تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک کەم بکەنەوە، چونکە دژە ئۆکسێنەکان سیستەمی بەرگریی جەستە بەهێز دەکەن و سەرەنجام خانەکانی سیستەمی بەرگریی جەستە بەهێزتر ڕووبەڕووی خانە شێرپەنجەییەکان دەبنەوە.

### 4 شیردانی سروشتی:

توێژینەوەکان تیشکیان خستووەتە سەر سوودەکانی شیردانی سروشتی بۆ منداڵ، هەروەها ئەوەشیان دەرخستووە کە ئەو خانمانەی شیری خۆیان دەدەنە منداڵەکانیان، مەترسیی تووشبوونیان بە شێرپەنجەی مەمک کەمترە.

### 5 حەبی دژە سکپڕی:

حەبی ڕێگریکردن لە دووگیانی هەم سوودی هەیە هەم زیان، پزیشکان دەڵێن خانمان بەتایبەت ئەوانەی تەمەنیان سەرووی 35 ساڵە، باشتر وایە بەبێ ڕاوێژی پزیشک حەبی ڕێگری لە دووگیانی وەرنەگرن.

# لەبارەی خەمۆکیی کاتی دووگیانی

**رووداو- ڤێری وێڵ مایند**

دووگیانبوون قۆناغێکی هەستیارە لە ژیانی هەر خانمێکدا، لەماوەی دووگیانبوون چەندین گۆڕانکاری لە جەستە و دەروونی خانمەکەدا ڕوودەدەن، سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ خۆیدا هەستێکی خۆشی بوون بە دایک بۆ خانمان دێنێ، بەڵام بەهۆی دووگیانییەوە بەرەوڕووی گوشار و دڵەڕاوکێش دەبێتەوە.

خەمۆکی گرفتێکی باوە لە ماوەی دووگیانی و دوای دووگیانی، بەجۆرێک لە هەر حەوت خانم یەکێکیان تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت.

لە ماوەی دووگیانیدا بەهۆی گۆڕانکاری لە هۆڕمۆنەکان خانمان هەستیارتر دەبن و زوو میزاجیان تێکدەچێت و ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر نیشانەکان توندتر ببن و ماوەیەکی زۆر بمێنن، ئەو کاتە دەبێت چارەسەر وەربگرێ.



نیشانەکانی خەمۆکیی پەیوەست بە دووگیانی بریتین لە هەستکردن بە خەمباربوونی بەردەوام، گریانی بەردەوام، بێهیوابوون، کەمبوونەوەی توانای تەرکیزکردن، گرفت لەکاتی خەوتن، بێهێزی، دڵەڕاوکێ، گۆڕانی ئارەزووی خواردن، بیرکردنەوە لە خۆکوشتن و لەدەستدانی حەز و ئارەزووەکانی لەو شتانەی پێشتر چێژی لێوەردەگرت.

چەندین هۆکار هەن کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی خەمۆکیی پەیوەست بە دووگیانی، لەوانەش نەخۆشی، گرفتی دەروونی و کۆمەڵگە، بەڵام پزیشکان دەڵێن گۆڕانکاری لە هۆرمۆنەکان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان.

هەندێک فاکتەر هەن لە خانماندا کە مەترسیی تووشبوونی بە خەمۆکیی دووگیانی زیاد دەکەن، وەک ژیانی جەنجاڵ، کەمیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆماوەیی، لێکەوتەکانی دووگیانی و جگەرەکێشان.

هەواڵە دڵخۆشکەرەکە ئەوەیە کە خەمۆکیی ماوەی دووگیانی چارەسەری هەیە، چارەسەرەکانیش بریتین لە پاڵپشتیکردنی دەروونی و لە حاڵەتە توندەکانیشدا پزیشک دەرمانی دژە خەمۆکی دەداتە ئافرەتەکە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# ئەگەرەكانی بەردەم عێراق

هەر كەسێک كتێبی (لە پشت پەردەی شۆڕشەوە) دانپێدانانەكانی جەعفەر شەفیعیزادە، فەرماندەی یەكەی تایبەتی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و زێرەڤانیی ئایەتوڵڵا خومەینی لە پاریس و تاران بخوێنێتەوە كە باس لە ڕووخاندنی شای ئێران و هاتنە سەر حوكمی شۆڕشی ئیسلامی دەكات، باوەڕی بەوە نامێنێ كە ڕاستیی ڕەها ئەوەیە مرۆڤ بەچاوی خۆی دەیبینێ. هەرچەندە خواوەندیش لە پەیامەكانیدا بۆ مرۆڤ ئەوەی كردووە بە بنەما بۆ دڵنیابوون لە ڕاستیی ڕووداو یان تاوانێک كە پشت بە گەواهیی ئەوانە ببەستێ ڕووداوەكەیان بەچاوی خۆیان بینیوە، بەڵام فروفێڵ و تەڵەكەبازیی مرۆڤەكەلی ئەم سەردەمە، ئەم بنەمایەیان هەڵگێڕاوەتەوە. زۆر جار ڕاستییەكە ئەوە نییە كە تۆ بەچاو دەیبینی. بۆ ئەوەی بگەیتە ڕاستی دەبێ هۆشی ئەوەت هەبێت پشتەوەی ڕووداوەكانیش ببینی.

ئێستا ئەوەی لە عێراق دەگوزەرێت نموونەیەكی ئەو حاڵەتەیە. مەرج نییە ڕاستییەكان بریتی بن لەو وێنایەی لەپێش چاوی هەموو دنیایە. خۆپیشاندان و پەرەسەندنی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەكداری لە پایتەخت و شارە شیعییەكانی باشوور، هەڵوێستی كۆماری ئیسلامیی ئێران و سیاسییە وابەستە پلە یەكە نزیكەكانی ئێران لە عێراق، ڕەفتاری حەشدی شەعبی و گوتاری مەرجەعیەت، هەروەها ئەو قسەوباسانەی لە میدیاكانەوە دەكرێن بۆ ناردنی تیمی سەركوتكردن و قەناس بەدەست، هەموو ئەوەمان پێدەڵێن كە ئێران دژ بەم خۆپیشاندانانەیە و لەگەڵ مانەوەی كابینەكەی عادل عەبدولمەهدیدان. ئەگەر هەڵسەنگاندنی هاوكێشەكان و خوێندنەوەی ڕووداوەكان لەو گۆشە نیگایەوە بن كە لە ڕووكەشی هاوكێشەكاندا دەردەكەون، بێگومان لۆژیک وایە كە دەبێت ئێران دژ بەو پەرەسەندنانەی ئێستای عێراق بێت. چونكە هەموو جیهان درک بەو ڕاستییە دەكەن كە بەغدا سێبەری تارانە لە ناوچەكە.

سەرباری ئامادەیی ئەمریكا لە عێراق وەک نەیارێكی سەرسەختی ئێران، هەروەها هەژموونی وڵاتانی كەنداو بەسەر سوننەی عێراقەوە، بەڵام ئەوەی ڕۆڵی یەكلاكەرەوەی لە هاوكێشەكانی عێراقدا هەیە، كۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەڵوێست و ڕۆڵی عێراق لە كێشە و ناكۆكییەكانی ئێران و ئەمریكا، ئێران و كەنداو، هەژموون و پێگەی ئێران بەسەر ناوچەكانی سوننەی عێراق و كوردستانەوە، بەسەر سووریا و لوبنانەوە، سەرچاوەكەی سێبەری تارانە بەسەر بەغداوە. ئەگەر خۆپیشاندانەكان دژ بە هەژموونی ئێران بن زوو سەردەنێنەوە. بەڵام ئاماژەكانی پشتەوەی دیمەنە دیارەكە بۆ ئەوە دەچن كە ئێرانی لەپشت بێ. پرسیار ئەوەیە ئەگەر تاران بەو ئەندازەیە هەژموونی لە عێراق هەبێت چ بەرژەوەندییەكی لەوەدایە خۆپیشاندان لە دژی حكومەت بكرێت و بەهۆیەوە سەقامگیریی عێراق تێكبچێ؟

هەرچەندە حاكمییەتی شیعە لە شانزە ساڵی ڕابردوودا عێراقی كردووە بە وڵاتێكی وێران، وڵاتێک ڕۆژانە 4 ملیۆن بەرمیل نەوت بفرۆشێ بەڵام ئاوی نەبێت بۆ خواردنەوە. خاوەنی 112 ملیار بەرمیل یەدەگی نەوت بێت، بەڵام 125 ملیار دۆلار قەرزار بێت و ڕێژەی هەژاری نزیک بووبێتەوە لە نیوەی ژمارەی دانیشتووانی. پارەی نادیار و بەهەدەردراو گەیشتبێتە 450 ملیار دۆلار، بێكاریش لەئاستێكدا بێت كە 15 ملیۆن كەسی بێكار بن. هەژاری و نەبوونی، زوڵم و ستەم و نادادی گەیشتووەتە ئاستێكی ترسناک. پێشتر هەزاران خاوەن بڕوانامەی دكتۆرا تیرۆر كراون تەنیا لەسەر (ناوەكانیان)، ئێستاش هەزاران خاوەن بڕوانامەی دكتۆرا و ماستەر و سەتان هەزار دەرچووی زانكۆ بێكارن و لە بەرانبەردا نەخوێندەوار و چەقۆكێش و ئاستنزمەكانی ناو كۆمەڵگا لە حەشدی شەعبی و دەزگا سەربازی و ئەمنییەكان دادەمەزرێن. ئەمانە هۆكاری سەرەكین نەک بۆ خۆپیشاندان، بەڵكوو بۆ تەقینەوە و سەرهەڵدانی شۆڕشیش. بەڵام ئایا شارە شیعییەكان دەرفەتی ئەوەیان تێدا ماوە خەڵک سەر بەرز بكەنەوە و ڕاپەڕن؟

نە ئەمریكا و نە هێزە سوننییەكانی عێراق و نە پاشماوەكانی بەعس و نە وڵاتە سوننییەكانی نەیاری شیعە، هیچ كاریگەرییەكیان بەسەر پارێزگا شیعییەكانی عێراقدا نییە. ئێران بە ئەندازەیەک كۆنترۆڵی كردووە، نووزەی لەبەر بڕیون. بۆیە ئەوەی لە پارێزگا شیعییەكان ڕوودەدات نە دەستی بێگانە و نە دەستی نەیار و دەرەكی و نە شۆڕشی برسییەكانە، بەڵكوو بەكاربردنی برسییەكانە بۆ ئامانجگەلێكی تر كە ڕەنگە دەیان ساڵی تر نهێنییەكانی ئاشكرابن. ئێستا ئێران زیاتر لە ململانێكانی لەگەڵ ئەمریكا و ئیسرائیل، لەگەڵ سعودییە لە ڕووبەڕووبوونەوەدایە. وێڕای جەنگی بە وەكالەتی حووسییەكان لە یەمەن، پێویستبوونی جوگرافیای تر بۆ فراوانكردنەوەی بەرەكانی ململانێ، ئەگەری بەهێزە بۆ ئاڵۆزبوونی ڕەوشی عێراق و دواجار تێوەگلان و بەكاربردنی حەشدی شەعبی بۆ هەمان ئامانجی هاوشێوەی حووسییەكان.

لە ئەگەری زیاتر پەرەسەندنی ناكۆكی و ململانێی ئەمریكا لەگەڵ ئێران، ئەوەش بەدور نازانرێ كە ئێران وەک خەسڵەتێكی هەمیشەیی قەیرانەكان لەناوخۆی خۆی فرێدەداتە دەرەوە. هەروەک هەندێ بۆچوونیش هەن كە ئێران پێویستی بە ماوەیەكی تر هەیە تا ببێتە خاوەن چەكی ئەتۆمی. بۆ ئەمەش پێویستی بەوە هەیە نەیارەكانی بە كێشە و قەیرانگەلێكی ترەوە سەرقاڵ بكات تا كاتی پێویستی لەبەردەست بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەكەی خۆی. بۆیە ئاساییە لە قۆناغێكی وا هەستیار و چارەنووسسازدا عێراق مەڕی قوربانی بێت.

بۆ دۆخی ناوخۆی عێراقیش چوونە قۆناغێكی تری دەسەڵاتداریتی شیعە ئەگەرێكی تری پێویستیی تێكچوونی ڕەوشی عێراقە. لەدوای داگیركردنی جوگرافیای سوننە لەلایەن هێزە شیعییەكانەوە بە پاساوی شەڕی داعش، هەروەها داگیركردنی زیاتر لەنیوەی جوگرافیای كورد لە 16ی ئۆكتۆبەر بە پاساوی ئەنجامدانی ریفراندۆم، پێویستیان بە وەبەرهێنان لەو سەركەوتنانە هەبوو. نەدەكرا ڕاستەوخۆ حوكمڕانیی شیعە بۆ ئەو قۆناغە بگوازنەوە. دەبوو كورد و سوننە رامبكرێن بۆ قبوڵكردنی ئەو قۆناغە تازەیەی شیعە پێیگەیشتوون، بۆ ئەمەش پێویستیان بە ماوەیەكی زەمەنی هەبوو، ئێستا دەشێ بڕیاریان وابێت كە پێیگەیشتوون. بۆیە دوور نییە ڕووداوەكان بە ئاقارێكدا ببرێن، دواجار وەک پێویستیی قۆناغەكە، شێوازێكی تر لە حوكمڕانی بسەپێنرێت.

هەروەها لە دوا دیداری لووتكەی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا ئەوە زانراوە كە هەرێم بەگوێی بەغدایدا داوە دەستبەرداری سەربەخۆیی نەبووە. بێگومان بەرپرسانی عێراق ئەگەر گوێیەكیان بۆ بەغدا بێت گوێیەكەی تریان بۆ تارانە. بۆیە ئەوەش بەدوور نازانرێت ئەم پێشهاتە ناوخۆییانەی ناوچە شیعییەكان سیناریۆگەلێک بن بۆ ئاستەنگ و دروستكردنی گرفت بۆ هەرێمی كوردستان. وەک چۆن سەرەتا داعش لە مووسڵەوە دەركەوت و جیهان چاوی بڕیبووە ئەوەی ڕووە و بەغدا هەنگاو دەنێن، كەچی ڕوویان بۆ شەنگال و كوردستان وەرگێڕا. دوور نییە ئەم دەستپێكەش ئامانجەكانی لە شوێنی ترەوە سەردەربێنێ.

دەبێت كوردستان لە بەغدا زیاتر دەستی لەسەر دڵی بێت و نابێ پێیوابێت (ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە)، پێویستە خۆی بۆ ئەگەرە چاوەڕوانكراوەكانی وەک بڕینی بودجە و پێشهاتگەلێكی تر لە كەركووک و ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم ئامادە بكات كە بەهۆیانەوە كوردستان پەلكێشی ناو ڕووداوەكان بكات و قەیرانێكی تری دارایی بەرۆكمان بگرێتەوە. هەروەها دەبێت خۆی ئامادە بكات بۆ ئەو ئەگەرانەش كە چاوەڕواننەكراون، وەک ئەگەری ئەوەی ئامانجە ڕاستەقینەكەی ئەم ڕووداوانە، بە ئامانجگرتنی كوردستان بێت.



سیروان ڕەحیم

# هەرگیز ئەو دەنگە نابیستن

چوارەم دەوڵەتی بەرهەمهێنەر و شەشەم دەوڵەتی هەناردەكاری نەوتە، كەچی لە عێراق خزمەتگوزاری لە بواری وزە و تەندروستی لە ئاستی نەبووندایە، ڕوونتر لە گەرووی تیمساحەكانی گەندەڵیدایە.

عێراق، كە هەر لە سەرەتاوە بە لۆژیكێكی ژیرانە و بە ئامانجی پێكەوەژیان یان ژیانێكی ئاسوودە دروستنەكراوە، هەرچەندە وەڵاتەكە بەرهەمهێنەرێكی چالاک و لەوانەی ڕیزی هەرە پێشەوەی نەوتدایە، بەڵام لە لیستی شەفافبوونی نێودەوڵەتیدا لە ڕیزی پازدەیەمی دەوڵەتانی گەندەڵدایە.

مرۆڤ ئێستا و لە دەمی تەماشاكردنی دیمەنی سەرهەڵدانی خەڵكدا لە بەغدا و شارەكانی خوارووی ئەو وڵاتە، بەدەنگی بەرز دەپرسێت: ئەم دەوڵەت و ئەم بەڕێوەبردنەیە كە دەیان پەرلەمانتار و سیاسیی كورد بانگەشەی ئەوە دەكەن پێویستە و دەبێت كوردستان وەكو ئەوێ شەفاف بێت، یان بگەڕێتەوە ئامێزی عێراق؟ كوردستان بەرەو كوێ بگەڕێتەوە؟ بەرەو ئەو دۆزەخە؟ دۆزەخێک مرۆڤ گڕەكەی لە سیما، لە هاوار و لە تووڕەبوونی ئاگرینی لاوانی بەغدادا لەسەر شەقامەكان بەڕوونی دەبینێ.

بەرانبەر بەو ڕاپەڕین و هاوارە، مەرگەسات ئەوەیە، دەسەڵاتداران دێنە گۆ و دەڵێن "لەگەڵ داخوازیی ڕەوای خەڵكداین". ئەو دەربڕینە دووبارە و سواوە، ئەوەندەی نەبوونی وزەی پێویست، نەبوونی بیمەی تەندروستی و شاردنەوەی داهات پشتشكێن و جەرگبڕە. ئەوە ڕێزنەگرتنە لە خەڵک، لە هەموو شتێكی خەڵک و بەر لە هەر شتێكیش بێڕێزییە بەرانبەر بە كەرامەتی مرۆڤەكان. ئەو دەربڕینە ناجۆرە بەهەندنەگرتنی هاوار و نارەزایی گەلە كە هیچكات، لە هیچ شوێنێک و لە هیچ ڕۆژگارێكدا دەسەڵاتداری گەندەڵ و سەرەڕۆ ناتوانێت لێی حاڵی بێت و بەپیرییەوە بچێت.

ئەو ژینگە وێران و كاولاشئاسایەی عێراق، دەكرێت سەرەتا بە دابەشكردنی وەڵاتەكە بۆ چەند وەڵاتێک یان قەوارەیەک و پاشان چاكسازی لە ناوخۆی ئەو چەند وەڵاتە یان قەوارەیەدا دەستبەر بكرێت. ئەو خەونەیش لە ئیمڕۆ و سبەینێدا مەیسەر نابێت و بەلای كەمەوە پەنجا ساڵێكی دەوێت. دەبێت چەندین نەوە بڕۆن و چەندین نەوەی نوێ بێن، كە بزانن ڕێزگرتن لە نیشتمان، داهات، كار، پێكەوەژیان، ئاین و بێئاینی و.. هتد چییە و چۆن دەكرێت هەڵسوكەت لەگەڵ ئەو شتانەدا بكرێت.

"هەموو ئەو شتانەی سۆسیالیستەكان سەبارەت بە پارە لێی حاڵی بوون، ئەو ڕاستییەیە كە ئەوان پارەیان لەوانی تر دەوێت". ئەوە هەڵسەنگاندنێكی گرنگی سیاسەتوان و ڕاوێژكاری ئەڵەمانیای پاش جەنگی دووەم كۆنراد ئادەناوەر (1876 - 1967) ـە.

ڕاستییەكەی سیاسەتوانانی ئیمڕۆ لە عێراق ڕێک و ڕەوان بەو پرەنسیپە كار دەكەن. پرەنسیپێک داهات، وزە، خزمەتگوزاریی تەندروستی، پەروەردە و هەموو شتێكی باش بۆ خۆم و گەلیش با پشوویان درێژ بێت و چاوەڕێی داهاتوو بكەن. چاوەڕوانییەک خاڵی لە هیوا.

سەرۆكوەزیرانی ئێستای عێراق لەسەرەتاوە جێ هیوای كەسانێكی زۆر بوو، بەڵام قسە و دەربڕینەكانی سەبارەت بە تووڕەیی و ڕاپەڕینی خەڵک، گەر مرۆڤ بە وردی لێی بكۆڵێتەوە، هیواشكێنن.

جەخار ئەویش بەهەمان زمانی ئەوانی تر دەپەیڤێت. "گوێم لە دەنگتان بوو"، ئەمە قسەی ئەو سەرۆكوەزیرانەیە لە وەڵامی هاواری خەڵكدا.

نۆ ساڵ لەمەوبەر لە تونس، بن عەلی بەرانبەر بە تووڕەیی خەڵک هەمان شتی گوت، بەهەمان وشە و هەمان دەربڕین وەڵامی تووڕەیی گەلی تونسی دایەوە، بەڵام بن عەلیمان بینی بە چ چارەنووسێک گەیشت. چونكە ئیتر خەڵكەكە نەیاندەویست گوێی لێبگرن و بواری گوێگرتن بەسەرچوو بوو.

ئەرێ لەو سەرزەمینە بۆچی سیاسییەک نایەت وشەكانی، دەربڕینی، فەرهەنگ و بیركردنەوەی جیاواز بێت، بۆ ئەو سەرزەمینە شتێكی تر، شتێكی جیاواز و هیوابەخشی لێ شین نابێت؟

بۆچی دەبێت سیاسەتوان و دەسەڵاتدار تەنها ئەو كاتە گوێ لە خەڵک بگرن و بتوانن بیانبیستن كە دەڕژێنە سەر شەقامەكان و هاوار دەكەن؟

بۆچی لەو دەڤەرە كەس دیالۆگ ناناسێت و كار بە كولتووری گوتوبێژ ناكرێت؟

مرۆڤ لەنێو هاوار و دادی پڕ "یەئسی" ئەو خەڵكەدا دەپرسێت:

ئایا عێراق پاش نزیكەی سەد ساڵ لە تەمەن كەی پێڕەوكە دەبێت؟

عێراق كەی دەبێت بە شوێنێک مرۆڤ بتوانێت وەكو مرۆڤێكی ئاسایی تێیدا بژی؟

پرسیارە هەرە گرنگەكەیش ئەوەیە: ئایا دەبێت؟



ئازاد وەڵەدبەگی

# ڕۆژە سەختەكانی عەبدولمەهدی

پاش هەشت ساڵ لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس، خەڵكی عێراق بەهۆی كەموكووڕی لە خزمەتگوزارییەكان، بێكاری، گەندەڵی و نادادپەروەری، لە بەهاری 2011 لەژێر كاریگەریی ئەو ڕووداوانەی كە بە بەهاری عەرەبی ناسرابوون، هاتنە سەرشەقام و ڕێگەی خۆپیشاندانیان گرتەبەر بۆ خستنەڕووی داواكاری و نارەزاییەكانی خۆیان. حكومەتی ئەوكات كە نووری مالكی سەرۆكایەتی دەكرد، لەلایەن موقتەدا سەدرەوە (100) ڕۆژی بۆ دیاریكرا بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای حكومەتەكەی، بەڵام چەندین سەد ڕۆژ تێپەڕین و دۆخەكە تا دێت هەر خراپتر دەبێت و وەک كورد دەڵێن ساڵ بە ساڵ خوزگە بە پار.

پاش ساڵی 2003 سیستەمێكی پشكپشكێنەی حزبی- تایفی لە عێراقدا هاتەئاراوە، هەر لایەن و تایفە و پێكهاتەیەک هەوڵدەدات لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی جومگەكانی دەسەڵات و دەستخستنی دارایی سیاسی جێی خۆی لەناو سیستەمی سیاسی عێراقدا بەهێز بكات، ئەمەش وایكردووە گەندەڵی و نادادپەروەری بە جۆرێک لەناو چینی دەسەڵاتداردا تەشەنە بكات و ڕەگ دابكوتێ، كە بێزاریی لە ڕادەبەدەری جەماوەری لێ بكەوێتەوە، هەربۆیە دەبینین لە ساڵی 2015 بەدواوە ساڵانە خۆپیشاندانەكان لە شارەكانی عێراق دووبارە دەبنەوە.

ئەوەی جێی سەرنجە، سەرەڕای باڵادەستیی شیعە لەناو دەسەڵاتی سیاسی عێراق، بەڵام ناوچە زۆرینە شیعییەكان داینەمۆ و گۆڕەپانی سەرەكی خۆپیشاندانەكانن. هەروا بەشی هەرەزۆری خۆپیشاندەران گەنجن، كە ئەمڕۆ 60%ی دانیشتووانی عێراق پێكدێنن، جگە لەمەش خۆپیشاندانەكان ڕێبەرایەتییەكی دیاریكراویان نییە و زۆر جار خۆڕسک و نارێكخراون.

هەرچەندە عادل عەبدولمەهدی لە وتەكانی خۆیدا لە بەرەبەیانی 2019/10/4 ئاماژەی بە سیستەمێكی دەستووری و دیموكراسی كردووە لە عێراقدا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، شێوازی هەڵسوكەوتی حكومەتەكەی ناوبراو لەگەڵ خۆپیشاندەران هیچ جیاوازییەكی لەگەڵ شێوازی دەوڵەتە سەركوتكەرەكاندا نییە و هێزەكانی ئاسایشی عێراق ئەوپەڕی توندوتیژییان بەرامبەر خۆپیشاندەران بەكارهێناوە و تاكوو نووسینی ئەم وتارە (31) كەس لە ماوەی (3) ڕۆژدا كوژراون و پتر لە هەزار كەسیش بریندار بوون و هێڵەكانی ئینتەرنێتیان لە هاووڵاتیان بڕیوە و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانیان فیلتەر كردووە، كە ئەمەش لەگەڵ بنەما دەستووری و دیموكراتییەكاندا یەكناگرێتەوە.

خۆپیشاندانەكانی ئەمڕۆی عێراق، دەكرێ چەندین ڕەهەندی هەبێت و خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ دەكرێت. ڕەهەندی سەرەكی و دیاری ئەم خۆپیشاندانانە نارەزایی قووڵی خەڵكە لە گەندەڵی، نادادپەروەری، نەبوونی خزمەتگوزارییەكان و بێكاری و هتد. ئیدی ئەمڕۆ چەقۆ گەیشتووەتە سەر ئێسكی خەڵک و وەک دەڵێن جامەكە پڕ بووە و لێی دەڕژێت. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێكخراوی نێودەوڵەتی شەفافیەت، عێراق پلەی دوازدەیەمی هەیە لەناو دەوڵەتە گەندەڵەكانی جیهاندا، هەربۆیە بە دەوڵەتێكی شكستخواردوو هەژمار دەكرێت. هۆكارەكانی پشت پەردەی ئەم خۆپیشاندانانە هەرچییەک بن، ناتوانن ئەو ڕاستییە بگۆڕن كە حكومەتی عێراق نەیتوانیوە گەندەڵی بنبڕ بكات و خزمەتگوزارییەكان وەک پێویست پێشكەش بە هاووڵاتیان بكات و دادپەروەری كۆمەڵایەتی وەک ئامانجێكی گرنگی هەر دەسەڵاتێكی سیاسی دەستەبەر بكات.

بەشێكی تر لە چاودێران ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە ململانێی نێوان ئێران و ئەمەریكا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق ڕەنگی داوەتەوە و هەندێ لایەن ئەمەریكا و سعوودیە بەوە تۆمەتبار دەكەن كە لە پشت ئەم خۆپیشاندانەن، بە تایبەت كە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە دروشمی دژەئێرانی بەرز دەكرێتەوە، هەربۆیە ماڵپەڕە ئێرانییەكان بە گومانەوە لەم خۆپیشاندانانە دەڕوانن و ماڵپەڕی دیپلۆماسی ئێرانی بە خۆپیشاندانی گوماناویی عێراق (تقاهرات مشكوك عراق) ناوی دەبات. لە كاتی جەنگی دژی داعش، بەهۆی دۆخی ئاسایشی ناوچەكە و بە تایبەت عێراق، جۆرێک لە هاوكاری یا چاوپۆشی لەلایەن ئێران و ئەمەریكا بەرامبەر بە یەكتر هەبوو، بەڵام لە قۆناغی پۆست داعشدا ئەو هاوكاری و هاوئاهەنگییە كۆتایی هاتووە و هەر لایەنێک هەوڵدەدات زیاترین دەستكەوت لە كێكی عێراق بۆ خۆی بەرێت كە ئەمەش لە كاتی پێكهێنانی حكومەتی نوێی عێراق لە ئۆكتۆبەری 2018 بە ڕوونی هەستی پێكرا. پاش كشانەوەی ئەمەریكا لە ڕێككەوتننامەی ئەتۆمی و سەپاندنی سزا لەسەر ئێران و دروستكردنی بەربەست لەبەردەم هەناردەی نەوتی ئێران، پەیوەندییەكانی هەردوولا بەرەو گرژیی زیاتر ڕۆیشت، ئەمەش بێگومان كاریگەریی لەسەر دۆخی سیاسی- ئاسایشی عێراق دەبێت. بەردەوامیی ئەم دۆخە حكومەتی عێراق دەخاتە ناو هەلومەرجێكی زۆر دژوار كە وا دەكات توانای بڕیاردانی نەمێنێ، چونكە لە هەر حاڵەتێكدا هەر بڕیارێک بدات دەبێتە هۆی لێكگیربوون لەگەڵ لایەنێكی كێشەكە كە ئێران و ئەمەریكان. دەكرێ ئەم خۆپیشاندانانەش كارتی گوشاری یەک لەو لایەنانە بێت دژ بەویتر بۆ چەسپاندنی ئامانج و ئەجێنداكانی خۆی لەسەر حكومەتی عێراق و لایەنی بەرامبەر.

هەروا ڕەهەندێكی تری خۆپیشاندانەكان، ڕەنگە ململانێی ناوخۆیی هێز و لایەنە عێراقییەكان بێت بەرامبەر بە یەكتر. هەروەک دەزانین، هەوڵێک هەیە بۆ لەكارلادانی حكومەتەكەی عادل عەبدولمەهدی و هەندێ كەس و لایەن خواست و ئارەزووی خۆیان بۆ ڕووخاندنی حكومەتەكەی عەبدولمەهدی ناشارنەوە، بێگومان بەردەوامیی خۆپیشاندانەكان دەتوانێ هەلێكی زێڕین بێت بۆ ئەو كەسانەی كە دەیانەوێت ببنە جێگرەوەی ئەو. هەرچەندە ئەگەرێكی دووریش نییە لە ئەنجامی بەردەوامیی خۆپیشاندانەكان و ئاڵۆزتربوونی دۆخی وڵات، عەبدولمەهدی بۆ خۆی واز لە پۆستەكەی بهێنێت، چونكە ناوبراو پێشینەیەكی پۆزەتیڤی هەیە لەم بارەیەوە و پێشتر بۆ خۆی وازی لە پۆستی جێگرایەتی سەرۆككۆمار و وەزارەتی نەوت هێناوە و، لەوانەیە ئامادە نەبێت بە هەر نرخێک لەسەر كورسی دەسەڵات بمێنێتەوە.

هۆكاری ڕاستەقینەی خۆپیشاندانەكان هەرچییەک بن، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕن كە خەڵكی عێراق مافی خۆیانە لە ژیانێكی باشتردا بژین و لەو دۆخە پڕ لە نەهامەتی و كارەساتبارە ڕزگاریان بێت، كە چەندین ساڵە چینێكی دەسەڵاتداری گەندەڵ و بێتوانا بەسەریاندا سەپاندووە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەكانیان دەكەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



هیڤیدار ئەحمەد

# عێراق چاک دەبێتەوە؟

لە 26ی مانگی رابردوو لە هۆتێل بابیلۆن بووین لە شاری بەغدا، لەوێ (ملتقى الرافيدين) هەبوو کە تایبەت بوو بە باسی ئایندەی عێراق و ناونیشانی مولتەقاکەش (العراق يتعافى) بوو، واتە عێراق چاک دەبێتەوە. عەقڵی ئەکادیمی عێراقی و نێودەوڵەتی لەو مولتەقایەدا کۆکرابوونەوە. خەریک بوو بڕوا بەو ناونیشانە بکەم.

## حەشدی شەعبی بۆ چییە؟

جۆن ویلکس، باڵیۆزی بەریتانیا کە لەگەڵ محەممەد غەبان، وەزیری ناوخۆی پێشووی عێراق و بەرپرسی ئێستای ئیدارەی هەموو هێزی حەشدی شەعبی و ئەحمەد ئەسەدی، ئەندامی پەرلەمان و گوتەبێژی حەشدی شەعبی لەسەر یەک ستەیج دانیشتبوون، بەپێکەنینەوە و بە مەبەست گوتی: "هەرچەندە ئێوە (شیعەکان–ئێرانییەکان) ئێمە بە شەیتانی مەزن دەزانن، من لێرەوە رای حکومەتی بەریتانیاتان پێدەڵێم لەسەر حەشدی شەعبی: ئێمە رێزی حەشدی شەعبی دەگرین، بەڵام ئەگەر ئێستا عێراق دەست بکات بە چاکسازی لەرووی سەربازی و ئابوورییەوە، رەنگە بە 15 ساڵی دیکەش لێی دەرنەچن.

پێش قسەی باڵیۆزی بەریتانیا، بەرپرسی ئیدارەی هەموو حەشدی شەعبی گوتی: "بۆ زانیاریتان هێزی حەشدی شەعبی لە 150 هەزار کەس پێکدێت". دوای ئەویش ئەحمەد ئەسەدی گوتی: "هێزی حەشدی شەعبی بەستراوەتەوە بە ئەمنی قەومیی عێراقەوە، دەستبردن بۆ ئەم مەلەفە، دەستبردنە بۆ تەواوی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق!"

باڵیۆزی بەریتانیا گوتی: "ئێمە کار لەگەڵ ئەمری واقیع دەکەین، حەشدی شەعبی هێزێکی سیاسی، ئابووری و سەربازییە".

لێرە دەرکەوت کە ئامانجەکانی پشتەوەی هاتنی داعش چی بوون. ئەو ئامانجانە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە:

یەکەم: لە 2014 کاتێ پێنج فیرقەی سوپای عێراق و پۆلیسی فیدراڵی بە شەو و رۆژێک بەرامبەر 300 چەکداری داعش شکستیان هێنا، بۆ ئەوە بوو بڵێن سوپای دەوڵەت (کە 120 هەزار سەربازی هەبوو) ناتوانێ دەوڵەت بپارێزێ. حەشدی شەعبی دروستکرا و کران بە قارەمانی پاراستنی عێراق، ئێستا لە هەر دانیشتنێکدا لە عێراق دەبێ وەک هێزێکی پیرۆز باسی حەشدی شەعبی بکەی. محەممەد غەبان گوتی: "ئێستا هەیکەلی حەشدی شەعبی زۆر نزیکە لە هەیکەلەی وەزارەتی بەرگری!" واتە زۆر ئاسانە سبەینێ ئەوان شوێنی سوپاش بگرنەوە.

دووەم: ئیرادەی سوننەکانی عێراقی شکاند، کە چیدی هێزێکی دیکە نەبێ لە عێراقدا بەرامبەر هێزی شیعە بوەستێ و هەر هێزێک دژی بەرژەوەندیی شیعە بوەستێ سەرکوتیان دەکەن.

سێیەم: ئەوەی لە عێراق دەسەڵات دەگرێتە دەست، دەبێ بە موبارەکەی حەشدی شەعبی بێ، نەک تەنیا سەرۆکی حکومەت، بگرە سەرۆکی کۆمار و پەرلەمانیش.

چوارەم: ئێران حەشدی شەعبی وەکو کارتی گوشار لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق و دەوروبەری بەکاردەهێنێ.

دەرهێنانی بەغدا لەژێر هەیمەنەی حەشدی شەعبی و ئێران، دەتوانین بڵێین مەحاڵە، چونکە نە دەرفەت و هێزی کودەتا هەیە، نە هێزێکی دەرەکی هێندەی ئێران بەهێز لەنێو عێراقدا هەیە. تەنانەت ئەگەر مەترسییەکە بوو بە راستیش، ئەوە بە فەتوایەکی دیکەی مەرجەعیەتی باڵا، ئایەتوڵڵا سیستانی، چۆن بۆ داعش حەشدی شەعبی دروست کرا، بۆ پاراستنی حوکمی شیعەش لە عێراق فەتوا دەدات.

لە بودجەی 2019ی عێراقدا 10 ملیار دۆلار تەنیا لە کەرتی ئەمنی و هێزی حەشدی شەعبیدا خەرج کراوە. ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق لە شاری نەجەف بە منی گوت: "لە 2020 بودجەی ئەمنی و هێزی سەربازی و حەشدی شەعبی زۆر لەوەی 2019 زیاترە!"

لە رۆژی سێیەمی مولتەقاکە، من و سەعد بن تفلە ئەلعەجەمی، وەزیری پێشووی راگەیاندنی کوەیت لە تەنیشت یەکدی دانیشتبوون، باس باسی گەندەڵی بوو لە عێراق، منیش پێمگوت: "ترستان نییە جارێکی دیکە عێراق کوەیت داگیر بکاتەوە؟ گوتی بۆ؟ گوتم، ئێ ئەو هەموو ملیار دۆلارانەی عێراق بەشی ئەم هەموو گرووپانە ناکەن، رەنگە بیر لە ئێوە بکەنەوە و بڵێن پارەی زۆریان هەیە و دیسان کوەیت لەلایەن عێراقەوە داگیر بکرێ". وەزیرەکە هەندێک تەماشای منی کرد و گوتی وەڵڵا مەعقولە و هەموو کاتێ ئەو ترسەمان هەیە.

لە دەرەوەی هۆتێلەکە چ باس بوو؟

شارەزاییی باشم هەیە لە ناوچەکانی بەغدا چونکە نزیکەی دوو ساڵ لەو شارە ژیاوم. بەنێو شاردا گەڕاین، ناوچەی کەڕادە، پێشتر یەکێک بوو لە ناوچە جوانەکانی بەغدا، ئێستا جگە لە لافیتەی رەش بۆ حوسەین هیچی دیکە نابینی، تەنانەت یەک مزگەوتی تێدا نەماوە و هەموو بوونەتە حوسەینییە و هەرچی سوننەیە ئەوێیان چۆڵ کردووە. دەچیتە نێو کۆڵانەکانی هەر ناوچەیەکی بەغدا جگە لە زبڵ و خاشاک و پیسی هیچ نابینی.

خەڵک لەوێ خۆپیشاندان دەکەن و دەڕژێنە سەر شەقامەکان، لەبەر ئەوەی بێکاری گەیشتووەتە سەرووی 70%، دەرچووانی زانکۆ و بێکارەکان ئەو بۆمبە تەوقیتکراوەن کە بە حکومەتدا دەتەقێن، دەڵێن گەندەڵی رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێ، سیاسییەکانی ئێمە هیچ چارەسەریان پێ نییە و جگە لە دابەشکردنی پشک لە نێوان خۆیان ئاگایان لە میللەت نەماوە.

دوای 16 ساڵ لە نەمانی رژێمی سەددام حوسەین، پرۆژەیەکی نوێ لە بەغدا نابینی، هێشتا بەغدای ساڵی 2003 یە. لەنێوان بودجەی 2018 بۆ 2019 تەنیا بۆ مووچە 16% زیاد کراوە، عێراق لە داهاتی فیعلیی خۆی 51%ی دەداتە مووچە کە دەکاتە نزیکەی 37 ملیار دۆلار.

70%ی بودجەی عێراق کە بۆ پرۆژە دادەنرێ خەرج نابێت، کەسیش ناڵێ ئەو پارەیە بۆ کوێ دەڕوات؟

عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە گوتارەکەیدا بۆ خۆپیشاندەرانی عێراق کە لە نیوەی شەوی 3/10/2019 بڵاوکرایەوە، گوتی مووچە بۆ هەر ماڵێکی هەژاری عێراقی دابین دەکەین. ژمارەی ئەو ماڵە هەژارانەی لە عێراق هەن ملیۆنێک و 250 هەزار خێزانن. بە گوێرەی ئامارە فەرمییەکانیش هەموو ساڵێ نزیکەی یەک ملیۆن کەس لە عێراق لەدایک دەبن!

پارە دەدرێتە مووچە و مووچەش هەمووی دەڕواتە دەرەوە، بیر لە ئاوەدانیی عێراق ناکرێتەوە، نە شەقام و رێگاوبان، نە نەخۆشخانە و خوێندنگا و پرۆژەی ستراتیژی، تەنیا مووچە و مووچە. ئەگەر هەموو خەڵکی عێراق مووچە وەربگرن و پرۆژەی خزمەتگوزاری پێشکەش نەکرێ، خۆپیشاندان بەردەوام دەبن، عێراق هەمیشە وڵاتێکی ناجێگیر دەبێ و لە ئایندەیەکی نزیکدا (تعافى) نابینێ.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ئاوی ئێرانی بۆ ئاگری عێراقی

ئێستا کە ئەم دێڕانە دەنووسم، خۆم ئامادە دەکەم بۆئەوەی بۆ بەرنامە نوێیەکەم بچمە هۆنگ کۆنگ. رەنگە کاتێک ئەم گۆشەیە دەخوێنیتەوە، لەنێو یەکێک لە خۆپیشاندانەکانی ئەو شارەدا قسە لەگەڵ خۆپیشاندەران بکەم و لەپڕ گازێکی فرمێسکرێژ ناچارمان بکات پەرتەوازە بین. رەنگیشە لەپشت قەڵغانێکی مرۆیی پۆلیسەوە قسە لەگەڵ شێفێکی پۆلیس بکەم و کۆکتێل مۆلۆتۆڤێکی خۆپیشاندەران قسەکانمان پێ ببڕێت. هەرچەندە ماوەیەکی درێژە هۆنگ کۆنگ دەکوڵێ، بەڵام ئەم هەفتەیە خۆپیشاندانەکانی عێراق و ئەو توندوتیژییەی لێیکەوتووەتەوە سەرنجی دنیای لەسەر هۆنگ کۆنگ لابردووە. وەک بڵێی ئەوانەی روودەدەن شۆو بن و جیهان حەزی زۆرتر لەوەیان بێت کە ئەکشنی زۆرتری تێدایە!

بەڵام ئەگەر وابێ و خۆپیشاندانەکان شۆو بن، کامیان باشترە: خۆپیشاندان یان خۆپیشاننەدان؟

سەیری مێژووی نزیک بکەن. کام خۆپیشاندانانە دۆخەکەیان لەوەی کە هەیە خراپتر نەکردووە؟ لە میسر گۆڕەپانی تەحریر دیکتاتۆر و عەسکەرێکی گۆڕی و یەکێکی دیکەی لەجێگە دانا. لە سوودان دیکتاتۆرێک رۆیشت و هێشتا گەرەنتی نییە کە عەسکەر دەسەڵات رادەستی خەڵکی مەدەنی بکەن. خۆپیشاندانی پارێزگا سوننەنشینەکانی عێراق داعشی لێ وەبەرهەم هات و دواییش شار بە شار خاپوورکران و خەڵکەکەی هەڵوەدا بوون. جووڵانەوەی سەوز لە ئێران بە ئاگر و ئاسن وەڵامیدرایەوە و خۆپیشاندانە پڕ توندوتیژییەکانی مانگەکانی رابردووش لە ئێران دیسان سەرکوتکران و دۆخەکەیان پێ نەگۆڕدرا. دەتوانین وا دووریش نەڕۆین و سەیری دۆخی سلێمانی بکەین لەپاش خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرا. شار لەوەی هەبوو فرەکوێختر بوو، لەچاو هەولێر زۆریش دواکەوت.

کەواتە خۆپیشاننەدان چاکترە؟ بێگومان نا. هۆیەکەشی روونە: هیچ رێگەیەکی ناتوندوتیژانەتر و کاریگەرتر لە خۆپیشاندان نییە بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕەزایی و راچڵەکاندنی حوکمڕانان. لە نموونەی هۆنگ کۆنگدا ئەوە خۆپیشاندانەکانن کە وادەکەن شارەکە وردە وردە و بەبێ بەرهەڵستی نەگۆڕدرێ بۆ شارێکی ئاسایی چینی. بەڵام دوو شت هەن کە لە جیهانی نوێدا وادەکەن خۆپیشاندان بێئەنجام بن: یەکەم، هەوڵدان بۆ رووخاندنی دەستبەجێی رژێمی وڵاتێک و دووەمیش پەنابردن بۆ توندوتیژی و ناچارکردنی دەوڵەت بۆئەوەی بە ئاگر و ئاسن وەڵامبداتەوە. لەو دوو حاڵەتەدا شانسی سەرکەوتنی خۆپیشاندانەکان زۆر کەمدەبێتەوە.

لە کەیسی عێراقدا دەستخەت و ستایلی ئێرانی بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان بەئاسانی دەناسرێتەوە. لە رۆژانی رابردووشدا کۆماری ئیسلامیی ئێران کارتی قاسم سولەیمانیی بۆ هێورترکردنەوەی شەقام و بەرگەگرتنی زیاتری گوشارە خنکێنەرە ئابوورییەکانی ئەمریکا بەکارهێنا. لە یەکەمین هەڤپەیڤینیدا، سولەیمانی چیرۆکی ئەوەی بۆ ئێرانییەکان گێڕایەوە کە چۆن لە دۆخی زۆر سەختتر لەمڕۆدا بە حیکمەتی خامنەیی بەسەر ئەو دوژمنەدا سەرکەوتوون کە شیعەی دنیای کردووەتە ئامانج. ئەو، کە لەنێو ئێران وێنەی قارەمانێکی نەترس و ئەفسانەیی هەیە و لە دنیاشدا دوژمنی زۆرن، گێڕایەوە کە چۆن نائومێد بووە و خامنەیی بە قسەیەک ئومێدی بۆ گەڕاندووەتەوە. یەکسەر دوای ئەوەش هەواڵی دەستگیرکردنی تاقمێک بڵاوکرایەوە کە هەوڵیانداوە بە پیلانی "ئیسرائیلی داگیرکەری قودسی موسڵمانان" سولەیمانیی "رزگارکەری موسڵمانان" تیرۆر بکەن. بۆیە پێدەچێ ئێران لە دۆمینۆ ئێفێکتی خۆپیشاندانەکانی عێراق بترسێ، بۆیەش بیەوێ بەرلەوەی پشکۆکە بکەوێتە نێو ماڵەکەیەوە، هەر لە ئاگردانە عێراقییەکەدا ئاوێکی پێدا بکات.



هۆگر ئیبراهیم حەکیم*

# عێراقییەکان کەرکووک بەرەو کوێ دەبەن؟

نزیکەی سەد ساڵە یەکێک لە کێشە بەردەوامەکانی عێراق پرسی بەڕێوەبردنی کەرکووکە، بەشێوەیەک کە سەرەڕای گۆڕانکاری لەسەر ئاستی دەسەڵاتداری دەوڵەت، کەچی ئەوەی لە کەرکووک گۆڕاوە تەنیا قووڵبوونەوەی زیاتری کێشەکەیە. ئەگەر بەدوای هۆکار و ئەکتەرە دیار و نادیارەکانی کێشەی کەرکووکدا بگەڕێین، تێدەگەین کە هەموو لایەک بە ئەندازەی خۆیان کەرکووکیان زیاتر لە هەڵدێر نزیک کردووەتەوە. بە ڕوانین لە ستراکچەری کەرکووک دەردەکەوێت شارێکی فرە پێکهاتە و نەتەوەیە، ئەو پێکهاتانەش بەشێوەیەک لە شێوەکان لینکیان هەیە لەگەڵ ئەو وڵاتە ئیقلیمیانەی لە ململانێی بەردەوامدان، بۆیە زۆر جار کەرکووک بووەتە خاڵی پێکدادانی ئەو ململانێیانە. سەرەڕای ئەوانە گرنگە پرسیاری ئەوە بکەین ئایا عێراقییەکان بە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانیانەوە، کەرکووکیان لە کوێوە هێناوە و بەرەو چ ئاقارێکی دەبەن؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویستی بە ڕامانە لە دیدگا و پرۆژە نەتەوەییەکانی هەر یەکێک لەو پێکهاتە جیاوازانە، بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە بگەینە گۆشەیەک کە ئایندەی کەرکووکمان لێ دیار بێت.

ئاشکرایە کە کەرکووک دەکرا ببێتە جوانترین نموونە بۆ پێکەوەژیانی نەتەوەیی لەسەر ئاستی ناوچەکە، بەڵام مێژووی سەد ساڵەی ئەو ناوە پێچەوانەی کولتووری پێکەوەژیانی سەلماندووە، هەموو ئەوانەی لە قۆناغە جیاوازەکان حوکمداری ئەو شارە بوونە، جگە لە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانیان، تەنیا خەریکی پڕکردنی باخەڵی دەستەیەکی کەم لە بەرژەوەندخوازان بوونە. لە عێراقی سەردەمی مەلەکی و دواتر عێراقی سەردەمی بەعسییەکان، کەرکووک لە دەرفەتی بوون بە نموونەی پێکەوەژیانەوە بووە نموونەیەک بۆ حوکمی کەمینەیەکی زۆردار. سوننەکان لە ماوەی رابردوو ژێرخانێکی نادروستیان دروست کرد، بەشێوەیەک کە دەرفەتەکانی پێکەوەژیان زۆر کەم ببێتەوە و هیچ گۆڕانکارییەکیش نەتوانێ ئەو دۆخە راست بکاتەوە. یەکێک لە دوژمنە سەرسەختەکانی پێکەوەژیان کولتووری رق و کینەی نەتەوەییە، ئەم کولتوورەش لە هەموو قۆناغەکاندا لە گەشەی بەردەوامدا بووە.

لە عێراقی دوای بەعس و قۆناغی فیدراڵیەت، گەورەترین ستەم لە پێکەوەژیان کرابێ لە کەرکووک ماددەی 140 بووە، بەوەی کولتووری رق و کینەی بردە قۆناغێکی سیستماتیک و دەستوورییەوە. ئەو رێکارانەی بۆ راستکردنەوەی دۆخی کەرکووک لە دەستووردا ئاماژەیان بۆ کراوە، پێویستی بە حکومەتێکی دیموکرات و دامەزراوەییە، کە ئەم شێوازە لە حکومەت نامۆیە بە کولتووری حوکمڕانی لە عێراق. هەر پێکهاتەیەک لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی، کۆمەڵێک ستراتیژی نادروستی گرتووەتە بەر کە کۆی پرۆسەی پێکەوەژیانی خستووەتە ژێر هەڕەشەی لەناوچوونەوە. بۆ نموونە کاتێک لە سەرەتای پرۆسەی ئازادیی عێراق هێزە کوردییەکان گەڕانەوە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، لەبری ئەوەی کار لەسەر راستکردنەوەی دیمۆگرافیە تێکچووەکەی کەرکووک بکەن، لەڕێگەی بەرنامە حزبیە تەسکەکانەوە ئەوەندەی تر دیمۆگرافیای کۆی ناوچەکەیان ناڕوونتر کرد، لەبەرامبەردا پێکهاتەی عەرەبی و تورکمانی کولتووری رق و تۆڵەیان کردە رێگەیەک بۆ دەربازبوون لە هەژموونی کورد. لە ئەنجامدا پێکهاتەکانی دیکە بۆ دەربازبوون لەم دۆخە هێزەکانی ناوچەکەیان هێنایە ناو کێشەی کەرکووک، ئەو هێزانەش لەژێر پەردەی بەرگری لە پێکهاتە نزیکەکان لە خۆیان، کۆمەڵێک ئەجێندای دیکەیان جێبەجێ کرد کە ئایندەی کەرکووکیان ئەوەندەی دیکە بەرەو ناڕوونی برد. عێراقییەکان و پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووک، لە دەرئەنجامی تەماحی خۆیان، کەرکووکیان راکێشایە گەمەیەکی هەرێمیی ئەوەندە ئاڵۆزەوە کە نە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و نە شازدەی ئۆکتۆبەری عێراقچییەکان نەیتوانی دۆخی لاری کەرکووک راست بکەنەوە. ئێستا حوکمڕانی عەسکەری و شۆڤینیی عەرەبی و گڵۆپی سەوزی تورکمانەکان و پەرتەوازەیی نێو لایەنە کوردییەکان، ئەوەندەی دیکە کێشەی کەرکووکی ئاڵۆز کردووە.

ئێستا کە پارێزگاکانی عێراق جگە لە هەرێمی کوردستان دەچنە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و دیاریکردنی حکومەتی خۆجێیی، جارێکی دیکە پرسیاری کەرکووک زیندووترین بابەتی گفتوگۆ دەبێت. گەر لە جووڵە و بەرنامەی هەر یەکێک لە پێکهاتەکان بڕوانین، تێدەگەین کە قۆناغی داهاتوو بۆ کەرکووک قۆناغێکی ئەستەم و پڕ کێشە دەبێت، بەوەی هەر یەکێک لە پێکهاتەکان هەڵەکانی خۆی زانیوە و بە رێکخستنێکی بەهێزترەوە دەچنە نێو پرۆسەکەوە. کەواتە قۆناغی داهاتووی کەرکووک قۆناغی پێکدادانی سیستماتیکی پێکهاتەکان دەبێت، بەوەی کورد و تورکمان و عەرەب بە رێکخستنەوەی ناو ماڵی خۆیان و پەیداکردنی پشتگیریی هەرێمی و نێودەوڵەتی، گرەوی بەدەستهێنانی ستراتیژیترین پارێزگای عێراق دەکەن.

کاتێک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەموار کرایەوە، بەشێک لە فراکسیۆنە پەرلەمانییەکان ناڕەزاییان دەربڕی لەوەی هەموارە نوێیەکە خزمەتی لیستە بچووک و پێکهاتە کەمینەکان ناکات، بەڵام دوای ئەوەی هەموو لایەنە جیاوازەکانی نێو پێکهاتەکان رێککەوتن، هەموو بەو هەموارە رازی بوون، ئەمەش نیشانەیەکی مەترسیدارە لەسەر تەندروستیی پرۆسەی هەڵبژاردن. گەڕی ئەمجارەی کێبڕکێکان، ململانێیەکی توندە لەنێوان چەند لیستێکی گەورە کە هەموویان ئەگەری بردنەوەیان هەیە، هەمووشیان هێزی سەربازی و میلیشیایان هەیە، بۆیە هیچ یەکێک لە لیستە گەورەکان بە دۆڕان و کورسیی کەم رازی نابن، سەرئەنجام کەرکووک دەخەنەوە بەر رەحمی رێککەوتنی هەرێمایەتی، بەشێوەیەک کە دووبارە کەرکووکییەکان هیچ رۆڵێکیان نابێت لە رەنگڕێژکردنی داهاتوویان. ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت، لە سیناریۆی نزیکیی دەنگەکان لە یەک، کەرکووک بەرەو خراپترین جۆری لامەرکەزی دەچێت، ئەویش لامەرکەزیەتی شۆڤینییە کە جگە لەوەی ئایندەی پێکەوەژیان دەخاتە ژێر مەترسییەوە، لە هەمان کاتدا لەڕووی بەڕێوەبردنیشەوە پارێزگاکە دەکاتە پارێزگایەکی لێکهەڵوەشاوەی پەرتەوازە. لە حاڵەتی چوون بەرەو لامەرکەزیی شۆڤینی پێکهاتەکان، ئەوەی زەرەرمەندە خەڵکی ناوچەکەیە، سەرەڕای ئەوەی کێشە نێوخۆییەکانی عێراق چەند قات دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا پرسە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دەگەیێنێتە بنبەست. لەسەر ئەو بنەمایە، لێدوانی نوێ لە کۆمەڵێک سەرکردە دەبینین کە مژدەی گۆڕانکاریی گەورە لە کەرکووک دەدەن، بێئاگا لەوەی گۆڕانکاریی گەورە لە پرسە ئاڵۆزەکانی وەک کەرکووک، بە واتای تێکدانی یەکجارەکیی دۆخەکەیە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

RÛDAW

# ئەیمەن زێدان:
# چاوم لە خەڵاتی سنەوبەری زێڕین نییە

10




خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0751 811 00 04 – 0750 486 34 12 | rudaw@rudaw.net









